دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٢٢، پێنجشەممە ١٥ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، ٥ی مەی ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com



## پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار

ڕۆژی کرێکار پیرۆز

ڕۆژی جیهانیی کرێکار لە هەموو کرێکاران و بەتایبەت کرێکاران و ستەملێکراوەکانی کورد پیرۆز بێت. دەسەڵاتی ستەمکار و چەوسێنەری کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتە گەندەڵ و سەرەڕۆیانەکانی هەم وڵاتی لە تەنگانە و تەریکبوونەوە خستووە و هەم هەموو سامانی وڵاتی بەفیڕۆ داوە و ژیانی تاڵی کرێکاریی لە ئێران و کوردستان تاڵتر کردووە و سامانی کوردستانیش بە ڕاشکاوی دەدزێت و بەتاڵانی دەبات. هیوای نەمانی ئەم ڕێژیمە ستەمکارە و دابینبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هیوایەکی ڕوو لە گەشەیە کە خەباتی هەموو چین و توێژەکان زیاتر پێکەوە گرێ دەدات. پتەو بێت هاوپێوەندیی خەباتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و هاوکاریی هەموو نەتەوەکان لە ئێران. ڕۆژی کرێکار لە کرێکاران و چینی زەحمەتکێش پیرۆز بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری



کوردستان یەک هێزی پێشمەرگەی دەوێ
٤



تەڵەی پێداویستییە ژینەکییەکان
٦




پانۆرامای ڕووداوە گرینگەکانی ساڵی ١٤٠٠
٨



دیمانەی کوردستان
١٠

# قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە




ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١١ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و ئێران، مامۆستایانی قوتابخانەکان بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لەهەمبەر دۆخی شپرزی بژێوی ژیانیان و هەروەها هەلومەرجی داسەپاو بەسەر قوتابخانەکان بەگشتی هاتنە سەر شەقامەکان و لە بەردەم بینای قوتابخانەکانی شارەکانیان یان لە بەردەم ئیدارەی بەناو بارهێنانی ئەو شارانە کۆبوونەوە و وێڕای دانی درووشمی مافویستانە دژی زوڵم و زۆرییەکانی ڕێژیم وەستانەوە و نموونەیەکی جوانی دیکەیان لە خەباتی شار پیشان دا کە دەکرێ وەک خاڵی وەرچەرخان لە نێو بزووتنەوەی ڕەوای مافخوازانە و ئازادیخوازانە سەیر بکرێت.

مامۆستایانی قوتابخانەکان داوای مافەکانی خۆیان دەکەن کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لێیان زەوت کراوە؛ مافەکانی وەک چارەسەرکردنی دۆخی شپرزەی پەروەردە، نەهێشتنی سیستمی بەپوڵیکردنی خوێندن، پێشگرتن لە خوێندن بە زمانی دایکیی نەتەوەکانی ئێران و دەیان دیاردەی دزێوی دیکە کە لە سیستمی پەروەردەی ئێراندا و بەشێوەی بەرنامەبۆدانراو ڕەگی داکوتاوە؛ کەواتە داواکاری مامۆستایان تەنیا هەندێ خواست نییە کە تەنیا خودی مامۆستایانی لێ بەهرەمەند بێت بەڵکوو جێبەجێبوونی داواکارییەکانیان شوێندانەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوشی قوتابییەکان و بنەماڵەکانیان دەبێ و بەم شێوەیەش دەتوانین بڵێین ئەوەیکە ئەمڕۆ مامۆستایان لەسەر شەقامەکان داوای دەکەن، ویست و داخوازی زۆرینەیەکی ڕەها لە خەڵکانی ئێرانە.

مامۆستایانی قوتابخانەکان لەو نارەزایەتییەدا کۆمەڵێک درووشمیان وتووەتەوە کە بەشێکیان بریتین لە: «مامۆستای زیندانی دەبێ ئازاد بکرێت»، «هاوار هاوار لەو هەموو زوڵم و زۆرییە»، «مامۆستا هاوار بکە و داوای مافی خۆت بکە».

بێگومان مامۆستایەتی یەکێک لە پیرۆزترین، گرینگترین و هەستیارترین پیشەکانە لە هەموو جیهاندا. مامۆستایان خاوەنی پەیامێکی گەورە و پیرۆز و چارەنووسسازن، ئەوان بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبوردن و ماندووبوونەوە خزمەت دەکەن، بە بێ ئەوەی کە چاوەڕوانی سپاس و هیچ پاداشتێک بن، نەوە لە دوای نەوە پێدەگەیەنن. ئەوە مامۆستایانن کە بەردی بناغە و کۆڵەکەکانی شارستانییەت و پێشکەوتن و داهێنان و گۆڕانکاری دادەنێن. مامۆستایان ڕابەر و چرای گەشی ڕووناککردنەوەی شەوەزەنگی تارن. ئەوان مۆمئاسا دەسووتێن و دەتوێنەوە، بۆ ئەوەیکە ڕێی سەرکەوتن و پێشکەوتن و داهاتوو بۆ ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەیان ڕووناک بکەنەوە. مامۆستایان ڕۆڵێکی گرینگ و کارتێکەریان لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا و هەروەها لە بونیاتنانی کەسایەتیی درووستی تاکدا هەیە و گەر گەلان شانازی بە زانا و دانا و بیرمەند و بلیمەت و داهێنەرەکانیانەوە بکەن، دەبێ ئەوە بزانن، کە هەموو ئەم هەڵکەوتووانە لە پێشدا قوتابی مامۆستایەک بوونە.

مامۆستایان یەکێک لە گرینگترین توێژەکانی بونیاتنەری کۆمەڵگایەکی تەندرووست و پێشکەوتوون. لەڕاستیدا گرینگیدان بەم توێژە، گرینگیدان بە مرۆڤایەتییە. بەڵام بەداخەوە وەک دەبینین کەرتی پەروەردە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا یەک لەو کەرتانەیە کە بە تەواوەتی پشتگوێ خراوە و کراوەتە قوربانی بۆ زێدەخوازییەکانی ڕێژیمی زاڵ؛ قوربانی لە جۆری نەبوونی جۆرەکانی ئیمکانات و شوێنی گونجاو بۆ خوێندن و ئەو گوشارانەی کە دەخرێتە سەر مامۆستاکان کە دەکرێ بەکورتی لەم چەند خاڵەدا پۆلێن بکرێن:

١. قەدەغەبوونی خوێندن بە زمانی دایکی بۆ نەتەوە غەیرە فارسەکان
٢. نەبوونی شوێنی گونجاو و ستاندارد بۆ خوێندن
٣. تەرخان نەکردنی بوودجەی پێویست بۆ قوتابخانەکان
٥. نەبوون و وەلانانی بەڕێوەبەران و پسپۆڕانی زانستی لە نێو قوتابخانەکان و لەباتی ئەوان دانانی کەسانی ملکەچ و سەر بە دەزگای ویلایەت
٦. قۆرغکردنی پۆستە باڵاکانی مودیرییەت لە قوتابخانەکان بەدەستی کەسانی ناشارەزا و گوێ لە مست
٧. سەپاندنی کلێشەی جنسییەتی و بیری ئیدئۆلۆژیک بە سەر قوتابییاندا
٨. دواخستن یان تەنانەت نەدانی مووچەی مامۆستایان

و بە دەیان نموونەی دیکە کە زۆربەی کات ئەم کێشانە وازهێنانی قوتابییان لە خوێندنیان بەدواوە بووە کە ئەمە دەتوانێ زیانێکی گەورە بە داهاتووی ئەو منداڵانە و هەروەها کۆمەڵگا بگەیێنێت.

لە کەرتی پەروەردەدا نەتەنیا هیچ بایەخێک بە بەشی پەروەردە نادرێت، بەڵکوو شوێنی مامۆستایان و بە گشتی خەمخۆرانی بواری پەروەردە بووەتە کونجی بەندیخانە و ساڵ نییە دەیان کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە شارەکانی ئێران و بە تایبەت کوردستان لە لایەن مامۆستایانەوە بە مەبەستی داخوازییە سینفییەکانیان ڕێک نەخرێت و بە دەیان مامۆستا دەسبەسەر و زیندانی نەکرێن کە نموونەی هەرە زیندووی مانگرتنەکانی حەوتووی ڕابردووە کە لە ئەنجامدا دەیان مامۆستای خەمخۆر دەسبەسەر یان بانگهێشت و هەڕەشەیان لێکرا کە ناوەکانیان بەم چەشنەیە:

ئەسکەندەر لوتفی و مەسعوود نیکخا لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان ـ مەریوان کە لە کاتی دەسبەسەرکردنەوە تا ئێستە دەستیان داوەتە مانگرتن.

سەلاح سورخی ئەندامی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان (سەقز و زیویە) کە وێڕای دەسبەسەرداگرتنی هەندێ کەلوپەلی شەخسی دواتر و تا کاتی دادگاییەکەی بەشێوەی کاتی و بە دانانی وەسیقە ئازاد کرا.

بانگهێشتی «غوڵامڕەزا شەریفە» مامۆستای خانەنشینکراو و لە چالاکانی فەرهەنگیی سنە، لەلایەن ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە

بانگهێشتی ژمارەیەک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری بانە لەلایەن عەلیڕەزا موەحدی بەرپرسی حەراسەتی ئیدارەی بەناو بارهێنانی ئەم شارە و هەڕەشە و لێپرسینەوە کردن لێیان.

ئەمە جیا لە ڕەوانەکردنی دۆسیەی ٩ چالاکی سێنفیی مامۆستایان بۆ دادسەرای گشتی و ئینقلابی سەقز بەناوەکانی «ئاوات ڕەزەوی، لەیلا عینایەتزادە، تاهیر حامیدی، تاهیر قادرزادە، ئامانج ئەمینی، عەزیز مەرزی، ئەحمەد قادری، خالید عەبدوڵڵاهی و سلێمان عەبدی».

ئەم دۆخە داسەپاو و نەخوازراوە وەهای کردووە کە هەنووکە مامۆستایان وەک چاوەڕوانییان لێ دەکرا بەشانازییەوە بەشداری مانگرتنەکان دەبن و هیچ ترسێکیان لە ئەگەری گیران و بەندکران نییە چونکە وەک خۆیان دەڵێن: «قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە.»

## پەیڤ

## بێ نان و ئازادی

کەریم پەرویزی

لەم ڕۆژانەدا دەسەڵاتی پڕ لە داد و خۆشبژێوی و خێر و بەرەکەت لە ئێرانی وێراندا، ڕایگەیاند کە چیدی یارمەتیی حکوومەتی بۆ ئارد و نان نامێنێ و نرخی ئارد و نان لە بازاڕدا ئازاد دەبێ.

ئەم بڕیارەی ڕێژیم لە یەك شەودا نرخی ئارد و نان و شیرینی و کەیك و ماکارۆنی و بەکورتی هەرچی پێوەندیی بە ئاردەوە هەبێ سێ بەرابەرەوە کردەوە و ئەو کەسەی ڕۆژی دووشەممە بۆ خواردنی ژەمێك ماکارۆنی گەر بیست هەزار تمەنی خەرج دەبوو، ڕۆژی سێشەممە دەبوو شەست هەزار تمەن خەرج بکا! یانی لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا نرخی نانخواردن ٣٠٠ لە سەد گران بوو! حەوتوویەك پێشتر لە سنووری نەوسوود لە کوردستان، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی جەمارانی کۆلۆنیالیست، دەسڕێژی هەڕەمەکییان کردە نێو گرووپێك کۆڵبەردا و چەندین کەسیان لێ کوشتن و بریندار کردن و دەیان بنەماڵەیان داخدار کرد؛ بنەماڵەگەلێك کە تا ئەو ڕۆژە بۆ ژەمێك ماکارۆنی پارەی بیست هەزار تمەنەکەشیان نەبوو، حەوتووی دواتر کاتێك ماکارۆنی و نان ٣٠٠ ٪ گران بووە، نانهێنەری ماڵەکەشیان نەماوە تا بەشی یەك لەسێی ژەمەکەیان بۆ پەیدا بکا! هەر حەوتوویەك پێش لەو دەسڕێژە، لە زانستگای عیلم و سەنعەتی تاران کە کۆنترین دانشسەرای ئێرانە و دواتر بوو بە زانستگا و ڕۆڵەی خەڵك گوایە دەبێ فێری زانستی ئەمڕۆیی بکرێ، هێزەکانی حەراسەت ڕێگایان بە خوێندکاران نەدا بچنە زانکۆ چوونکە هەندێ لە پێستی دەستیان و قژیان دیار بوو! ئەمانە چکۆلەترین نموونەی ئەو سیاسەتە گەندەڵ و وێرانکەرانەی ڕێژیمی خومەینی و خامنەیین کە دروشمیان دەدا خەڵکی ئێران بە مەقامی ئینسانی دەگەیەنن! بەڵام نەك بە مەقامی ئینسانییان نەگەیاند، ئەو مەقامەش کە ڕەنگە تۆزێکیان لە دەورانی پاڵەوی بۆ مابوویەوە، هێنایانە دەیان پلە خوارتر.

سیستمە سیاسییەکان لە جیهاندا دوو ئیدیعایان هەیە، هەندێکیان هەن کە ئیدیعا دەکەن کە ئازادیی تاك و مرۆڤەکانیان بەلاوە گرینگترە و یاسایان لەسەر ئەساسی ئازادیی مرۆڤ دادەڕێژن، ئیدی ئەو مرۆڤە دەبێ بە ئازادی بەڵام لەسەر شانی خۆی ژیانی خۆی بەڕێوە ببا، هی واش هەیە کە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە دەیانهەوێ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دابین بکرێ و دەڵێن مرۆڤێك نانی هەبوو ئازادییشی وەدەست دێ.

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزان، پەیامێکی بڵاو کردەوە



جەژنتان پیرۆز بێت

هاتنی جەژنی ڕەمەزان لە هەموو بڕواداران و بەتایبەت بڕوادارانی کورد پیرۆز بێت. لەم دۆخە ئاڵۆزە سیاسییەی ناوچە و لە قەیرانە قووڵەکانی ئێراندا کە ڕێژیمی حاکم پێکهێنەر و هۆکاریانە، هیواداریـن کە جەژن ببێتە هۆی خێر و خۆشی بۆ خەڵک، چوونکە ئەم ڕێژیمە ستەمکارە هیچ هۆکارێکی بۆ خۆشی و شادیی خەڵک نەهێشتووەتەوە.

دووبارە جەژنتان پیرۆز و ژیانتان پڕ بێت لە هیوای کۆتاییهاتنی کاتە تەنگانەکان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان بەبۆنەی یەکی مانگی مەی، ڕۆژی جیهانیی کرێکار

هاونیشتمانییانی بەڕێز!

کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان!

سەرەتا لەلایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی خۆمان لە هەموو کرێکارانی کوردستان، ئێران و جیهان دەکەین، وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان بەئاوات دەخوازین و خۆمان بە پشتیوانی مافە ڕەواکانیان دەزانین.

یەکی مانگی مەی ئەمساڵ ١٦٦ ساڵ بەسەر داواکاری و خۆپیشاندانی کرێکارانی وڵاتی ئوسترالیادا تێدەپەڕێت، لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا کرێکاران لە سەرانسەری جیهان بە دوای دەستەبەرکردنی مافەکانیانن کە بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆیان لە بەشێک لە وڵاتان بە بەشێک لە مافەکانیان گەیشتوون و لە زۆر وڵاتیشدا هەر لەژێر نێوی چەوسانەوە و ناعەدالەتیدان. یەکی مانگی مەی لە زۆر لە وڵاتانی جیهان پشووی ڕەسمییە و لەلایەن کرێکاران و حیزب و ڕێکخراوەکانی پشتیوان و بەرگریکاری مافی کرێکارانەوە خۆپیشاندان وەڕێ دەخرێت و لە هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانی کرێکاراندان. هەشت کاتژمێر کار لە ڕۆژێکدا، زیادکردنی هەقدەست و پاراستنی ئەمنییەتی کاریی کرێکاران ئەو دروشم و داواکارییانەن کە هەموو ساڵێک بە گوێی دەسەڵاتداران و خاوەنکاراندا دەدرێن.

لەم ماوە دوورودرێژەدا کە کرێکارانی جیهان داوای مافە ڕەواکانیان دەکەن لە زۆر لە وڵاتان بەشێکی مافەکانیان دەستەبەر کراوە و لایەنە پێوەندیدارەکان ڕێز لە ڕەنج و زەحمەتی کرێکاران دەگرن و پشتیوانیی خۆیان بۆ مافەکانیان دووپات دەکەنەوە، بەڵام تا ئێستاش وەک پێویست مافەکانیان دابین نەکراون.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لەگەڵ ئەوەی کە بەپێی یاسا ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی کرێکار دانی پێدا نراوە، بەڵام پشووی ڕەسمی ڕاناگەیەندرێت و لەلایەن حکوومەتەوە هیچ جۆرە ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە کرێکاران ڕێک ناخرێت. لە ئێران نەک هەر مافەکانی کرێکاران پێشێل دەکرێن بەڵکوو ساڵانە ڕادەی بێکاری دەچێتە سەر، کرێکاران لەسەر داواکردنی ماف و ویستە ڕەواکانیان دەخرێنە بەندیخانە و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن. بەهۆی سیاسەتە هەڵە و ناپەسەندەکانی کۆماری ئیسلامی و تەریککەوتنەوەی لە دنیای دەرەوە و سەپاندنی گەمارۆکان بەسەر ئەم وڵاتەدا ڕۆژ بە ڕۆژ بە ژمارەی بێکارانەوە زیاد دەبێت و وێڕای بێکاری و بێکارکردنی کرێکاران، چوونە سەرەوەی نرخی خواردەمەنی و کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیان بووەتە یەکێکی تر لە نەهامەتییەکانی کرێکاران.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی کە دوو حکوومەتی پاشایەتی و ئیسلامی گرینگییان بەو ناوچەیە نەداوە، ئەم ناوچەیە هەردەم بە چاوی ئەمنییەتییەوە سەیر کراوە و بە جێگەی کارگە و کارخانە و پێشخستنی ئابووریی ئەو ناوچەیە، پادگان و مۆڵگەی هێزە سەرکوتکەرەکانیان لێ دامەزراندووە. هەر بۆیەشە خەڵک بە ناچاری بۆ کار و کاسبی ڕوو لە شارەکانی دیکەی ئێران و وڵاتانی دراوسێ دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن بژێویی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن.

ئەوەی کە ساڵانێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاردەی کۆڵبەری سەری هەڵداوە نیشانەی ئەوپەڕی ناچاری و نائومێدییە لە ژیان و پەیداکردنی کار لەژێر سایەی حکوومەتێکی دیکتاتۆر کە مافی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی زەوت کردووە.

لە ئێران نابەرابەری و ناعەدالەتی بە شێوەیەک پەرەی سەندووە کە خەڵک بەگشتی و کرێکاران بە تایبەتی ژیانێکی تاڵ و دژوار تێپەڕ دەکەن. بێکاری و گەندەڵی گەیشتووەتە جێگەیەک کە ئیتر هیوایەک بۆ باشبوونی ئەم بارودۆخە نالەبارە نەماوە و تەنیا ڕێگەی نەجات لە دەست ئەم هەموو ناعەدالەتی و نەهامەتییە هاتنە مەیدانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران، خۆپێشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی و ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

لەم ڕۆژەدا گەلانی ئێران بە گشتی پێویستە پشتیوانی لە ویست و داخوازییەکانی کرێکاران بکەن و بە هاتنە سەر شەقام بێزاری و نارەزایەتیی خۆیان لەم حکوومەتە و لەم دۆخە نالەبارە دەربڕن و چیتر ئەم هەموو زوڵم و زۆر و نەعەدالەتییە قبووڵ نەکەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە پێکهاتوو لە چەند حیزبی شۆڕشگێڕی مەیدانی خەباتە و دەیان ساڵە لە پێناو دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک، وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و لابردنی ستەمی چینایەتی خەبات دەکات، هەردەم پشتیوانی مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوون و لەم ڕێگەیەدا ئەوەی لە توانایاندا بێت درێغی ناکەن و لە هەوڵی دامەزراندنی سیستمێکدان کە مافی هەمووان پارێزراو بێت و چەوسانەوە و نابەرابەری کۆتایی پێ بێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٠ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**
**٣٠ی ئاپریلی ٢٠٢٢ی زایینی**

# پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد




٥٤ ساڵ پێش ئێستا لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، شەهید ‹›سمایلی شەریفزادە‹›، خوێندکاری دەروەست و بەهەڵوێستی کورد و ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لەگەڵ چەند پێشمەرگە و هاوڕێی حیزبی لە کاتێکدا لە ناوچەی بانە لە گوندی دارێنەی سەروو، لەلایەن سیخوڕێکی ڕێژیمی شا بەناوی کوێخا شەریف ڕاپۆرت دران و پاشان بەربەرەکانی لەگەڵ ٣٠٠ ژاندرام و ئەمنییەی ڕێژیم لە کۆتاییدا گیانی لە پێناو ڕزگاریی کورد و کوردستان بەخت کرد و دواتر تەرمەکەی لە گۆڕستانی تایلەی شاری سنە بە خاک ئەسپێردرا.

شەهید ‹›ئیسماعیل شەریفزادە›› کە وەکوو هێما و سێمبۆلی خوێندکاری کورد ناسراوە و ڕۆژی شەهیدبوونەکەشی وەکوو ڕۆژی «خوێندکاری کورد» ناسراوە، لە ئێستاشدا خەبات و تێکۆشانی سەرباشقەی خەباتی پێشکەوتووخوازانەی توێژی خوێندەوار و خوێندکاری کوردە و وانەی خۆڕاگری و ئازایەتی لێ فێر دەبین.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ئەو سەردەمە بۆمان دەردەکەوێت، کە لە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی و بە نەمانی دەسەڵاتی دوکتور موسەدیق، ئێران و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەواوەتی میلیتاریزە کرابوو، هەر بۆیە گوتارە ڕزگاریخوازانەکان کە کپ کرابوون، دەبوونە هۆی پێکهێنانی ڕێکخراوی ڕادیکاڵە ڕاستەقینەکان بەتایبەتی لە زانکۆی تاران.

ئەو سەردەمە کە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هزری چەپ لە زانکۆکاندا و بەتایبەتی نموونەی بەرخۆدانی چەپەکانی کوبا و ڤیتنام و هێژموونی یەکیەتیی سۆڤییەت و حیزبی توودە ببوونە هێمای بەرخۆدانی نێودەوڵەتی لە هەمبەر داگیرکاری و ئێمپریالیزمی پشتیوانیی وڵاتانی دیکتاتۆر .

با لێرەدا ئەوەش باس بکەین، کە سەرەکیترین هۆکاری دامەزرانی زانکۆی تاران لەلایەن ڕێژیمی پەهلەوی، تەڵقین و پاساوهێنانەوە بۆ پتەوکردنی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێرانی فارسی و تواندنەوەی باقی نەتەوەکانی دیکە و یەکدەستکردن و ڕەواییدان بە کولتووری نەتەوەی زاڵ و سەپاندنی بەسەر باقی نەتەوەکانی ئێراندا بوو، ئەویش لەژێر چەتری زانکۆ و ڕووناکبیریدا.

ئەو پاکتاوسازییە لە زانکۆکانی ئێران لەگەڵ میلیتاریزەکردنی شارەکان و بەتایبەت کوردستان هاوکات بوو، کە بە هێزی پۆشتە و پەرداختە و پڕچەکی سەربازی بە شێوەیەک کە ڕێژیمی پەهلەوی خۆی بە ژاندارمی ناوچەکە و دوورگەی هێمنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناودێر کردبوو، بە جۆرێک کە تا ئەو ڕادەیە هیوایەک بۆ گۆڕانکاری و ئازادیی گەلانی ئێران نەمابوو، ساواک هەر جۆرە دەنگێکی بەرهەڵستکاری چەشنی ئێستای ئیتلاعاتی ئێرانی بە بیانووی تەناهی نەتەوەیی بێدەنگ دەکرد.

لە وەها بەستێنێکدا بوو کە شەهید ‹›سمایلی شەریفزادە›› لە بەرامبەر سیاسەتی ئاوێتەکردن و یەکدەستکردن و بە ئامرازکردنی زانکۆ و پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی نەتەوەی کورد و چینە زەحمەتکێشەکانی نەتەوەکەی، بوێرانە و بیرمەندانە لە داگیرکەر ڕاسا و بناغەی سەنگەری بەرخۆدانێکی نوێی لە زانکۆی تاراندا بە هاوکاریی هاوڕێیەکانی داڕشت و ڕێکخراوی خوێندکارانی نەتەوەی کوردیان دامەزراند و بۆ خۆیشی وەک ئەندامێکی ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزبی دێموکرات لە زانکۆ هەر زوو کەوتە ژێر چاوەدێری و ئازاری سیخوڕانی ساواک .

شەهید سمایل شەریفزادە، کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد منداڵێکی چاوگەش بوو و بیری منداڵی لەگەڵ بیرەوەرییەکانی کۆمار تێکەڵ ببوو، ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی لە ناخدا زیاتر وروژا و ناچاربوو ڕاستەوخۆ لە زانکۆوە ڕوو لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان بکات و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە ڕێبازی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لەبەر بکات و شۆڕشێک نوێژەن بکاتەوە کە لە دوای کۆماری کوردستان بە خاڵێکی زێڕینی دیکەی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دادەندرێت، بۆیە بە شۆڕشی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ ناودێر کرا و دەسەڵاتی پووشاڵی و پێترۆدۆلاری ئەرتەشی ئێران و ئیمپریالیزم تێک بشکێنێت .

هەر ئەو شوێندانەرییەی شەریفزادە، وەک خوێندکارێکی کاریزما و ڕێبەری شۆڕش بووە هۆی ئەوەی کە یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، ١٢ی بانەمەڕی وەک ڕۆژی خوێندکاری کورد ناودێر کرد و ڕێڕەوی خوێندکاری کوردی لە خوێندکاری ئێرانی جیا کردەوە، وەک چۆن هەڵوێستی شەریفزادە ئەو ڕاستییەی دەرخست کە کێشەی کورد لە ئێراندا کێشەی نێوان نەتەوەی زاڵ و داگیرکەر و نەتەوەی خاک داگیرکراوی کوردە، نەک شتێکی دیکە .

خوێندکاران و جەماوەری بەهەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کورستان!

هەروەک ئاگادارن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک میراتگرێکی دواکەوتوو و دیکتاتۆرییەتی ڕێژیمی پەهلەوی، بەهەمان شێوە دژی مافی نەتەوایەتیی نەتەوەکانی ئێران و خوێندکارانیان لە زانکۆکان دەجووڵێتەوە و سیاسەتی ئاسمیلەکردن و ئاوێتەکردنی ئەتنیکی و زمانی و دوورخستنەوە و دەرکردن و بەندکردنی خوێندکارانی بەرهەڵستکار و چاوکراوەی گرتووەتە بەر، بە شێوەیەک کە سیاسەتی بڕوانامەگەرایی و دابەزاندنی کواڵیتی خوێندن و بە ئەمنییەتیکردنی کەشی خوێندن و هەڵاواردنی ئەتنیکی و جێندەری و بڵاوکردنەوەی مادەی سڕکەرەکان، کەڵکاژۆ لە بورسیەی خوێندن بە مەبەستی ناردنی مۆرە هەواڵگرییەکانی خۆی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا بە مەبەستی کاری تیرۆریستی و دزینی زانیاری تاقیگەکانی زانکۆوە پێشکەوتووەکان، تەنیا بەشێکی بچووکن لە دۆخی زانکۆکان و خوێندکارانی ئێران لە ئێستەدا.

لە چەند ساڵی ڕابردووەوە بە هۆی سیاسەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئابڵۆقەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، دۆخی ئابووری وڵاتی ئێران تێک چووە و لە لێواری دارماندایە، ئەو دۆخە کاریگەریی لەسەر کەشی خوێندنی باڵا بووە، بەشێوەیەک کە مووچەی مامۆستایانیان بۆ دابین نەکراوە و بۆ قەرەبووی تێچووی خوێندنگەکان شەهرییەی خوێندکارەکانیان لە ناکاو چەند قات زیاد کردووە، کە ئەم دۆخە جگە لەوەی دژی یاسای بنچینەیی ئێرانە هاوکات بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە خوێندکاران لە خوێندن دابپڕێن و لە بەرامبەردا مامۆستایان لە سەرتاسەری ئێران و بەتایبەتی کوردستان دەستیان داوەتە گردبوونەوە بە دژی ئەو سیاسەتە، دیارە لێرە شایەنی ئاماژەپێدانە کە دروشمی مامۆستایانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو کرماشان، سنە، مەریوان، سەقز، مەهاباد و ورمێ تەنیا دابینکردنی مووچە نەبوو، بەڵکوو داواکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و ئازادکردنی مامۆستایانی زیندانی بە تۆمەتی سیاسی و ئەمنییەتی بوو کە ئەوەش جێگای سەرنج و تێڕامان و شانازییە.

هەر لێرەوە سڵاو و پشتیوانی خۆمان بۆ هەموو مامۆستایانی کوردستان دەردەبڕین و پێیان ڕادەگەیەنین کە هەڵوێستان داهاتووی نەتەوەکەمان دیاری دەکات .

لە وەها هەلومەرجێکدا یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، خوی بە داکۆکیکاری مافی خوێندکارانی کورد و مامۆستایان دەزانێت و بە مەبەستی وشیارکردنەوە و پێشگیری لە بەلاڕێدابردنیان و ڕێکخستنیان بە مەبەستی ڕووخانی دەسەڵاتی تاران و دابینکردنی داهاتووی گەش بۆ نەوەکانمان هەوڵی خۆی وەگەڕ دەخات.

هەر بۆیە لە ڕاستای ڕزگاریی کورد و کوردستان، لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە دەیان خوێندکاری بەهەڵوێست و بوێر پەیوەستی ڕیزەکانی شۆڕش بوون و لەوانەش تا ئاستی ڕێبەرایەتی گەیشتوون و تەنانەت چەندین ئەندامی یەکیەتیی خوێندکاران، لە نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا شەهید کراون کە پێویستە لێرەدا یادێک لە شەهیدان: ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی، ڕەسووڵ محەممەدزادە، هێمن مەولانژاد، فاروق حەسەنخەیات، سەلاح نادری، سامان شێوەسەڵی وسەرجەم خوێندکارە ڕزگاریخوازەکانی کورد بکەین کە لەپێناو ئازادی و دێموکراسیدا گیانی خۆیان بەخت کردووە.

یادو ناویان بەرز و پیرۆز بێت هزر و ئەندێشەیان لە یادمان هەمیشە کەسک و قەڵەمیان لە دەستماندایە تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانیان .

سەرکەوێت شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کورد

سەرکەوێت خەباتی پێشکەوتووخوازی خوێندکاران

نەمان بۆ داگیرکەرانی دواکەوتوو

**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان**
**١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٢ی کوردی**

# ئەو ئەندامانەی حیزب کە زیاتر لە ٢٠ ساڵ خزمەتیان کردووە ڕێزیان لێ گیرا




دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات ڕێوڕەسمێکی بۆ ئەندامانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە جێژنیکان بەڕێوە برد، لەو ڕێوڕەسمەدا ڕێز لەو ئەندامانە گیرا کە ٢٠ ساڵە ماندوونەناسانە خزمەت بە حیزب و گەڵ دەکەن.

ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە، بنەماڵە و ئەندامانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان لەلایەن «نەسرین بابەکر زادە ئەقدەم» بەرپرسی تەشکیلاتی ئاشکرای کۆمیتەی جێژنیکان بەخێرهاتنی بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرا.

دواتر «شەهرام حەمید زادە» بەرپرسی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی لەسەر ئەرک و ڕۆڵی ئەندامانی حیزب پێشکەش کرد.

نابراو لە وتەکانی باسی لە گرینگیی کاری ڕێکخراوەیی و هەوڵ و تێکۆشانی ماندوونەناسانەی ئەندامانی حیزبی کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ئەو کەسانەی کە ٢٠ ساڵە وەکوو ئەندامی ئاشکرای حیزب هەوڵ و تێکۆشانیان هەبووە بە پێدانی لەوحی ڕێزلێنانیان، ڕێزیان لێ گیرا.

«شەوبۆ ئەمینی، ئەفسەر ئەحمەدی، کاڵێ محەممەد زادە» لەلایەن «کەریم پەرویزی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات خەڵاتەکەیان پێشکەش کرا.

«ئامینە ئیقتدار، مەنیجە عیساپوور، ئازەر کوردی» خەڵاتەکەیان لەلایەن «ڕەحیم مەنگووڕی» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزب پێشکەش کرا.

«هۆزیە عەزیزی، زەکیە سدقی، نەرمین خزری» لەلایەن ‹مەلا «قاسم کەڵەشی» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزب خەڵاتەکەیان پێدرا.

هەروەها «ماریا قوربانی، لزگین عەزیزی، شافییە عەبدی» لەلایەن «تاهیر مەحموودی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات خەڵاتەکەیان پێشکەش کرا.

# لە کەمپی «جێژنیکان» پێشانگایەکی وێنە کرایەوە




ڕۆژی پینجشەممە ڕێکەوتی ٨ی بانەمەڕ لە کەمپی «جێژنیکان» پێشانگایەک بە ناوی «شاخ بە دەنگی شار دێتە گۆ» لەلایەن وێنەگر و پێشمەرگە «بەختیار نەزەری»یەوە بەڕێوە چوو.

ئەو وێنانەی کە لە پێشانگاکەدا نمایش کراون، تایبەت بە پێشمەرگە و کۆکراوەی ئەزموونی کاری هونەریی یەک ساڵی ڕابردووی وێنەگر بوون.

وێنەکان دێکۆمێنتاری ژیانی پێشمەرگەن کە زۆربەیان لە شاخەکانی کوردستان و مەتەریزی شەرەف گیراون.

ئامانج لە کردنەوەی ئەو پێشانگایە نمایشی «فەلسەفەی ڕاسان»، «شار چەقی خەباتە» و «شاخ پاڵپشتی خەباتی شار و بەردەوامی لە خەبات» بووە. هەر بۆیە لە وێنەکانیشدا ئەوە بە ڕوونی وەبەرچاو دەکەوێت.

وێنەگر لەو بارەوە وتوویەتی: «بۆ داهاتووش لە ژانری جیاوازدا کاری هونەری دەکەم و بەردەوام دەبم».

«بەختیار نەزەری» پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و خەڵکی شاری «ڕوانسەر»ە. زیاتر لە ١٧ ساڵە کاری هونەری دەکات و ئەزموونی چەندین پێشانگای تاکەکەسی و گرووپیی لە خۆرهەڵات و چەندین زانکۆی ئێراندا هەیە و خاوەنی چەندین خەڵاتی هونەرییە.

ئەو پێشانگایە مانگی ڕەشەمە لە کەمپی «ئازادی» کرابووەوە.

# بەیاننامەی یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایان، لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشە و زیندانیکردنی مامۆستایان

یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران، لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشە و گرتن و زیندانیکردنی مامۆستایان لە شارەکانی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە.

دەقی بەیاننامەکە بەم چەشنەیە:

بەیاننامەی یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران، لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشە و گرتن و زیندانیکردنی مامۆستایان

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

مامۆستایانی بە هەڵوێست و مافویست!

پاش ناڕەزایەتیی ڕەوای مامۆستایانی ئێران و کوردستان لە ڕۆژی ١١ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاویدا، هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، چەند مامۆستای دەروەست و مافویستیان لە شارەکانی کرماشان و سنە و سەقز و مەریوان دەسبەسەر کردووە و هەڕەشەی دەرکردن و گرتن و زیندانیکردنیان لە دەیان مامۆستای دیکە لە شارەکانی کوردستان کردووە. ئەوە لە کاتێکدایە لە ئێستادا دۆخی ئابووری و پێگەی کۆمەڵایەتیی مامۆستایان لەوپەڕی خراپیدایە و باندە گەندەڵ و دزەکانی دەسەڵاتدار دەستیان بەسەر سامان و سەروەتی نەتەوەییدا گرتووە و بۆ گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچەی خەرج دەکەن و گەلانی ئێران بە گشتی و مامۆستایان بە تایبەتی بە هەژاری و نەداری دەژین. لەلایەکی دیکەوە دۆخی شپرزەی پەروەردە، بەپوڵیکردنی خوێندن، پێشگرتن لە خوێندن بە زمانی دایکیی نەتەوەکانی ئێران و دەیان دیاردەی دزێوی دیکە لە سیستمی پەروەردەی ئێراندا مامۆستایانی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایە کە نابێ لەهەمبەر ئەو دیاردە دزێو و سیستماتیکانەی ڕێژیم بێدەنگ بن و دەبێ دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕن. یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران وێڕای پێداگری و پشتیوانی لە ویستە ڕەواکانی مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڕەشکردن و گرتن و زیندانیکردنی مامۆستایانی کورد لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران مەحکووم دەکات و داوا لە خەڵکی کوردستان و بەتایبەت قوتابییان و بنەماڵەکانیان دەکات کە بە دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی و مانگرتن وەک هەمیشە پشتیوانی ویستە ڕەوا و نەتەوەییەکانی مامۆستایان بن.

**یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران**
**١٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٢ی کوردی**

# بەبۆنەی ١٢ بانەمەڕ ڕۆژی خوێندکاری کورد سمینارێک بەڕێوە چوو



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان سمینارێکی بۆ ڕێزگرتن لە ١٢ بانەمەڕ ڕۆژی خوێندکاری کورد بەڕێوە برد.

سەرەتای سمینارەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد.

ئەو سمینارە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی بەڕێوە چوو.

دواتر دوکتور «هەژار ڕەحیمی» و «سەلام ئیسماعیلپوور» وەکوو بەڕێوەبەری کۆڕەکە هەر کام لەسەر تەوەرێکی گرینگ و تایبەت بە خوێندکاران و بەتایبەت ژیان و ڕۆڵی شەهید «سمایل شەریف زادە» وەکوو سمبۆلی خوێندکاری کورد وهەروەها کۆمەڵێک بایەخی ئینسانی و مێژوویی قسەیان کرد.

لەو سێمینارەدا یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەشدار بوون.

لە بەشی دواتردا کۆمەڵێک لە بەشداربووان ڕەخنە وتێبینی و پرسیارەکانیان بەرەوڕووی بەڕێوەبەرانی کۆڕەکە کرد.

لە بەشی کۆتاییدا خەڵات بەسەر ئەو خوێندکارانە دابەش کرا کە توانیبوویان بە سەرکەوتوویی لە زانکۆ تەواو ببن هەروەها ئەو خوێندکارانەی کە توانیویانە بچنە زانکۆ و هەروەها چەندین کەسی دیکە خەڵات کران.

هەر لەو سێمینارەدا خەڵاتی «شەریف زادە» بە «والی دروودی» زیندانیی سیاسیی کورد و «زارا محەممەدی» مامۆستای زمانی کوردی و «ئاکۆ جەلیلیان» نووسەری فەرهەنگی کوردیکا بەخشرا.

# چالاکیی تەبلیغی

## لە ڕۆژی خوێندکاری کورددا تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی بە ئەنجامدانی چالاکی بەرینی تەبلیغی ڕێزیان لە خەباتی شەهید سماییل شەریفزادە و سەرجەم شەهیدانی ئەم ڕێگایە گرت و پەیمانیان لەگەڵ شەهیدانی کورد و کوردستان نوێ کردەوە؛ ئەمەی بەردەستتان بەشێکە لەو چالاکییانە:

ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکانی مەهاباد و بۆکان بەبۆنەی ١٢ی بانەمەڕ ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ‹‹سمایل شەریفزادە›› خوێندکاری پێشڕەو و شۆڕشگێڕی کورد کە بە ڕۆژی خوێندکاری کورد ناودێر کراوە چالاکیی تەبلیغیان بەڕێوە برد.

لە مەهاباد، ڕۆڵەکانی هەردەم لە سەنگەری دێموکرات بەبۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد و ساڵڕۆژی شەهیدبوونی شۆڕشگێڕ و خوێندکاری دەروەستی کورد ‹‹سمایل شەریفزادە›› چالاکیی تەبیلغییان ئەنجام داوە و ئەو ڕۆژەیان پیرۆز ڕاگرت.

ئەو شوێنانەی کە لە مەهاباد چالاکیی تێدا کراوە بریتین لە «دەوروبەری زانکۆی ئازاد، زانکۆی پەیامی نوور و دەوروبەری، ناوەندی لێکۆڵینەوەی کشاوەرزیی زانکۆی پەیامی نوور، دانیشکەدەی سەما، قوتابخانەی خەیام و شەهرەکی کارمەندان››.

هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوون شۆڕشگێڕی بە توانای خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی شەهید ‹‹سمایل شەریفزادە›› و ڕۆژی خوێندکاری کورد لە شاری بۆکان لە شوێنەکانی وەک ‹‹زانکۆی عیلمی کاربوردی، مەیدانی فوتباڵی ٣ هەزار کەسی، کتێبخانەی مامۆستا حەقیقی، بڵواری ساحلی و ئیدارەی پەروەردەی بۆکان›› چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

لە سنەی خوێناوی، ئەندامانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، لە درێژەی کار و چالاکییەکانی خۆیاندا لە گەڕەکەکانی ‹‹چوارڕێیانی سیرووس، پیرمحەممەد، یاریگەی تەختی›› یادی سەهید سمایل شەریف زادە و ڕۆژی خوێندکاری کوردیان بەرز نرخاند.

هەروەها ئەندامانی یەکیەتیی خوێندکاران لە سنە ڕۆژێک پێشتر لە «زانکۆی کوردستان، زانکۆی پەیامی نوور، زانکۆی ئازاد، زانکۆی فەرهەنگیان، دانیشکەدەی علوومی ئینسانی، چالاکییەکی بەربڵاوی تەبلیغییان بەڕێوە بردبوو.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەندامانی یەکیەتیی خوێندکاران دێموکراتی کوردستان ئەمجارە لە زانکوکانی سنە وکوو مەکۆی توێژی ڕووناکبیران و چاوتیژی کۆمەڵگا بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بە ڕۆژی خوێنکاری کورد، ڕۆژی خوێندکاری کوردیان پیرۆز ڕاگرت و یادی شەهید ‹‹سمایل شەریف زادە››یان وەکوو هێمای خوێندکاری بەرز نرخاند.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «زانکۆی کوردستان، زانکۆی پەیامی نوور، زانکۆی ئازاد، زانکۆی فەرهەنگیان، دانیشکەدەی علوومی ئینسانی، چوارڕێیانی باخ میللی، مەیدانی ئیقباڵ و مەیدانی بێساران».

تێکۆشەرانی دێموکرات بە ڕۆژی ڕووناک لە شوێنە گشتییەکانی شاری سنە بە ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی، ڕۆژی خوێندکاری کوردیان بەرز ڕاگرت.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: ‹‹خەسراوا، خەیرەزنە، چوارڕێیانی وەکیل، مەردۆخ، شێخان، چوارڕێیانی فەراح، چوارڕێیانی چوارباخ، ئاویەر، وحدەت و ٥ی ئازەر».

لە بەربەری ١٢ی بانەمەڕ، ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ‹‹سمایل شەریفزادە›› کە بە ڕۆژی خوێندکاری کورد ناودێر کراوە، ئەندامانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان لەسەر گڵکۆی شەهید ‹‹سمایل شەریفزادە›› پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

ئەندامانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت، ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕیان بەرز ڕاگرت و بەردەوامیی خۆیان لە درێژەدانی ڕێگا و ئامانجی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان دووپات کردەوە.

هەروەها ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٥ی بانەمەڕ لە شاری سنە بەبۆنەی ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی خوێندکاری کورد، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژە، بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو شاردا چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردبوو.

گلکۆی شەهید سمایل شەریفزادە، چەندین ساڵ لەمەوبەر لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە تێک درابوو و ئاسەوارەکانیان سڕیوەتەوە.

لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢ی بانەمەڕ ئەندامانی نهێنیی حیزب لە چەندین ناوچە لە شاری بانە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی کە چالاکییەکەیان لێ بەڕێوە چووە بریتین لە بناری «کێلە سپی» لە ناوچەی «ئۆغەڵ» و هەروەها دووڕێیانی «سیاومە» لە شاری بانە.

ئەندامانی تێکۆشەری حیزب بە دانانی ئاڵای کوردستان پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردووەتەوە و ئامادەیی خۆیان نیشان داوە بۆ بەڕێوەبردنی هەر ئەرک و چالاکییەکی حیزبی.

## درێژەی پەیف

بەڵام ئیدئۆلۆژیی دژەمرۆیی ویلایەتی فەقیهی، لە دەرەوەی ئەو سیستمانەیە و تەنیا نموونەی کۆریای باکوور و سۆمالی وەکوو ئەم ڕێژیمە هەن و ئەمانە هەم خەڵك برسی دەکەن و هەم ئازادیشی لێ دەستێنن و هەرچی سامانی وڵاتە خەرجی مووشەکی دەکەن چوونە ئازادییان لە خەڵك ئەستاندووە، لێیان دەترسن و لە وەحشەتی ڕووخاندا پێیان وایە کە چەکی قورستر دەیانپارێزێ، بۆیە بە ئاسانی دەسرێژ لە خەڵك دەکەن و نانیشیان دەبڕن تاکوو خەرجی مووشەکەکانیان دەربێنن. لە ئێرانی وێراندا، نە نان هەیە و نە ئازادی.

# کوردستان یەک هێزی پێشمەرگەی دەوێ



**هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەیەکی کەمدا توانی فەرماندەرانێکی بەئەزموونی نیزامی پەروەردە بکات و وەک ڕێکخستنێکی چەکداری بببێتە مەترسی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی.**
**هێزی پێشمەرگە لە کوردستان بە هۆی پەروەردەی هاوکاتی سیاسی و نیزامی لە سەر پێوەر و پرەنسیپە دێموکراتیکەکان جۆرێک ڕەوشتی ئینسانی و ئازادیخوازی تێکەڵ بە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات کرد**

خەزانی مەریوان

ئەگەر مێژووی سیاسی کورد و ڕووداوە گرنگەکانی پێوەندیدار بە کوردستانەوە بە وردی شرۆڤە بکەین، پرسی هێزی سەربازی و چەکداری یەکێک لە لایەنە هەستیارەکانە کە دەبێ پێش لە هەموو باسێک خەسارناسی و توێکاری بۆ بکرێ. خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان چەندە سیاسییە ئەوەندەش و بگرە زیاتریش، سەربازییە. ئەرتەش یا هێزی چەکدار، کۆڵەکەی سەرەکی ڕاگرتنی دەسەڵات و سیاسەتە لە هەموو وڵاتاندا.

ڕێکخراو یا بونیادی ئەرتەش گەورەترین ڕێکخراوی ناوخۆیی وڵاتانە کە بە تەنیا نزیک بە نیوەی بودجەی وڵات (٤٠٪ لە کاتی ئاسایشدا) بە خۆیەوە تەرخان دەکات. مانۆڕی سیاسی دەوڵەتان و ڕێبەرانی سیاسی لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا چەندە پێوەندی بە باری ئابوورییەوە هەیە ئەوەندەش پێوەندی بە باری هێزی سەربازییەوە هەیە، تەنانەت هێندێک وڵاتی وەک کۆریای باکوور و ... تەنیا بە هێزی سەربازی و هێزی ئەتۆمییەوە خۆیان نیشان ئەدەن؛ ئەگینا لە باری ئابوورییەوە وەک یەکێک لە داتەپیوترین و گەندەڵترین وڵاتان لە قەڵەم ئەدرێن.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەرتەشی وڵاتان هێشتا لە قۆناخی ئەرتەشی کلاسیکدان و پرسی سیاسی و بەڕێوەبەری دواکەوتووانەی ئەو وڵاتانە کۆسپێکی گەورە بووە لە بەردەم بەمۆدێرنکردنی ئەرتەشەکاندا. لە ئێراندا و لە ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی بەدواوە ڕەزاخان بە هاوکاری ئەفسەرانی سویدی و ئینگلیزی دەستی دایە پێکهێنانی ئەرتەشێکی مۆدێڕن و لەو کاتە هەستیارەی ئێراندا کە باری ئابووری بە تەواوی ڕووخاو و شپرزە بوو نیوەی بودجەی وڵات (٦ میلیۆن تمەن ) لە پارەی داهاتی نەوتی باشوور بۆ بەشی سەربازی تەرخانکرا. لە کوردستان بەهۆی نەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسییەوە، لاوانی کورد بە زۆری لە ئەرتەشی وڵاتانی داگیرکەردا بە شێوازی زۆرەملێ خۆیان دیوەتەوە هەتا لە هێزێکی ڕەسەنی کوردیدا، هەربۆیە بەشداری لاوانی کورد لە ڕیزی ئەو ئەرتەشانەدا ناچێتە خانەی شرۆڤەی هێزی سەربازی کوردییەوە.

لە بەرامبەر ئەرتەشی داگیرکەرانی کوردستاندا هێزی چەکداری کوردی لە قاڵبی حیزبەکان بە شێوەی خۆڕسک و بێ مووچە پێکهات کە مەبەستی سەرەکی ئەو وتارە شیکاری و خەسارناسی ئەو پرسەیە.

لە سەد ساڵی ڕابردوودا هێزی چەکداری سمکۆ گەورەترین هێزی کوردی بووە کە بەبەراورد لەگەڵ ئەرتەشی ڕەزاخانیدا لەباری ڕێژەی سەربازەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نەبووە واتە ئەرتەشی ڕەزاخانی لە سەرەتادا ٤٠هەزار نەفەر بووە و لە بەرامبەیشدا سپای کوردستان لە ساڵی ١٣٠١دا ١٠ هەزار نەفەر تۆمار کراوە.

لە دوای سمکۆ سەرهەڵدانی ئەحزابی سیاسی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەستی پێکرد کە ئەو حیزبە کوردییانە چەندە سیاسی بوون چەند بەرامبەر نیزامی بوون.

لە کاتی پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد هێزی چەکداری کوردی هەوڵی دا کە ڕەنگێکی سەردەمیانە بە خۆیەوە بگرێ.

هەر چەن لەباری پێکهاتە و چارتەوە هەنگاوی کردەیی بۆ دروستکردنی هێزێکی مۆدێڕن لە چوارچێوەی وەزارەتخانەی جەنگدا هەڵگیرا بەڵام بە هۆکارگەلی وەک کەمتەمەنبوونی کۆمار، باری لاوازی ئابووریی کوردستان، دواکەوتوویی فەرهەنگی و خوێندەواری خەڵکی کوردستان و هتد، بیر و دەسەڵاتی هۆزایەتی و عەشیرەگەری بە سەر ئەو دەسەڵاتە و هێزە ساوایەدا زاڵ بوو. سەرەڕای ئەوەیکە خەڵکانێکی زۆر لە گشت ناوچەکانی کوردستانەوە خۆیان لە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کۆماردا» ١٣ هەزار پێشمەرگە «ناونووس و بەشدار کردبوو بەڵام بەهۆی ڕووخانی کۆمارەوە خەونە گەورەکان نەهاتنە دی. دابەشکاری ئیداری و بەڕێوەبەری و هەروەها یۆنیفۆرمی نوێ، دروستکردنی پلە و پێگەی نیزامی وەک ژنراڵ، ئەفسەر، هێزی پێشمەرگە و ... لە

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەیەکی کەمدا توانی فەرماندەرانێکی بەئەزموونی نیزامی پەروەردە بکات و وەک ڕێکخستنێکی چەکداری ببێتە مەترسی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی. هێزی پێشمەرگە لە کوردستان بە هۆی پەروەردەی هاوکاتی سیاسی و نیزامی لە سەر پێوەر و پرەنسیپە دێموکراتیکەکان جۆرێک ڕەوشتی ئینسانی و ئازادیخوازی تێکەڵ بە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات کرد**

تایبەتمەندییەکانی مۆدێڕنبوونی هێزی کوردی بوو لە چاو هەموو شۆڕشەکانی پێشوو، تەنانەت لە گشت بەشەکانی دیکەی کوردستاندا.

پێکهاتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا بە هۆکارگەلی گرتنەبەری خەباتی سەخت و خوێناوی و پەنابردنە شاخ، ڕەنگ و ڕواڵەتی هێزێکی (نامنظم ) و پارتیزانی بە خۆیەوە گرت. بزووتنەوەی سیاسی کورد لە دوای ڕاپەرینی گەلانی ئێران بە هۆی ئەوە کە هێزێکی ڕاهێنراوی چەکداری نەبوو و هەروەها لە دوای ساڵێک ڕووبەڕووی ئەرتەشێکی دەوڵەمەند و ئایدیۆلۆژیکی شێعی بوویەوە بەڕاستی بە تێچوو و خەسارێکی زۆرەوە بە سەر کورد و بزوتنەوەکەیدا شکایەوە.

بناخەی دارشتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕاهێنانی هێزی بەرگری لەڕاستیدا بە هەوڵ و هیممەتی ئەفسەر و پلەدارانی کوردی نێو ئەرتەشی شاهەنشاهیدا بوو کە پەیوەستی بزوتنەوەی کوردستان ببوون.

بەو هۆکارانەوەی سەرەوە کە باس کرا و هەروەها دەسپێکی شەڕی ئێران و عێراق، کوردستانی ئێران بوو بە ناوەندێک بۆ هەڵگیرسان و دەسپێکی شەڕێکی گەورە و درێژمەودای دەرەکی و ناوخۆیی .

ئارایشتی هێز؛

د.قاسملو و تەنانەت کەسانێکی وەک شێخ عێزەدین و .... کە مەترسی کوشت و کوشتار وماڵوێرانییەکی بەرینیان بۆ خەڵکی کوردستان پێشبینی دەکرد، هەوڵی زۆریان دا بە وتووێژ و دیپلۆماسی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات بە دابینکردنی هێندێک لە مافە سەرەتاییەکان چارەسەر بکەن.

خومەینی و دەسەڵاتەکەی بەو هۆیەوە کە لە ناخەوە دژی دێموکراسی و پرسی نەتەوەیی بوون بە هیچ جۆرێک وڵامی کوردیان نەدایەوە هەر بۆیە ئاگری شەڕ لە کوردستان بە دەستپێشخەری و هێرشی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد.

بزوتنەوەی کوردستان لە سفرەوە دەستی کرد بە ڕێکخستنی چەکدارانە و بەرگری ڕەوا.

کێشە و لەمپەرەکانی دروستکردنی هێزێکی پۆشتەوپەرداخت لە دوای شۆڕشی گەلان بۆ کورد، زۆر بوون.

ئاوارەبوون و دابڕان لە خەڵکی ڕۆژهەڵات، لاوازی باری ئابووری، دروستبوونی هێزی حیزبی، شەڕی براکوژی و هتد زەبرێکی قەرەبوونەکراوی لە بزووتنەوەی کوردی دا.

شعوور و تێگەیشتنی سیاسی کورد لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران زیاتر بوو بەڵام هێزی چەکدار هەروەک پێشتر وترا، لە سەرەتا و سفرەوە دەستی پێکرد و ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە لە سەر بنەما و پێوەرە نەتەوەیی ـ دێموکراتیکەکان بوو بە پێوەری کار.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەیەکی کەمدا توانی فەرماندەرانێکی بەئەزموونی نیزامی پەروەردە بکات و وەک ڕێکخستنێکی چەکداری ببێتە مەترسی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی.

هێزی پێشمەرگە لە کوردستان بە هۆی پەروەردەی هاوکاتی سیاسی و نیزامی لە سەر پێوەر و پرەنسیپە دێموکراتیکەکان جۆرێک ڕەوشتی ئینسانی و ئازادیخوازی تێکەڵ بە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات کرد.

هێزی پێشمەرگە سەرەڕای لایەنی ئەرێنی و پۆزەتیڤ لایەنی کەمایەسی و کەموکورتی پێوە دیارە.

لە سەردەمی ئێستەدا کە نوێگەری باڵی بە سەر هەموو چەمکەکاندا کێشاوە پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێ لە سەر هەموو ڕەهەندەکان بە تایبەت بەشی سەختئامێری، واتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات بکرێ.

دەسەڵاتی تاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوای تورکیا و ئیسرائیل و پاکستان و میسر، بەهێزترین ئەرتەش و هێزی سەربازی هەیە و ئەگەر ڕۆژێک گۆڕانکاری لە ئێراندا دروست ببێ و سپای تیرۆریستی پاسداران لە نێو بچێ ئەوا ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی وەک هێزێکی تازەنەفەس و سەرکوتکەر دەست دەکاتەوە بە سەرکوتی ئازادیخوازان. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات وەک گەورەئاستەنگی سانترالیزمی تاران، دەبێ لە تەواوی وزە و هێزی پێشمەرگە کەڵکی ئەرێنی وەربگرێ و قورسایی خۆی لە ئێراندا نیشان بدات.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵات فرەحیزبی وەک دیاردە سەری هەڵداوە و هەر حیزبێک بۆ خۆی خاوەن هێزی چەکدارە و پێدەچێ لایەن و ڕێکخراوی دیکەش لە داهاتوودا دروست ببێ. ئەو دیاردە بە ڕاستی خەسارەکانی لە قازانجەکانی زیاترە، چوونکە بەهۆی نەبوونی ئەزموونگەلی دێموکراسی و پلورالیزمەوە یەکیەتی و یەکڕیزی نێوماڵی کورد ئەستەم دەبێ و هەر حیزب و لایەنێک لە ناوچەیەکدا کۆمەڵێ چەکدار لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و بە شێوەی ناوچەگەرێتی چالاکی دەکا.

سیستمی فرەحیزبی لە زاتی خۆیدا خراپ نییە و تەنانەت لە ئێستەشدا ئەو دیاردەیە نە بە زۆرەملێ کۆدەبێتەوە نە پێویستە کۆبکرێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ پێداچوونەوە بە سیاسەت و بزووتنەوەی کوردی پێویست و گرنگە، چوونکە سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیی لە هەموو بوارێکدا ئاڵوگۆڕی بەرینی بەخۆوە دیوە هەر بۆیە پێویستە سیاسەتی کوردی سەبارەت بە پرسی ناوخۆ و ئێران و هەروەها ڕەهەندەکانی دیکەی وەک ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، سیاسەتی جیهانی، بەجیهانیبوون، پرسی چەکی ناوکی و مووشەکی و هتد، خوێندنەوەی تۆکمە و زانستی بکات و بەپێی ئەو پێوەرانە سیاسەتی خۆی لەگەڵ سەردەمدا ڕێک بخات.

لە دوای ستراتیژی، گۆڕینی تاکتیک و پرسی هێزی پێشمەرگە گرنگترین باس و بابەتە.

لە ئێستەدا هێزێکی بەهێزی پێشمەرگە توانایی مانۆڕی سیاسی سەرجەم ئەحزابەکان زیاتر دەکا؛ بۆ نموونە ئەگەر هێزێکی کوردی لەئارادا بێ ئەوا ئەو لایەن و ڕێکخراوانەی کە تەنانەت یەک چەکداریان نییە و لە ناوخۆشدان دەتوانن بە پاڵپشتی مەعنەویی پێشمەرگە، وەرەی سیاسی بەرز کەنەوە بە جۆرێک خۆیان لە ڕاستا و ڕێبازی گشتیدا بیبیننەوە. بێجگە لە ئەحزاب، ngo و ڕێکخراوە مەدەنییەکانیش لەو هەلومەرجەدا دەتوانن چالاکی و داخوازەکانیان بەربڵاوتر بکەنەوە.

باسی ئەمنییەت لە داهاتوودا باسێکی تەواو هەستیار و گرنگە.

چوونکە تێکنۆلۆژی نیزامی وڵاتان گەیشتووەتە ئاستێک کە بە نەبوونی ئەمنییەت، شەڕی وێرانگەری بەپەلە و بەربڵاوی لە چەشنی ئۆکراینای لێدەکەوێتەوە کە لە ماوەیەکی کەمدا هەموو ژێرخانەکانی وێران کرا.

وڵاتی ئێران لە دوای سەفەوییەکان هەتا ئێستە گەورەترین ناوەندی بەرهەمهێنانی نائەمنی، توندوتیژی، شەڕخوازی و هتد بووە و ئەو ڕەوتەش هەتا بەرژەوەندی وڵاتانی چەکفرۆشی تێدابێ، بەردەوامە؛ وەک دەگوترێ لە وڵاتانی سەرمایەداریدا کارگە و کارخانەکانی بەرهەمهێنانی چەک لە دەستی کەرتی تایبەتدایە.

ئەو کەرتەش بۆ کۆکردنەوەی پارەی زیاتر دەبێ بە خولقاندنی دۆخێکی میلیتاری و سەربازی لە نێو وڵاتاندا پیلان و تەڵەکە بۆ فرۆشتنی بەرهەمە چەکەمەنییەکان ، پێکدێنن.

ئەگەر بەپێی ئەو داتایە بێت کۆماری ئیسلامی وەک دەوڵەتێکی شەڕخواز و تیرۆریستپەروەر، دەوری گرنگی لە گەرمکردنی بازاڕی فرۆشی چەک و تەقەمەنی مافیاکانی چەکوچۆڵدایە.

هەڵبەت ئەوەش بگوترێ کە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی بەشێکی زۆر لە پێویستی و نیازە چەکەمەنییەکان بەرهەم دێنێ و تا ئاستێکی زۆریش هەناردەی وڵاتانی دەکات؛ هەربۆیە نەمان یا ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا دەبێتە هۆی مایەپووچبوونی ئەو کۆمپانیا و کارگە زەبەلاحانە.

لە ئاکامدا دەبێ بگوترێ لەو بارودۆخە ئاڵۆز و نهێنییەی جیهان و ئێراندا و هەروەها پێوەندییە بەرژەوەندیخوازەکانی وڵاتان، بۆ ئێمەی کورد قورسایی و بارگرانی و ماڵوێرانی زیاتری لە داهاتوودا بەدواوە دەبێ هەر بۆیە هێزێکی یەکدەست، یەکڕیز و مۆدێرن دەتوانێ لانیکەم بەرگری لە تاکی کورد و خاکی کوردستان بکات.

**سەرچاوەکان**

١_ تغییر ساختار ارتش از سنتی به مدرن. محمد امیر شیخ نوری . ویکیپیدیا
٢_ خسروزادە.د سیروان. شکست اردوی آهنین.١٣٩٧
٣_ مامل‌ێ.سمایل.یازدە مانگ و بیست ڕۆژ بەختەوەری.٢٠١٢
٤_ مجتمع های نظامی صنعتی و نقش نظامیگری در سیاست خارجی آمریکا.شکوهی آذر.فاطمە .گیوکی.سعید
٥_آشنایی با محصولات نظامی جمهوری اسلامی ایران(بخش اول )جنگاوران. ویکیپیدیا

# کورتەیەک لەسەر بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خەبات ساڵحپوور

بزووتنەوەی خوێندکاری لە مێژووی سەرانسەری جیهاندا هەر هەبووە و کاریگەرترین جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی و گۆڕانخواز بووە؛ ئەم بزووتنەوەیە هەردەم بە ڕاوەستان لە بەرامبەر زێدەخوازیی چینی دەسەڵاتدار یەکێک لە پارامێترە کاریگەرەکانی پێکهاتنی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا بووە و، هەمیشە بەشداری شۆڕشەکان بووە.

هەر لەم ئاراستەیەشدا بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرینگی و شوێندانەری خۆی هەبووە و هەیە و بێگومان بزووتنەوەی خوێندکاری لەم دوو کۆمەڵگایەدا بە گشتی کاریگەری وەرگرتووە و کاریگەریشی داناوە.

بە چاولێکردن لە گۆڕانکارییەکان لە ئاستی ئێران بە دوای ٤٣ساڵ لە دەسەڵاتداری ئاخوندە فاشیستەکان، بزووتنەوەی خوێندکاری سەرانسەری گۆڕانی زۆری بە خۆیەوە دیتووە، هەروەها بە دوای گۆڕانی «چەندایەتی و چۆنایەتی» لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیش بزووتنەوەی خوێندکاری کورد وەرچەرخانی بە خۆیەوە بینیوە .

بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا مێژوویەکی دووردرێژ و پڕ لە کارەساتی گرینگی وەک ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ی هەتاوی و هەزاران مانگرتن، ئیعتراز و ڕژانە سەر شەقامەکانی لە ساڵەکانی ٥٦و ٥٧ لە ڕەوتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا هەیە.

هەروەها بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و زاڵبوونی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، شۆڕشی خوێندکاری پێی نایە قۆناغێکی نوێ؛ لەو کاتەدا بەناو شۆڕشی فەرهەنگی بە بڕیاری خومەینی و بە بڵاوکردنەوەی پەیامێک دەستی پێکرد. خومەینی ستادی بەناو شۆڕشی فەرهەنگی ڕاگەیاند کە بە پاکسازی زانکۆکان لە مامۆستایان و خوێندکاران هەتا گۆڕانی مادە دەرسییەکان و شێوازی بەڕێوەبردنی زانکۆکان دەستی پێکرد کە لە ناخی خۆیدا هەتا دوای شەڕی ٨ساڵەی ئێران و عێراق زەبرێکی کوشندەی لەم بزووتنەوەیە دا.

قۆناغێکی تر لە ساڵەکانی ٧٠ی هەتاوی و بە دوای گۆڕینی سیاسەتە نێوخۆیی و هەرێمییەکان دەستی پێکرد و جارێکی تر بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران و کوردستان سەری هەڵدا و تا ڕادەیەکی باش توانی وزە بە زانکۆ و کۆمەڵگا ببەخشێت .

هەر لەم پەیوەندییەدا بە هاتنە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی نژاد وەک سەرکۆماری ئێران جارێکی تر بزووتنەوەی خوێندکاری تووشی نسکۆ و چەقبەستوویی بوو و فەزایەکی ئەمنیەتی بە سەریدا زاڵ بوو.

دواتر دەفتەری تەحکیمی وەحدەت (اتحادیه انجمنهای اسلامی و سازمانهای دانشجویی سراسر کشور) دامەزرا کە لە دەیەکانی ١٣٦٠ و ١٣٧٠ بەهێزترین بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران بوو بەڵام بە کەمکردنی دەسەڵاتی زانکۆکان وردەوردە دەفتەری تەحکیم بەرەو بێهێزی ڕۆیشت و لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ تا نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨ بزووتنەوەی خوێندکاری سەرانسەری ئەزموون و ڕووداوی زۆری بەخۆیەوە دیت؛ لەوانەش کوشتن و گیرانی هەزاران خوێندکار لە خۆپیشاندانەکاندا. هەر بەم شێوەیەش بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد لە زانکۆکان لە ساڵەکانی دەیەی ٣٠ی هەتاوی تا شۆڕشی ساڵەکانی ٤٦-١٣٤٧و شۆڕشی شەهید ئیسماعیل شەریفزادە و مەلا ئاوارە و زۆر لاو و خوێندکاری کورد، بە شێوازی نوێ خەباتی نەتەوایەتی کورد چووە نێو زانکۆکانەوە و خوێندکاری کورد دەستی دایەوە خەباتی چەکداری.



هەر لەم پەیوەندییەدا باشتر وایە کە بڵێین شەهیدی ڕێبەر د. عەبدولڕەحمان قاسملوو ئەوکات وەک نوێنەری خوێندکاران لە ئەورووپا خاڵێکی ئەرێنی و باش بووە بۆ هەموو خوێندکارانی کورد .

هەروەها بە سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیش قۆناغی نوێی بە خۆیەوە دی هەرچەند خوێندکارە کوردەکانیش لە شۆڕشی ٥٧ لە زانکۆکان چالاکییان هەبوو.

لەو سەردەمەوە تاکوو ئەمڕۆ خوێندکاری کورد بە دامەزراندنی بنکە و ئەنجومەنی خوێندکاری لە زانکۆکانی ڕۆژهەڵات و ئێران بە شێوەی سازماندراو هاتە نێو بزووتنەوەی خوێندکاری و بە دامەزراندنی هەندێک دامەزراوە وەک یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتیکی کورد لە زانکۆی کوردستان لە ساڵی ١٣٨٣ و هەروەها بنکەکانی زاگرۆس لە زانکۆی تەورێز و وەشاندنی گۆڤارەکانی وەک ڕۆژهەڤ لە تاران توانیان نەخش و دەوری خۆیان پیشان بدەن و لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی هەرە زۆری زانکۆکان پڕ بوو لە بنکەی فەرهەنگی سەر بە خوێندکارە کوردەکان؛ تایبەتمەندی سەرەکی بزووتنەوەی خوێندکاری کورد تەنها بە بابەتی کۆمەڵایەتی و سێنفییەکان نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو نوێنەرایەتی بابەتی سیاسی و ناسنامەیی و میللی و نەتەوەییش دەکات، کە ڕەنگە ئەمە سەرەکیترین خاڵی جیاکەرەوەی بزوتنەوەی خوێندکاری کورد لە بەرامبەر بزووتنەوەی خوێندکاری سەرانسەری بێت.

هەروەها ئێمە شاهیدی دەستبەسەرکردن و بەجێهێشتنی وڵات لە لایەن چالاکانی خوێندکاری کورد لە ماوەی ئەم ساڵانەی پێشوو بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو بووین کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی داهاتوویەکی کاری باش لە ئێراندا و نەبوونی هیچ چەشنە مافێک بۆ خوێندکاران بە تایبەتی خوێندکاری کورد و پێشێلکردنی مافەکانیان و هەروەها بەدینەهاتنی ئاوات و خولیای خوێندکاران، مەگەر ئەوەیکە خوێندکارێک سەر بە سوپای پاسداران و گوێ لە مستی ڕێژیمی ئاخوندی بێت.

ئەم مەسەلەش بووەتە هۆی ئەوەیکە کەسانێک لە شوێنێک کار بکەن کە توانای بەڕێوەبردنی ئەو کارەیان نییە بەڵام بە سەدان کەس لەو خوێندکارانەی کە زانکۆکانیان تەواو کردووە و بڕوانامەی باڵای زانکۆیان هەیە لە چوارچێوەی پسپۆڕییەک کە هەیانە خۆیان نابیننەوە و ناچار بن بە ئەنجامدانی پیشەگەلی وەک کرێکاری و کۆڵبەری و هتد.

هۆکاری هەرەگرینی وازهێنانی خوێندکارانی کورد لە خوێندن بەتایبەت لە ئاستە باڵاکاندا بۆ نەبوونی ئازادییەکان لە زانکۆکان دەگەڕێتەوە بەو واتایە کە لە زانکۆکاندا لەجیاتی فێربوونی عیلم و زانست، ئەم ناوەندانە کراونەتە حووسەینییە یاخود پادگان و شوێنی تەبلیغ بۆ دەسەڵات بەدەستانی ڕێژیم و سازکردنی کەشی پڕ لە ترس لە نێو دڵی خوێندکاران کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ترسی ڕێژیم دەگەیەنێ لە ئاگاداربوونەوەی خوێندکاران و ترس لە هاتنە سەر شەقامی خوێندکاران بۆ خۆپیشاندان؛ چوونکە بەشداربوونی خوێندکاران لە شۆڕشدا نیشان لە ڕەوابوون و پێشکەوتوویی شۆڕش دەدات،ئەمەش بەو هۆیەوە کە چینی خوێندکار، چینی وشیار و ڕوناکبیری کۆمەڵگان .

لە قۆناغی ئێستەی خەباتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ پێمل بەو ڕاستییە ببین کە خوێندکارانی کورد وەک هەمیشە ئەرکی قورس دەکەوێتە سەر شانیان؛ بەو واتایە کە لە ئێستەدا ئەوان وەک چینی ڕووناکبیری کۆمەڵگا دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەگراوەندە مێژووییە کە هەیانە، بەرپرسیارانە و وەک تاکێکی دروەست لەهەمبەر چارەنووسی گەلەکەیان بجوڵێنەوە و بە هەموو شێوازێکی لواو پەیوەست بە ڕیزی ئەم خەباتەوە بن چونکە تەنیا ڕێگا بۆ دەربازبوون لە نەهامەتی زاڵ بەسەر کوردستان هەمان خەبات و بەرەنگارییە کە بەدڵنیاییەوە چەکی زانست دەوری بەرچاو و یەکلاکەرەوەی تێدا دەگێڕێ.

# شەڕی ئۆکڕاینا و دواگۆڕانکارییەکان

موعتەسەم نووورانی

شەڕی ئۆکڕاینا بۆتە کێشەیەکی گرینگ کە هەموو جیهانی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، شەڕی ئۆکڕاینا، مەترسیدارترین قەیرانی مێژووییە کە کاریگەریی زۆر نالەباریی ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە جیهاندا داناوە. ئەو شەڕە زیاتر لە قەیرانی مووشەکیی کوبا، شەڕی ویتنام، شەڕی عەرب و ئیسراییل، ئاڵۆزیی دوای هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤییەت، شەڕی کەنداو، شەڕی داعش و زۆر کێشەی دیکە، هەڕەشەی لەسەر ئاسایشی جیهانیی دروست کردووە؛ بەچەشنێک کە لەوانەیە نەتەنیا سنووری وڵاتان و بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانی جیهان بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، بەڵکوو چارەنووسی مرۆڤایەتیش دیاری بکا!

ڕۆژنامەی نیوزویک حەوتووی ڕابردوو لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی ناتۆ هێڵی سووری تێپەڕاندا نووسی: «ڤێلادیمێر پوتین سەرۆکی ڕووسیا لە کاتی قسەکردن ڕوو بە پاڕلەمانتارەکانی ڕووسدا گوتی هەر وڵاتێک لە ئۆکڕاینادا ببێتە هەڕەشەی ئیستراتیژی و بەربەستمان بۆ دروست بکات، دەبێ چاوەڕوانی هێرشی تۆڵەسەندنەوەی خێرا و لەناکاوی هێزەکانی ڕووسیا بێ. تەنانەت پێش هێرشی ڕووسیا بۆ ئۆکڕاینا لە ٢٤ی فێوریەدا، پوتین ئاگاداریی گشتی دا و گوتی ئەگەر ناتۆ هێڵی سوور ببەزێنێ، وڵاتەکەی بە هێرشی مووشەکی تایبەت لە ئۆکڕاینا دێت نێو شەڕەکەوە.»

لەکاتێکدا ئەوە زیاتر لە دوو مانگە هێرشی ڕووسیا بەردەوامە نەیتوانیوە ئۆکڕاینا داگیر بکا و بە ئامانجەکانی بگا. پوتین بە وەرگرتنی زانیاریی هەڵە، پێی وابوو خەڵکی ئۆکڕاینا بە دەسکەگوڵ بە پێشوازیی سەربازەکانی ڕووسیاوە دەچن، لە دوو ڕۆژی یەکەمی شەڕدا سەرۆکی ئۆکڕاینا ڕادەکا و ئەرتەشەکەیان تەسلیم دەبێ بەڵام دەرکەوت کە لێکدانەوەکەی هەڵە بووە و زانیاری چەواشەی پێدرابوو. کاتێک سوپای ڕووس هاتە نێو گۆڕەپانی شەڕەکەوە، لەگەڵ بەربەرەکانێی توندی ئەرتەشی ئۆکڕاینا و خۆڕاگریی قارەمانانەی خەڵکی ئەو وڵاتە ڕووبەڕوو بوویەوە .

لەڕاستیدا، سوپای ڕووسیا تووشی سەرلێشیواوی بووە، بۆ تەسلیمکردن و بەچۆکداهێنانی ئۆکڕاینایییەکان، زۆر بێبەزەییانە بە هەموو جۆرە چەکێک شار و گوندەکانیان داوەتە بەر دەسرێژ، دەستیان لە گیان و ماڵی هاووڵاتیانی سویل و پیر و پەککەوتە و منداڵانی ئۆکڕاینا نەپاراستووە. ماڵ و ژیانی خەڵکی بێتاوانی ئۆکڕاینا کراوەتە ئامانجی مووشەکە زەبەلاحەکانی ڕووسیا و دارمان و وێران بوون بەڵام تا ئێستا سوپای ڕووسیا لە شەڕی ئۆکڕاینادا سەرکەتوو نەبووە. ئەرتەشی ڕووسیا کە لە نێو شارەکان و دەوروبەردا زەبری قورسی وێکەتبوو بۆ ئەوەی ئابڕووی خۆی بکڕێتەوە، ڕایگەیاند کە، قۆناخی یەکەمی شەڕ تەواو بووە و لە دەوروبەری کییێف پاشەکشەی کرد.

ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە ڕووسیا لەڕووی ناچارییەوە هەڵوێستی ڕۆژانی یەکەمی شەڕی گۆڕی و بەقەولی ڕۆژنامەی واڵ ستریت جۆرناڵ: «چیتر ناڵێ بە گورزی سەربازیی ئۆکڕاینا دەخەینە ژێر دەسەڵاتی خۆمان.» ئۆکڕاینا پارویەکی ئەوەندە چەور و نەرم نەبوو کە بتوانێ بە ئاسانی قووتی بدا.

ئێستا هێز کۆ دەکاتەوە و قورسایی شەڕەکەی خستۆتە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکڕاینا لە لێوارەکانی دەریای ڕەش و شاری ماریۆپۆل و پارێزگاکانی لۆهانسک و دونێتیسک (دونباس) بەڵکوو هەرچۆنێک بێ بەشێوەیەک ڕابگەیەنێ، ئەو ئامانجەی کە بەدوایەوە بووین وەدستمان هێنا.

سوپای ڕووس لە دەوروبەری شاری کییێفی پێتەختی ئۆکڕاینادا پاشەکشەی کرد. لە کاتی پاشەکشەدا لە شاری بوچا نزیک پێتەخت دەستیان کرد بە کوشتار و قەتڵوعامی خەڵکی سویل و هەموو ڕق و قینی تێکشکانەکانیان بە سەر خەڵکی سویلی ئۆکڕاینادا ڕشت.

زیاتر لە ٣٠٠ کەسیان لە خەڵکی بێتاوانی شاری بوچا کوشت. ئەو کردەوە جینایەتێکی سامناک بوو کە سوپای ڕووس دەرحەق بە خەڵکی ئۆکڕاینا کردیان. نەک هەر لەوێ بەڵکوو لە شاری ماریۆپۆلیش کە نزیک بە دوو مانگە لەلایەن هێزەکانی ڕووسیاوە گەمارۆ دراوە و تاوان، جینایەتی شەڕ، کوشتار و دەستدرێژییان کردوەتە سەر ژن و منداڵی ئەو شارە. هێزەکانی ڕووسیا دوای گەمارۆدانی شاری ماریۆپۆل لە لێواری دەریای ئازۆف، ئەو شارەیان خستە بەر پەلاماری توندی هێرشی مووشەکی و تۆپبارانی خەست. ڕۆژبەڕۆژ بازنەی گەمارۆکانی سەر ئەو شارەیان بەرتەسکتر کردووە. ئێستا کارگەی پیشەسازی پۆڵای ئازۆڤستاڵ لە ماریۆپۆل لە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکڕاینا لە گەمارۆی سوپای ڕووسیادایە، ئەو کارگەیە ئاخرین سەنگەری بەرگریکردنی سەربازانی ئۆکڕاینا لە ماریۆپۆلە. کاربەدەستانی ئۆکڕاینا بە هاوکاریی خاچی سووری نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵ دەدەن خەڵکی سویلی ئەو شارە لە کارگەی پۆڵای ئازۆڤستاڵدا کە لە گەمارۆی هێزەکانی ڕووسدایە و لە بارودۆخێکی سەختدا دەژین، لەوێ ڕابگوێزن بۆ شاری زاپۆژیریا.

ئەو ئاوارانەی کە لە ماریۆپۆل ڕزگار کراون دەگێڕنەوە کە لە هەر چەند چرکەیەکدا مووشەک بناغەکانی ئەو پەناگایانەی دەلەرزاندەوە کە ئەوان تێیدابوون و بارودۆخی ژیانیان لەوپەڕی خراپیدا بووە. بەدوای هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکڕاینا چەند میلیۆن لە خەڵکی سویل ژیانیان لێ تێکچووە و ئاوارەی شار و شارۆچکەکانی ڕۆژاوای ئۆکڕاینا بوون. نزیک بە ٦ میلیۆن کەس لە ماڵ و حاڵی خۆیان تەرە بوون و پەنایان بۆ وڵاتانی دیکەی ئورووپا هێناوە کە لەو نێوەدا پۆلۆنیا پشکی شێری وەبەرکەوتووە. لەگەڵ ئەوەی زۆر کەس و لایەن لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکڕاینا زۆر ناکێشێ و سوپای ڕووس لە ماوەیەکی کورتدا، ئۆکڕاینا داگیر دەکا و دەست بە سەر کییێف، پێتەختی ئەو وڵاتە دادەگرێ و پوتین حکومەتێکی لایەنگری خۆی لەوێ دادەمەزرێنێ بەڵام لەڕاستیدا وا نەهاتەدەر، شەڕەکە خەریکە دۆخێکی دیکە بەخۆوە دەگرێ و دەگۆڕێ بەرەو شەڕێکی درێژخایەن کە ئەوەش بەقازانجی ڕووسیا نابێ.

تەنانەت ئێرانیش کە خۆی لە بەرەی ڕووسیادا دەبینێتەوە چاوەڕوانییەکی دیکەی لە ئاکامی ئەو شەڕە هەبوو و ئەوانیش پێیان وابوو کە ڕووسیا لە ماوەیەکی کورتدا ئۆکڕاینا دەگرێ و پوتین دەبێتە کوێخای ئاوەدانی. هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکڕاینا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چارەنووسی دانیشتنەکانی ڤییەن بۆ زیندووکردنەوەی بەرجامیش داناوە، هیچ وێناچێ کە پوتین بەتەواوی لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بێ. شەڕەکە لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکڕاینادا بەشێوەی نادیاریکراو و مووشەکباران بەردەوام دەبێ. وڵاتانی ڕۆژاوایی بەپشتیوانی لە ئۆکڕاینا، گەمارۆی قورسی ئابووری و وزە و بانکی دەخەنە سەر ڕووسیا و لە بواری زانیاریی و نیزامی و لۆجستیکی و ماڵی، یارمەتی ئۆکڕاینا دەدەن بەڵام زۆربەی لێکوڵەرە سیاسییەکانی ئێرانی لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە کاربەدەستە پلەباڵاکانی ئێرانی لەو شەڕە و هەڵەکانی سەرۆک پوتین لە هێرش بۆ سەر ئۆکڕاینا دەرس وەردەگرن و پشتیوانی لێناکەن و لە بەرەی ڕووسیا دوور دەکەونەوە؛ بەڵام لەو ماوەیەدا بینیمان کە سەید عەلی خامنەیی ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی و ئیبراهیم ڕەییسی نەتەنیا کردەوەی داگیرکارانەی پوتینیان مەحکوم نەکرد بەڵکوو بەتەواوی لە پشتی وەستان و بەکردەوە هەموو هەڵەکانی پوتینیان خستە سەرشانی ئامریکا؛ تەنانەت ئێرانییەکان پێیانوایە کە، دوای شەڕی ئۆکڕاینا، جیهانی تاکجەمسەری بەرەو نەزمی جیهانی دووجەمسەری دەڕوا کە جەمسەرێکی ئەو جیهانە، وڵاتانی ڕۆژاوا بە سەرکردەیی ئامریکا و جەمسەرەکەی دیکەی ئەم جیهانەش ڕۆژهەڵاتە کە پێکهاتووە لە چین وەک هێزی دەگمەن و بێهاوتای ئابووریی، ڕووسیا خاوەن هێزی پتەوی سەربازیی و ئێران خاوەنی هێزیکی هاوچەشنی نیزامی و توانای ئەتۆمی و ڕاگریی بەرەی موقاومەت! بێئاگا لەوەی چەندین ساڵە جیهان لەبواری ئابووریی بۆتە چەندجەمسەری.

لەکاتێکدا نە چین و نە ڕووسیا بڕوایان بەو لێکدانەوە نییە و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆژاوادا خۆیان بەدوور ناگرن لەبواری سیاسی و ئابوورییەوە ئامادە نین وڵاتانی عەرەبی و ئیسراییل وەلاوە بنێن و ئێران لەباوەش بگرن. ئەو بۆچوونە کاربەدەستانی باڵای ئێرانی تەنیا خۆشخەیاڵییە! چونکە جیهانی ئەوڕۆ جیهانی عەولەمە و گلۆبالیزمە و هەموو وڵاتان لەباری ئابووری پێویستییان بە هاوکاریی یەکتر هەیە. هەر ئێستا کە لە ئۆکڕاینا شەڕە، کاریگەریی ئەو شەڕە و ڕەوتی پەنابەریی کاریگەریی ئابووریی لە سەر هەموو جیهان داناوە و لە بازاڕەکاندا نرخی خواردەمەنی و وزە و شتومەک زۆر چووەتە سەرێ.

لە کاتێکدا سوپای ڕووسیا بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی خاکی ئۆکڕاینای داگیر کردووە و بۆردوومان و هێرشی مووشەکی بەردەوامە ڤێلادیمێر زیلێنسکی سەرۆکی ئۆکڕاینا ڕۆژی چوارشەمە ٥ی مای لەپێوندی لەگەڵ ڕۆژنامەی واڵ ستریت جورناڵدا گوتی: «سوپای وڵاتەکەی توانیوییەتی پێشڕەوی هێزەکانی ڕووسیا ڕابگرێ». بەڵێنشی دا کە هەموو ئەو خاکەی ئۆکڕاینا کە سوپای ڕووسیا داگیری کردووە ئازادی بکا. ئێمە لە قۆناغی ئازادسازیی زەوییە داگیرکراوکانماندایان و لە پشتەوەڕا دەوری سوپای ڕووس دەگرین.

ڕێبەری ئۆکڕاینا گوتی ئێمە هەوڵ دەدەین هێزەکانی ڕووسیا بگێڕینەوە شوێنەکانی پێش هێرشی ٢٤ی فێوریەی ٢٠٢٢ و سەرەوەری بۆ وڵاتەکەمان بگێڕینەوە. تەنانەت شێوەدوورگەی کریمەش کە لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن ڕووسیاوە داگیرکراوە بە وتووێژ وەریبگرینەوە.

## دیار زاگرۆس

# بۆ کرماشان؟



**پژمان شەریعەتی**

لەو کاتەوە کە شارەکان و ئیمپراتوری و دەسەڵات لە جیهاندا سەری هەڵداوە، داگیرکاری و هێرش و شەڕ بەشێک بووە لە مێژووی مرۆڤایەتی و لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لە شەڕی ئیمپراتۆری و دەسەڵاتەکان و هەر کامەیان مەبەستی جیاوازیان بووە؛ وەکوو بەرینکردنی وڵات، دەسپێراگەیشتن بە سەرچاوە سروشتییەکان، بەربڵاوکردنی دینەکان و دەیان هۆکاری دیکە.
لەو سەردەمەدا، شەڕەکان بە تەواوەتی فیزیکی بوونە و هێز و چۆنیەتی شەڕ و کەرەستەکانی شەڕ یەکلاییکەرەوە بوون و گۆڕینی سنووری وڵاتەکان هیچ گەرەنتییەکیان نەبووە و هەتا ئێستایش بەشێک لەو سنوورانە لە جێی خۆیان ماونەتەوە و دەیان نەتەوە لە جیهاندا هێشتا خاوەن دەسەڵاتی خۆیان نین و وەکوو نەتەوە بێ دەوڵەتەکان ناویان دەبەن.
لە دونیای ئەمڕۆدا خاڵی جێی ئاماژە ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو چەشنە پێشکەوتنەکان هێشتا عەقڵیەتی داگیرکاری لە زەینی تاکەکان و دەسەڵاتەکان لە جێی خۆی ماوەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە چەمکی ناسیۆنالیزم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە جیهاندا پەرە دەستێنێت.
لە ئێستای جیهاندا کۆلۆنیالیزم، شێوازی دیکەی بە خۆیەوە گرتووە و ئەو عەقڵییەتە تەنیا لە شەڕی فیزیکی و گواستنەوەی هێز زۆر کەمڕەنگ بووەتەوە و کەمتر ڕوو دەدات کە بە شێوازە نەریتییەکەی جێبەجێ بکرێ، بەڵکوو داگیرکاری لە ڕێی ئاسمیلاسیۆن، ئابووری، ئێنێرژی و ژینگەیی ڕۆڵی سەرەکیان هەیە و داگیرکەران بۆ بەرپەرچدانەوەی ناسیۆنالیزم کە ئێستا بەهێزترین ئیدئۆلۆژییە لە جیهان، پێناسەی جیاواز لە دەوڵەت-نەتەوە دێنن.
لێرەدا ئێمە دێینە سەر کوردستان کە وەکوو گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا دەناسرێت و هەر لە سەردەمی شەڕە سوننەتییەکان و ئیمپراتورییەکان سنووری ئەم وڵاتە بە بەردەوامی گۆڕدراوە.
لەو کاتەوە کە کورد دەسەڵاتی خۆجێیی نامێنێت و دابەش دەبێت بەسەر وڵاتان، بەردەوام لە هەوڵدا بووە کە ببێتە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ و لە ڕێگەی جیاواز تێکۆشانی کردووە و هەتا دەگاتە ئەمڕۆ هەر بەردەوامە و بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێت؛ بە تایبەتی لەو کاتەوە کە لە جیهاندا یاسا سەروەر بووە و مافی مرۆڤ گرینگی پێدەدرێت و ئەندێشەی مودێڕن لە جیهاندا زاڵ دەبێت، کورد مافی سەرەکیی خۆیەتی کە وڵاتێکی سەربەخۆی هەبێت.
لە کوردستانی دابەشکراودا، ئێمە لێرە باس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، کە لە سنووری سیاسی و جوغرافیایی ئێراندایە و لەم نێوانەیشدا تەرکیزمان لەسەر کرماشانە کە بۆ ئەم پارێزگایە کە بە گەورەترین پارێزگای کوردستان ناو دەبردرێت لە ڕەوتی کوردایەتی ناچالاک کراوە و ئاسمیلاسیۆنی داگیرکەر کاریگەری زۆری لەسەر ئەم پارێزگایە داناوە.
بۆ دەرکەوتنی هۆکارەکان دەبێ ئاورێک بدەینەوە لە شەڕە سوونەتی و مودێرنەکانی جیهان، بە چاولێکردنێکی سەرەتایی لە شەڕە سوننەتییەکان بۆمان دەردەکەوێت کە داگیرکەران و هێرشبەرانی ئەو سەردەمە بۆ دەسبەسەرداگرتنی وڵاتێک کە بۆ نموونە خاوەن دە شار بووە، چەندین خاڵیان لەبەرچاو گرتووە، پێتەختی ئەو دەسەڵاتە، ئەو شارەی کە خواردن و تفاق و چەکوچۆڵی تێدا بووە، ئەو شارەی کە خاون سەرچاوەی سروشتی و ئابووری بووە و ئەو شارەی کە لە بواری حەشیمەتی و فەرهەنگی لە شارەکانی دیکە گرینگتر بووە.
ئەو خوێندنەوەی هێرشبەرانی مێژوو وڵامدەر بووە، چونکە دەسبەسەرداگرتن و داگیرکردنی هەرکام لەو شارانە بووەتە هۆی ئەوەیکە هەموو وڵاتەکە داگیر بکرێت و شارەکان و دەسەڵات تەسلیم بن چوونکە شادەمارەکانی هەر وڵاتێک ئەوانەن، لە جیهانی مودێڕنیشدا هەر بەم چەشنەیە و ئەو شارانەی کە لە بواری ئابووری و سەرچاوە سروشتییەکانەوە خاوەن وزەن و ئیستراتیژیکن گرنگیی تایبەتی خۆیان هەیە.
هەر بۆیە پارێزگایەک وەک کرماشان کە هەموو ئەو خاڵانە لەخۆ دەگرێت و بۆ ئێمەی کورد ئیستراتیژیکە، زۆرترین هێرشی لەسەرە و داگیرکەر بە تەواوی تواناکانییەوە هەوڵ دەدات کە دەستی بەسەر ئەو پارێزگایەدا هەبێت تاکوو ئەو پارێزگایە گرنگە لە گەمارۆی داگیرکەردا بێت و حوکمی لەسەر بکات، پۆتانسیەل و تواناکانی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەگاتە کەمترین ئاستی خۆی و ناتوانێت وڵامدەر بێت و لەڕاستیدا بە دەسبەسەرداگرتنی ئەو شادەمارە بەشەکانی دیکەی ئەم جەستەیە لاواز دەکات.
بۆیە کرماشان بە بەردەوامی دەکرێتە ئامانج تاکوو کورد نەتوانێت بگاتە ئامانجی سەرەکی خۆی و لە زەینی داگیرکەر وەکوو دەسبەسەرداگرتنی ناوچەیەک نییە، بەڵکوو کردنە ئامانجی بزووتنەوەیەکی ڕەوایە.

# تەڵەی پێداویستییە ژینەکییەکان




**سندووس**

پێداویستی یان نیاز چەمکێکی گشتی و بەربڵاوە کە لە زانستە جیاجیاکاندا کارکردی جۆراوجۆری هەیە. پێداویستی لە کلتووری دەروونناسیدا وەک دۆخێکی لەشی، لەگەڵ بواری دەروونی مرۆڤ پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە. خاوەنڕاگەلێکی زۆر تا ئێستا لە سەر پێداویستی، لەنگەریان گرتووە و ڕاوبۆچوونی خۆیان لەهەمبەر ئەم بابەتە هێناوەتە بەرباس، یەکێک لەو کەسانەی لەم بوارەدا خاوەن بەهرەیە و توانیویە کۆی پێداویستییەکانی مرۆڤ لە پێنج دەستەی پەیژەییدا گەڵاڵە بکات «ئابراهام مازلۆ»یە.
مازلۆ یەکێک لەو بیرمەندە بە توانایانەیە کە بە داهێنانی دەروونناسانە، توانیویە شوێنپەنجەی خۆی لە کۆمەڵگادا بنوێنێ و بە هێنانە بەرباسی جۆرەکانی پێداویستییەکانی مرۆڤ، دەرویەکی ڕوون بەرووی ناسینی دەسەڵات بە مانا سیاسییەکەی بە ڕووی کۆمەڵگادا بکاتەوە. ناوبراو بە گەڵاڵەکرنی جۆر و شێوەی پێداویستییەکان کە بە شێوەی پەیژەیەک، لە خوارەوەڕا بەرەو ژوور هەڵدەکشێن، سەلماندوویەتی گەر مرۆڤ پلەی یەکەمی پەیژەکە نەپێوێت و لەم بەشەدا پێداویستییەکانی مسۆگەر نەبن، ناتوانێ بۆ پلەکانیتر هەڵکشێ و لە ئاکامدا وەکوو مرۆڤێکی داماو، دەستەوەستان، خەمۆک و بێهیوا دەمێنێتەوە.
پێنج جۆری پێداویستی مازلۆ بریتین لە:

**١- پێویستی ژینەکی(فیزیۆلۆژی):**
ئەم پێداویستییە، بە سەرەتاییترین جۆری پێداویستی دەقەبڵێندرێ کە مرۆڤ بۆ زیندوومانەوە، دەبێ دابینیان بکات. نیازگەلێکی وەک ئاووهەوا، خواردەمەنی، جلوبەرگ و سەرپۆش و بینایەک کە بتوانێ تێیدا بحەسێتەوە و لە گەرما و سەرما بیپارێزێت.
ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کۆماری ئاخوندی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتە نگریسەکەیەوە، مرۆڤەکانی لە نێو پێداویستی ژینەکیدا ڕاگرتووە و ڕێگەی نەداوە ئەم پێداویستییانە بێنەدی و مرۆڤەکان پلەیەک هەڵکشێن و هەوڵ بۆ دابینکردنی پلەی دووهەمی پەیژەکە بدرێت. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لە گەمارۆی سەخت و چڕی دابینکردنی پێداویستییە ژینەکییەکاندا بوون و کوردوتەنی: «نانی چووەتە پشتی شێران!» دیارە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەنگەرگرتن لە سەر برسی ڕاگرتنی کۆمەڵانی خەڵک بووەتە سەرەکیترین پیلانی ڕێژیم.
کاتێک مووچەگرێک توانای هەڵسووڕاندنی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی نییە، کاتێک کرێکارێک ناتوانێ پێداویستییە ژینەکییەکانی خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکات، کاتێک وەرزێرێک داهاتی یەکساڵەی ئەوەندە نییە کە ژیانێکی نەمرنەژی هەبێت، کاتێک کۆڵبەرێک تەنیا بۆ دابینکردنی قووتی چەند ڕۆژەی خۆی و بنەماڵەکەی سینگ دەداتە بەر گوللە، کاتێک تەنیا داهاتی بنەماڵەیەکی پڕحەشیمەت چەند گاڵۆنی بیست لیتری سووتەمەنی و بە هەزار مەترسی گواستنەوەی بۆ وڵاتێکیتر بێت، کاتێک گۆشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە سەف و سرەی ڕووب، ڕۆن، برینج، ماکارۆنی، قەند، شەکر، گۆشتی سوور و چەند مامرێک، کاتیان بەفیڕۆ بروات و ئەو هەموو سوکایەتییەش قبووڵ بکەن تا بەڵکوو بتوانن ژەمە سفرەیەکی چەوریان هەبێت، ئەمانە گشتیان نیشانەی ئەوەن کە سیستەم بە بەرنامەوە ئەم کارانە دەکات و قووتی خەڵکی بەرادەیەک بریوە تا جگە لە پێداویستییە ژینەکییەکان بیر لە هیچ شتێک نەکەنەوە و کەڵکەڵەی سەرەکییان سەف و نان و خواردن بێت.
لێرەوە دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی دێموکراتیک و خەڵکی، چۆن پەرۆشی ژیان و دابینکردنی خۆراکە، چۆن بوار بۆ هاوژینی دەڕەخسێنێ تا تاک لە کۆمەڵگادا باش بتوانێ هەڵکشێ.
دەسەڵاتی توتالیتێریش چۆن ژیان ژارخوارد دەکات و دەست بەسەر بازاڕی خۆراک و هەموو شتێکدا دەگرێ تا بتوانێ دەست بە سەر چارەنووسی خەڵکدا بگرێت و ئیرادەیان بشکێنێت.

**٢- پێویستیی بە ئاسوودەیی، ئاسایش و هێمنایەتی:**
مرۆڤ پێویستی بە ئاسوودەیی خۆی و کەسانی نیزیک لە خۆی هەیە، ئاژاوە و پەشێوی هۆکاری سەرەکی ترس و دڵەڕاوکێن. پێویستە مرۆڤ لە ترس و لە ئاژاوە دوور بێت، ئەگینا ڕێگەی هەڵکشانی لێ بەربەست دەکرێت و ناتوانێ بەرەو هەورازتر هەنگاو بنێ و بەرەو دابینکردنی پێویستی باڵاتر تێبکۆشێ. لە بارودۆخی ئارامدا، ئاسوودەیی مسۆگەرە و ئینجا دەرفەت دەڕەخسێ بۆ گەشە و سەرکەوتن. کۆمەڵگا لە ژێرچەپۆکی و ترس و هەڕەشەدا هیچکات گەشە ناکات. دەسەڵاتی بەتوانا و دڵسۆز هەرگیز خۆی ناکاتە دێوەزمەی ترسناک و ستەمکار، چوونکە دەزانێت کۆمەڵگا لە ژێر ترس و هەڕەشەدا دەپووکێتەوە. کۆماری ئاخوندی کە بناخەکەی لە سەر ترس و خۆف و تۆقاندن، تیرۆر، زیندانی کردنی ئەو کەسانەی تەنانەت بەشێوەی مەدەنی دەیانهەوێ نارەزایەتی دەربڕن، بارمتەگرتن و تەنانەت ڕاووڕووتی خەڵک دامەزراوە هیچکات ناتوانێ کۆمەڵگایەکی نۆرماڵ و بە دوور لە ترس و تۆقاندن بەڕێوەبەرێت، چوونکە بناخەی ئایدیۆلۆژییەکەی هەر ئەم شێوە بەڕێوەبردنە دەخوازێت.

**٣- پێویستی پەیوەندی و خۆشەویستی**
مرۆڤ پێویستی بە هۆگری و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەیە. گەرەکییەتی بەشێک بێت لە دەستە و سازمان. دەخوازێت وەک تاک جێگەی لە نێو کۆمەڵگادا بسەلمێندرێت و پەیوەندیی بە دەوروبەرییەوە هەبێت. پێویستی بە دۆستایەتی و بە سۆز و ئەڤینەوە هەیە. مازلۆ ناوی ئەم پێویستییەی ناوە «پێویستی ئەڤین» (Love Needs) گەر ئەم پێویستییە مسۆگەر بوو، ئیتر هەوڵدان بۆ جێگرتن و ئەندامێتی لە دەستە و گرووپدا گری نامێنێ. ئەوسا مرۆڤ بڵندتر دەڕوانێ و بەرزەفرتر دەبێت. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە یەکیەتیی ئەورووپا بکەین کە بە سەرنجدان بەم ڕاستییەی کە بەشی هەرەزۆری پێداویستییەکانیان پلە بە پلە جێبەجێ کراون، ئێستا بەرزەفرانە بۆ هیوا بەرزەکان دەڕوانن و توانیویانە بە جێگایەک بگەن کە کەرامەتی ئینسانییان پارێزراو بێت.
کەوابوو ڕێبەرایەتیی کارا دەبێ بوار بۆ دابینکردنی پێویستیی کۆمەڵگا بڕەخسێنێ، دەنا بەهرەی ئەندامانی سازمان - لێرەدا دەکاتەوە کۆمەڵگا - لە بازنەی ئەم پێویستییەدا پەنگ دەخواتەوە و سەرلەبەری ئەم کۆمەڵگایە لە کاروانی مێژوو دادەبڕێت و تەنیا و تەریک دەمێنێتەوە. ڕێک وەک دەسەڵاتە بەرەڵڵا و بێ پرەنسیپەکەی ئاخوندەکان و تەریکخستنەوەی کۆمەڵگای ئێران لە گشت شارستانییەتی ئێستای مرۆڤایەتی.

**٤- پێویستی ڕێزلێنان و پێزانین**
مرۆڤ پێی خۆشە دەوروبەر ئافەرینی پێبڵێن، سەلمێندراو بێت، ببێتە خاوەن پێگە، مرۆڤ دەخوازێ هەم خۆی لە کاروباری خۆی ڕازی بێت و هەم دەوروبەر بە چاوی ڕێزەوە لێی بڕوانێت، سەنگی خۆمان و گرینگی بەرهەمەکەمان ببیندرێت. گەر ئەم پێویستییە دابین نەبێ مرۆڤ هەست بە بچووکی و سەرکزی دەکات. گەر دابین بوو دەبێتە مایەی شانازی و بەرەو ئاستی بەرزتر هەڵدەکشێت.
ئەگەر بەراوردی سیستمی خوێندن و ڕێسای گەشەکردن لە بواری کار و پێگەی فەرمانبەری و فەرمانداری لە دوو وڵات بکەین کە یەکیان سیستمی ڕوون، ڕێسای ئاشکرا و پێوەری دادپەروەری هەیە، مرۆڤ بەگوێرەی بەهرە، هەوڵ و تێکۆشانی خۆی تێیدا گەشە دەکات. وڵاتێکی دیکەش تاکەپێوەر تێیدا خزمایەتی و خزمەتکارییە بۆ سەرۆک و دەسەڵاتداران و هۆگریی و لایەنگریی حیزبییە. دەرهاویشتەی ئەو دوو سیستمە تەواو ئاشکرایە؛ بۆ وێنە داتەپینی سیستمی وڵاتداریی لە ئێران و وڵاتێکی وەکوو کۆریای باشوور زۆر ڕاستیمان بۆ دەردەخات.

**٥- خۆوەدیهێنان**
خۆوەدیهێنان بریتییە لەوەیکە مرۆڤ دەرفەتی هەبێت ئەوپەڕی توانا و بەهرەی خۆی پیادە بکات و لێیان سوودمەند بێ. مرۆڤ دەیهەوێت ببێتە خاوەن ئەزموونی خۆی. خولیاکانی خۆی وەدی بێنێ و بە ئامانج بگات. خۆوەدیهێنان لای هەر مرۆڤێک بە جۆرێک دەردەکەوێت، هەیە دەیهەوێت ببێ بە هونەرمەند، هەیە هەوڵی زانست دەدات، هەیە پێی خۆشە ببێتە مامۆستا و .... بەڵام ئەم ئاواتانە نایەنەدی، تا پێویستییەکانی ژێرتر دابین نەکرێن. بەپێی عادەتی چەندین ساڵەی، خامنەیی ناوی ئەمساڵی ناوە «ساڵی بەرهەمهێنانی زانستەوەر»؛ ئێستا لە ٨٦ هەڵکەوتەی بیرکاریی، ٨٢ هەڵکەوتە کۆچیان کردووە، دوو کەسیشیان بەند کراون، وەک دەزانین بیرکاریی بە دایکی گشت زانستەکان دێتەئەژمار. ڕێژیمی ئاخوندی ئاوا ڕێز لە هەڵکەوتەکانی وڵاتەکەی دەگرێ و گەرەکیشیەتی ئەم ساڵە ساڵی بەرهەمهێنانی زانستەوەر بێت!
ئەو نموونانەی سەرەوە دەریدەخات کە کۆماری ئاخوندی چەندە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و بێ کێشە بێگانەیە و لەڕاستیدا دژایەتیشی دەکات. هەربۆیە کۆمەڵگایان لە هەلومەرجێک هاویشتووە کە تەواوی بایەخە ئینسانییەکان ژێرپێ خراون و ئاکامی ئەم ڕەفتار و سیاسەتەش وڵاتێکی وێران، ئابوورییەکی تێکڕماو، خەڵکێکی برسی، بێڕەوشت، شەڕانگێز، توندوتیژی و دزیش لەوپەڕی خۆیدایە. ئاماری وتەبێژی دەزگای داد دەڵێ: لە ساڵێکدا ٢٢ میلیۆن پەروەندە تەنیا لە دادگوستەریدا لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوە. ئەوەیە ماهییەتی سیستمێک کە بڕیار بوو «هەم دونیامان ئاوەدان کاتەوە و هەم ئاخیرەتمان!»

**تێبینی:**
**بە سەرنجدان بەم ڕاستییەی کە کۆماری ئاخوندی بە ئانقەست کۆمەڵانی خەڵکی لە "پێداویستی ژینەکی"دا هێشتووەتەوە، ئێمەش زیاترین لەنگەرمان هەر لە سەر ئەم بەشە گرتووە.**

# هه‌بوونی ئیراده‌ی به‌ره‌نگاری به‌رانبه‌ر کۆماری ئیسلامی، هێرشه‌کان ده‌وه‌ستێنێ





**ئه‌لبۆرز ڕووئین‌ته‌ن**

یه‌کێک له‌ هه‌واڵه‌کانی ئه‌م ڕۆژانه‌ که‌ ڕۆژه‌ڤی سیاسی هه‌رێمی کوردستان له‌ باشووره‌، هێرشه‌کانی کۆماری ئیسلامی بۆ سه‌ر شاری هه‌ولێره‌؛ ئه‌و هێرشانه‌ که‌ هه‌ندێک جار ڕاسته‌وخۆ له‌ ڕێگه‌ی ئێرانه‌وه‌، هه‌ندێک جار له‌ ڕێگه‌ی گرووپه‌کانی سه‌ر به‌ ئێران له‌ عێراق، ئه‌نجام ده‌درێ له‌ ئاراسته‌ی سیاسه‌ته‌کانی کۆماری ئیسلامی بۆ ناسه‌قامگیرکردنی ناوچه‌ و ده‌ستێوه‌ردان له‌ کاروباری وڵاتانی ناوچه‌ له‌ پێناو درێژکردنه‌وه‌ی ته‌مه‌نی خۆیدایه‌.
ئه‌وه‌ی شایانی باسه‌ ئه‌و دوو گرووپه‌ی که‌ ئه‌مجاره‌یان بۆ پێکانی ئامانجه‌کانیان په‌نا ده‌به‌نه‌ به‌ر هێرشی مووشه‌کی، له‌و شێوه‌ که‌ به‌ په‌لاماری ترسنۆکانه‌ له‌ قه‌ڵه‌م ده‌ده‌رێن، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و «عه‌سائێبی ئه‌هلی حه‌ق و تیپی ۳۰ی حه‌شدی شه‌به‌ک»ـی سه‌ر به‌ کۆماری ئیسلامین، به‌ ڕێکه‌وت نییه‌ که‌ ئه‌و دوو لایه‌نه‌ تیرۆریستییه‌ له‌ یه‌ک تاکتیک که‌ڵک وه‌رده‌گرن؛ وێڕای تیرۆریستی بوونی ئه‌و دوولایه‌نه‌، له‌ کۆتاییدا خزمه‌ت به‌ یه‌ک ستراتیژ ئه‌ویش ناسه‌قامگیرکردنی ناوچه‌ و عێراق ده‌که‌ن، زیاتر له‌ یه‌کانگیری ئامانج ده‌کرێ بڵێین ته‌نانه‌ت له‌ یه‌ک ژووری ئۆپه‌راسیۆن به‌رنامه‌ڕێژی ده‌کرێن.

ئه‌وه‌ی بۆچی ئامانجی ئه‌و هێرشانه‌ زیاتر هه‌ولێری پێته‌ختی هه‌رێمی کوردستانه‌؟ وه‌ڵامێکی زۆر ڕوون هه‌یه‌؛ ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌ که‌ کۆماری ئیسلامی ده‌یهه‌وێ به‌و هێرشانه‌ی، که‌ په‌یامی خۆی بۆ زۆر لایه‌ن ده‌نێرێ، زیان به‌ کورد و کوردستان بگه‌یه‌نێ، ئه‌و بابه‌ته‌ واته‌ زیانگه‌یاندن به‌ کورد و کوردستان له‌ هه‌ر ئاستێکی ئابووری، سیاسی، ته‌نانه‌ت کۆمه‌ڵایه‌تیش بێ هه‌ر به‌ته‌نیا وه‌ک چه‌قی سیاسه‌تی کۆماری ئیسلامی به‌ دژی کورد خۆی ده‌بینێته‌وه‌.
کۆماری ئیسلامی له‌لایه‌ک بانگه‌شه‌ی ئه‌وه‌ ده‌کات که‌ ئێمه‌ هه‌ولێرمان پاراستووه‌، له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌ ئه‌و هه‌ولێره‌ی که‌ پاراستوویه‌تی وه‌به‌ر مووشه‌ک ده‌دات، که‌ ئه‌مه‌ جارێکی دیکه‌ش درۆ و پارادۆکسه‌کانی کۆماری ئیسلامی ده‌رده‌خه‌ن.
له‌ ئاستی نێوخۆی ئێران، کۆماری ئیسلامی به‌ ماشینی پڕوپاگه‌نده‌ی خۆی له‌ نێوخۆدا ده‌یهه‌وێ ئه‌وه‌ به‌ لایه‌نگرانی بڵێ که‌ کۆماری ئیسلامی له‌ڕووی به‌هێزییه‌وه‌یه‌ که‌ ده‌توانێ ئه‌و هێرشانه‌ ئه‌نجام بدات و توانیویه‌تی ته‌نانه‌ت زیان به‌ ئیسرائیل بگه‌یه‌نێت و تۆڵه‌ی خۆی بکاته‌وه‌. ئه‌و پڕوپاگه‌ندایه‌ی کۆماری ئیسلامی هه‌ر زوو بۆ هه‌موو لایه‌ک ڕوون و ئاشکرا ده‌بن، کاتێک ده‌بینن که‌ ئیسرائیل به‌ ڕۆژی ئاشکرا گورزی سه‌خت له‌ ئێران ده‌وه‌شێنێ، ئێران نه‌ک به‌ هێرش بۆ سه‌ر شوێنێک که‌ ئه‌گه‌ری هه‌بوونی ئیسرائیلی لێیه‌، به‌ڵکوو ئه‌گه‌ر هێرشی ڕاسته‌وخۆش بکاته‌ سه‌ر ئیسرائیلیش ناتوانێ تۆڵه‌ بکاته‌وه‌، وه‌ک نموونه‌ی هه‌ره‌به‌رچاوی ئه‌و بابه‌ته‌، ده‌توانین ئاماژه‌ به‌ پووچه‌ڵکردنه‌وه‌ی دوایین پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆری کۆنسولی ئیسرائیل له‌ ئیستانبول بکه‌ین. له‌و ئۆپه‌راسیۆنه‌ی موساد و شاباک ڕێکخراوی هه‌واڵگری نێوخۆی ئیسرائیلدا، بکه‌ری سه‌ره‌کی ئه‌و پیلانه‌ له‌ تاران ده‌گیرێت و لێپرسینه‌وه‌ی لێ ده‌کرێت و وێنه‌ و ده‌نگی لێ هه‌ڵده‌گیرێت و دوایی ئازاد ده‌کرێت، دوای پێنج مانگ به‌ گوێره‌ی هه‌ندێک ڕاپۆرتی میدیایی بۆ سووکایه‌تی پێکردن و گاڵته‌کردن به‌ هێزه‌ هه‌واڵگرییه‌کانی کۆماری ئیسلامی که‌ ئه‌و هه‌موو تیچووه‌ی هه‌یه‌ ئاشکرا و بڵاوی ده‌کاته‌وه‌.
ئیسرائیل له‌ تارانه‌ و کۆماری ئیسلامی ده‌یهه‌وێ به‌ هێرش کردنه‌ سه‌ر هه‌ولێر تۆڵه‌ی خۆی بکاته‌وه‌، ئه‌وه‌ به‌ کۆمێدیترین پڕۆپاگه‌نده‌ی به‌هێزبوونی ڕێژیمه‌ دیکتاتۆر و تۆتالیتێره‌کانی مێژوو هه‌ژمار ده‌کرێت.
له‌ ئاستی عێراقدا، کۆماری ئیسلامی به‌و هێرشانه‌ ده‌یهه‌وێ به‌ زۆری مووشه‌کیش بێت حه‌شدی شه‌عبی و لایه‌نگری له‌ سه‌ر مێزی دانووستاندن بۆ به‌شداریکردن له‌ حکومه‌تی داهاتوو پاڵ پێوه‌ بنێت و به‌ هه‌ولێریش بڵێ یا تا سه‌ر گوێڕایه‌ڵی من ده‌بی یا به‌ هێرشی وا ترسنۆکانه‌ هێرشت ده‌که‌ینه‌ سه‌ر. بۆ ئه‌و بابه‌ته‌ پێویسته‌ هێز و لایه‌نه‌ سیاسییه‌کانی عێراق به‌گشتی و به‌توندی له‌ به‌رانبه‌ر ئه‌و ده‌ستێوه‌ردان و تێکدانه‌ی کۆماری ئیسلامی بوه‌ستنه‌وه‌. ئه‌گه‌ر ئیراده‌یه‌کی به‌هێز بۆ کورتکردنی ده‌ستی ئێران له‌ خۆیان نیشان نه‌ده‌ن، کۆماری ئیسلامی له‌و سیاسه‌ته‌ی خۆی به‌رده‌وام ده‌بێت و داواکارییه‌کانی ڕۆژ به‌ ڕۆژ زیاتر ده‌کات، ئه‌گه‌ر پرسیار لێره‌دا ئه‌وه‌ بێت که‌ ئایا هیز و لایه‌نه‌ سیاسییه‌کانی عێراق به‌گشتی توانای ئه‌وه‌یان هه‌یه‌ که‌ ڕووبه‌ڕووی ئه‌و سیاسه‌ته‌ی کۆماری ئیسلامی ببنه‌وه‌؟ بێگومان هه‌موو هێز و لایه‌نه‌ سیاسییه‌کان هێزی ئه‌وه‌یان هه‌یه‌، ئه‌گه‌ر ئیراده‌ی به‌ره‌نگاری له‌ خۆیان نیشان بده‌ن. ڕێژیمه‌ دیکتاتۆره‌کان به‌ هۆی ئه‌و پڕۆپاگه‌نده‌یه‌ی که‌ هه‌یانه‌ ترس و تۆقاندن درووست ده‌که‌ن، به‌ڵام له‌ڕاستیدا ده‌رده‌که‌وێ که‌ ئه‌و ڕێژیمانه‌ خاوه‌نی ئه‌و هێزه‌ نین که‌ پڕۆپاگه‌نده‌ی بۆ ده‌که‌ن، کۆماری ئیسلامی نمونه‌ی هه‌ره‌ باشی ئه‌و بابه‌ته‌یه‌، کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی له‌ نێوخۆدا کلۆل بووه‌ که‌ هه‌ر بایه‌ک ده‌توانێ وه‌ له‌رزه‌ی بخات و بیڕوخێنێ.
ته‌نانه‌ت وڵامی ئه‌و پرسیاره‌ ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ بێت که‌ به‌ره‌نگاریی سیاسه‌تی کۆماری ئیسلامی له‌ عێراقدا ئه‌سته‌مه‌، چه‌ندیش ئه‌سته‌م بێت سه‌ره‌تای ده‌ربازبوونی عێراق له‌ هه‌موو ئه‌و قه‌یرانانه‌ی که‌ هه‌یه‌تی له‌ کورتکردنی ده‌ستی ئێرانه‌وه‌ تێپه‌ڕ ده‌بیت، که‌واته‌ ئه‌گه‌ر مه‌به‌ست له‌ سیاسه‌ت بۆ ئه‌و هێزانه‌ خزمه‌تکردنه‌ به‌ خه‌ڵکی خۆیان ده‌بێ زۆر به‌ توندی ڕووبه‌ڕووی سیاسه‌تی کۆماری ئیسلامی ببنه‌وه‌.
له‌ ئاستی ناوچه‌ییدا، کۆماری ئیسلامی به‌و هێرشانه‌ ده‌یهه‌وێ درێژه‌ به‌ ناسه‌قامگیرییه‌کانی خۆی له‌ ناوچه‌ بدات و به‌و شێوه‌یه‌ کارتی کۆماری ئیسلامی له‌ سه‌ر مێزی دانوستاندن ئه‌و ئاسایش و سه‌قامگیرییه‌ بێت که‌ له‌ ناوچه‌دا به‌ بارمته‌ی گرتووه‌، پێویسته‌ له‌و بواره‌شدا ئاماژه‌ به‌و ڕاستییه‌ بکه‌ین که‌ به‌جێهێنانی ویسته‌کانی بارمته‌گر، بارمته‌گر له‌ به‌رده‌وامی کاره‌که‌ی ناوه‌ستێنێ، به‌ڵکوو هانی ده‌دات که‌ به‌ شێوه‌یه‌کی توندتر به‌رده‌وام بێت، چوونکه‌ ویسته‌کانی به‌و شێوه‌یه‌ هاتوونه‌ته‌ دی؛ هه‌ر بۆیه‌ش سه‌ره‌تای سه‌قامگیری له‌ ناوچه‌ پێویستی به‌ یه‌کگرتنێکی جیدی به‌رانبه‌ر ئێران هه‌یه‌، ئه‌گه‌رنا ڕاوه‌ستانی کۆماری ئیسلامی مومکین نابێ.
دوێنێ پاڵاوتگه‌کانی عه‌ره‌بستان، ئه‌مڕۆ هه‌ولێر، دوێنێ گه‌ڕه‌کی ئیسرائیل‌نشینی حه‌یفا، ویلایه‌ک له‌ هه‌ولێر، ئاپارتمانێک له‌ دوبه‌ی، یا ماڵێک له‌ ئه‌بووزه‌بی و شارجه‌، له‌ به‌یروت یا سه‌نعا یا به‌غدا ئه‌و ئاگره‌ بچووکانه‌ی که‌ کۆماری ئیسلامی له‌ ناوچه‌ ده‌یکاته‌وه‌ گه‌وره‌و گه‌وره‌و گه‌وره‌تریش ده‌بێت. ڕاسته‌ له‌ کۆتاییدا هه‌ر ئێرانه‌ که‌ به‌ گڕی ئه‌و ئاگرانه‌ ده‌سووتێ، به‌ڵام هه‌رچه‌ند زووتر پێشگیری بکرێ گریمانه‌ی سووتانی زیاتری ناوچه‌ که‌متر و که‌متر ده‌بێت.
له‌ ئاستی نێونه‌ته‌وه‌یی و وڵاتانی پێنج کۆ یه‌ک و ڕێککه‌وتنامه‌ی به‌رجامدا، کۆماری ئیسلامی له‌و هێرشانه‌دا په‌یامێکی ڕوونی هه‌یه‌، ئه‌و په‌یامه‌ باس له‌ چه‌کی کۆماری ئیسلامی بۆ ماڵوێرانی ناوچه‌ ده‌کات؛ بۆئه‌وه‌ی دونیا گوێڕایه‌ڵی داوا ناڕه‌واکانی بکات، ئه‌گه‌ر مه‌به‌ستی دونیا له‌ ڕێککه‌وتن له‌گه‌ڵ کۆماری ئیسلامی کۆنتڕۆڵی ئێران و پێشگیری کردنی ئێران له‌ گه‌یشتن به‌ چه‌کی ناوکییه‌ بۆ ئه‌وه‌یکه‌ زیاتر ماڵوێرانی درووست ده‌کات، پێویسته‌ ئه‌و ڕاستییه‌ بزانن ئێستا که‌ چه‌کی ناوکی له‌ئارادا نییه‌، به‌ڵام چه‌کی ماڵوێرانکردنی وڵاتانی ناوچه‌ به‌ باشترین شێوه‌ کاری خۆی ده‌کات، هه‌ر بۆ وه‌بیرهێنانه‌وه‌ی دونیا ئه‌و چه‌که‌ی کۆماری ئیسلامی زیاتر له‌ یه‌ک میلیۆن کوژراو و بریندار له‌ سوریه‌ لێکه‌وتوه‌، هه‌روه‌ها به‌ میلیۆنان په‌نابه‌ر و به‌ سه‌دان تابلۆی تراژیکی دیکه‌.
چه‌کی ناوکیش هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ ده‌توانێ وێرانکه‌ر بێت، بۆیه‌ ئه‌وه‌ باش بزانین هیچ ڕێککه‌وتنێک ناتوانێ ئێران کۆنترۆڵ بکات، ته‌نیا ترسی نه‌مانی بێت، تا که‌ی ده‌یانهه‌وێ درێژه‌ به‌ سیاسه‌تی شکستخوارده‌وی خۆیان واته‌ هه‌ڵکردن له‌گه‌ڵ ئێران که‌ به‌رده‌وام قوربانی لێده‌که‌وێته‌وه‌ به‌رده‌وام بکه‌ن؟
له‌کۆتاییدا ده‌مهه‌وێ له‌ سه‌ر ئه‌و بابه‌ته‌ جه‌خت بکه‌مه‌وه‌ که‌ ئه‌و هێرشانه‌ هێرشی به‌هێزی نین، به‌ڵکوو ئه‌وپه‌ڕی بێهێزی نیشان ده‌ده‌ن. هه‌رکاتێکیش ئیراده‌ی ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی کۆماری ئیسلامی به‌رجه‌سته‌ بوو، ده‌توانن پێش به‌ ئێران بگرن ئه‌گه‌ر نا، مومکین نییه‌ و به‌دڵنیاییه‌وه‌ تێچووی به‌ره‌نگاری له‌ به‌رانبه‌ر کۆماری ئیسلامی زۆر که‌متر له‌ گوێڕایه‌ڵی کۆماری ئیسلامییه‌.

## وێستگه

## ڕۆژی خوێندکار و ژنانی خوێندکار



**نووسین: هێمۆ**

له‌ ڕۆژژمێری ئێمه‌دا ڕۆژی ۱۲ی بانه‌مه‌ڕ وه‌کوو ڕۆژی خوێندکاری کورد ناودێر کراوه‌. ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن له‌ خه‌بات و تێکۆشانی شه‌هید سمایل شه‌ریفزاده‌ که‌ وه‌کوو نموونه‌ی خوێندکارێکی چاوکراوه‌ و تێگه‌یشتووی ئه‌م نیشتمانه‌ چووه‌ ڕیزی کاروانی نه‌مرانه‌وه‌. له‌وه‌ته‌ی وه‌کوو کورد که‌وتووینه‌ته‌ به‌ر په‌لاماری دوژمنانه‌وه‌ و لێمان کوژراوه‌ و سته‌ممان لێ کراوه‌، که‌سانێک هه‌بوون که‌ بوونه‌ته‌ پێشه‌نگ و جڵه‌وی خه‌باتی ڕزگاریخوازانه‌ و مافخوازانه‌ی ئێمه‌یان وه‌کوو نه‌ته‌وه‌ی کورد به‌ ده‌سته‌وه‌ گرت تاکوو کاروانی خه‌باته‌که‌مان پڕشکۆ و به‌هێزه‌وه‌ درێژه‌ به‌ ڕێگاکه‌ی بدات.
له‌ هه‌ر قۆناغێکدا که‌سانێک بوون که‌ ببنه‌ سه‌رچاوه‌ی هیوا بۆ خه‌ڵک و نیشتمانه‌که‌یان و خۆیان بکه‌ن به‌ قوربانی تاکوو کاروانه‌که‌ به‌ وێستگه‌ی ڕاسته‌قینه‌ی خۆی بگات؛ هه‌رچه‌ند تاکوو ئێستا ئامانج مسۆگه‌ر نه‌بووه‌ و قوربانی زۆریشمان داوه‌ به‌ڵام گرینگ ئه‌وه‌یه‌ که‌ به‌رده‌وامین و هه‌ر ده‌بێ ئه‌م کاروانه‌ به‌ کۆتاوێستگه‌ بگه‌یه‌نین! ئه‌وه‌یکه‌ له‌ چوارچێوه‌ی ئه‌م وتاره‌دا جێگا ده‌گرێت ئاوڕدانه‌وه‌یه‌که‌ له‌ چالاکیی خوێندکاری و تێکۆشانی ئه‌م توێژه‌ له‌ پێناو ئامانجی گه‌وره‌تری سه‌ربه‌ستی نه‌ته‌وه‌ییدا، که‌ پێویسته‌ زۆر زیاتر و شاره‌زایانه‌تر و له‌ ڕه‌هه‌ندگه‌لی جیاوازتریشه‌وه‌ تیشکی بخرێته‌ سه‌ر.
ئه‌مه‌ ڕاسته‌ که‌ بزووتنه‌وه‌ی خوێندکاریی کورد، له‌گه‌ڵ بزووتنه‌وه‌ی خوێندکاریی سه‌رتاسه‌ری له‌ ئێراندا، کۆمه‌ڵێک خاڵی هاوبه‌شیان هه‌یه‌ به‌ڵام له‌ڕاستیدا خاوه‌ن کۆمه‌ڵێک جیاوازیی بنه‌ڕه‌تیشن که‌ هه‌رئه‌م خاڵه‌ جیاوازانه‌ن که‌ خه‌بات و تێکۆشانی خوێندکاری کورد ده‌به‌نه‌ چوارچێوه‌یه‌کی ڕادیکاڵتره‌وه‌ و وا ده‌کات که‌ هه‌ڵسوکه‌وته‌کانیش له‌ لایه‌ن ناوه‌ند و داموده‌زگا سه‌رکوتکه‌ره‌کانی ڕێژیمه‌وه‌ به‌م نیسبه‌ته‌ ڕادیکاڵتر و توندتر بن و به‌ربه‌سته‌کانیش زیاتر.
له‌ڕاستیدا داخوازیی خوێندکاری کورد، چونکه‌ به‌شێکی به‌ڕوونی خواستی نه‌ته‌وایه‌تی و پرسی نیشتمانه‌که‌یه‌تی، ده‌چێته‌ چوارچێوه‌یه‌که‌وه‌ که‌ چیدیکه‌ ناکرێ ته‌نیا وه‌کوو خواستی سینفێکی تایبه‌تی کۆمه‌ڵگا و وه‌ک ئه‌وه‌ی که‌ به‌شێوه‌ی سه‌رتاسه‌ری ده‌بینرێ چاوی لێ بکرێت. خوێندکاری کورد به‌و پێشینه‌ سیاسییه‌وه‌ که‌ له‌ مێژوو و کۆمه‌ڵگاکه‌یدا هه‌یه‌ ناتوانێ به‌نیسبه‌ت دۆخی هه‌نووکه‌یی هه‌ستیار نه‌بێت، هه‌ر بۆیه‌ له‌ چوارچێوه‌ی چالاکی له‌ زانکۆدا هه‌وڵ ده‌دات تاکوو کێشه‌ و گرفته‌کان به‌تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی که‌ وه‌کوو پرسی نه‌ته‌وه‌یی ناویان لێ ده‌بردرێ ده‌ستنیشان بکات و هه‌وڵ بۆ گه‌یشتن به‌ مافه‌کانی بدات. له‌ ماوه‌ی ساڵانی ڕابردوودا به‌پێی ئه‌و دۆخه‌ی که‌ به‌ سه‌ر کۆمه‌ڵگای ئێران و کوردستاندا به‌گشتی زاڵ بووه‌ و گرینگتر له‌ هه‌مووی لاوازبوون و نه‌مانی مه‌شرووعیه‌تی کۆماری ئیسلامی له‌ لایه‌ن خه‌ڵکه‌وه‌، خوێندکاران توانیویانه‌ به‌ شێوه‌یه‌کی به‌رین و کاریگه‌ر له‌ سه‌ر پرسه‌کانی کۆمه‌ڵگا کار بکه‌ن، ڕای خۆیان ده‌ربڕن و نیشان بده‌ن که‌ تا چه‌ند ده‌توانن هێزی ئاڵوگۆڕ و کارتێکه‌رییان هه‌بێت.
توێژی خوێندکار، توێژێکی خاوه‌ن ڕا و گرینگی کۆمه‌ڵگای کوردستانن و هه‌ر بۆیه‌ توانیویانه‌ تا ڕاده‌یه‌کی زۆر باشیش له‌ چوارچێوه‌ی چالاکیی خوێندکاری له‌ زانکۆکاندا، هه‌ڵوێستی خۆیان به‌رانبه‌ر به‌ پرسه‌ گرینگه‌کان نیشان بده‌ن و له‌م پێناوه‌شدا بێگومان زۆرجار که‌وتوونه‌ته‌ به‌ر په‌لاماری ناوه‌نده‌ سه‌رکوتکه‌ره‌کانی وه‌ک حه‌راسه‌ت و کۆمیته‌ی ئینزباتی، به‌ڵام له‌ڕاستیدا هیچکام له‌م به‌ربه‌ستانه‌ نه‌یتوانیوه‌ له‌ خواسته‌کانیان پاشگه‌زیان بکاته‌وه‌. له‌م نێوانه‌دا پێویسته‌ ئاوڕێک له‌ به‌شداریی و هه‌بوونی ژنان و کچان له‌ چوارچێوه‌ی زانکۆکان و به‌تایبه‌تیش ئه‌نجومه‌نه‌ خوێندکارییه‌کاندا بدرێته‌وه‌. که‌م نه‌بوون و نین ئه‌و ژن و کچانه‌ی که‌ بوێرانه‌ زانکۆیان کرده‌ سه‌نگه‌ر بۆ به‌گژداچوونه‌وه‌ی داگیرکه‌ر و له‌م پێناوه‌شدا له‌ یه‌کێک له‌ گه‌وره‌ترین ئاواته‌کانی ژیانیان واته‌ خوێندن و درێژه‌دان به‌ خوێندن بێبه‌ری کران.
ژنان و کچانی کورد وه‌ک هه‌میشه‌ له‌ مه‌یدانی کرده‌وه‌دان و له‌ ماوه‌ی چه‌ند ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی سه‌ره‌کیان له‌ زانکۆکاندا گێڕاوه‌، به‌ به‌شداری کردن له‌ ئه‌نجومه‌نه‌ زانستی و فه‌رهه‌نگییه‌کانی زانکۆ و به‌ڕێوه‌بردنی کۆڕ و کۆبوونه‌وه‌ و سێمیناری جیاواز و هه‌روه‌ها به‌شداری کردن له‌ هه‌موو چالاکییه‌ پێویسته‌کاندا هه‌وڵیان داوه‌ ده‌ورێکی باش له‌ به‌ره‌وپێشبردنی ئامانجه‌ گشتییه‌کانی توێژه‌که‌ی خۆیاندا بگێڕن که‌ له‌م بواره‌دا به‌ ده‌یان ژن و کچی ئازا هه‌ن که‌ ده‌توانن نموونه‌ و هێما بۆ درێژه‌دان به‌م تێکۆشانه‌ بن.
بزووتنه‌وه‌ی خوێندکاری و چالاکیی خوێندکاری له‌ کوردستان، بزووتنه‌وه‌یه‌کی پڕ له‌وزه‌یه‌، ساڵانێکی زۆره‌ که‌ کچ و کوڕانی ئه‌م خاکه‌ به‌ هه‌نگاونان بۆ نێو زانکۆکان هاتنه‌ نێو بازنه‌یه‌کی گه‌وره‌ی وه‌ستانه‌وه‌ به‌ دژی داگیرکه‌ر و بوون به‌ هێما و بوون به‌ ڕێنیشانده‌ر و توانیان کۆمه‌ڵێک ئاڵوگۆڕی باش پێک بێنن.
هه‌بوونی کچان و ژنایش له‌م چوارچێوه‌یه‌دا بێگومان کاریگه‌ریی ئه‌رێنیی خۆی هه‌بووه‌ و به‌دڵنیاییه‌وه‌ بوونیان پێویستییه‌کی حاشاهه‌ڵنه‌گره‌ چونکه‌ ئه‌وان به‌شێکی سه‌ره‌کی له‌ کۆمه‌ڵگان و تێگه‌یشتنیان له‌ دۆخه‌که‌ و به‌شداربوونیان له‌ دیاریکردنی داهاتووه‌که‌یدا خاڵێکی بنه‌ڕه‌تی و جێگای بایه‌خه‌، هه‌ر بۆیه‌ پێویسته‌ ئه‌و شێعره‌ی ماموستا هێمن دووپاته‌ بکه‌ینه‌وه‌ که‌ ده‌ڵێ:
من ته‌شی‌ڕێسێکی وه‌ک شیرینی وه‌فاییم بۆ چییه‌؟
کیژی وریای چاوکراوه‌ی فێره‌ زانینم ده‌وێ.

درێژەی لاپەڕەی ٨

**٣٠ی بەفرانبار:** «فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی» لە نووسینی دوکتور «بەختیار سەجادی» چاپ و بڵاو کرایەوە، «فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی» لە نووسینی دوکتور بەختیار سەجادی نووسەر و ڕەخنەگری کورد، لەلایەن چاپەمەنی «وەفایی» لە شاری هەولێر چاپ و بڵاو کرایەوە. مەبەستی سەرەکیی نووسەر لە دانانی ئەم فەرهەنگە، هەوڵدان بۆ دانان و گشتگیر کردنەوە و مسۆگەرکردنی شێوازی زانستی لە زمانی کوردی بە شێوەیەکی پاراو و یەکگرتوودایە.
فەرهەنگەکە ٧ هەزار زاراوەی لەخۆ گرتووە و زاراوەکان زیاتر بواری ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبی دەگرنەوە و زانستە مرۆییەکان و بە تایبەت دەڤەری زمانناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و دەروونشیکاری تێدایە و هاوواتای فارسی و کوردی بۆ هەموو زاراوەکان دانراون.

**٤ی ڕێبەندان:** هێزی دەریایی ئامریکا دەستی بەسەر کەشتییەکی هەڵگری مادەی تەقینەوەی ئێراندا گرت، هێزی دەریایی ئامریکا ڕۆژی یەکشەممە ٣ی ڕێبەندان ڕایگەیاند کە لە ئاوەکانی نزیک عەمان دەستی بەسەر کەشتییەکدا گرتووە کە هەڵگری ٤٠ تۆن کودی کیمیایی بووە کە دەتوانرێت بۆ دروستکردنی مادەی تەقینەوە کەڵکی لێ وەربگیرێت.
بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی فەرانسە، هێزی دەریایی ئامریکا ڕایگەیاندووە کە ئەم کەشتییە لە ئێرانەوە وەڕێ کەوتووە و لە مەسیرێکدا لە حاڵی ڕۆیشتندا بووە کە پێشتر بۆ قاچاخی چەکوچۆڵ بۆ حوسییەکانی یەمەن کەڵکی لێ وەردەگیرا.

**٦ی ڕێبەندان:** ڕێژیمی ئێران لە پێڕستی ساڵانەی گەندەڵیی ماڵی لەنێوان ١٨٠ وڵاتدا لە پلەی ١٥٠دایە، بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ڕوونکاریی نێونەتەوەیی، سەبارەت بە پێوەری گەندەڵی لە ساڵی ٢٠٢١دا، ڕێژیمی ئێران یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهان و تەنانەت ناوچەکەش دێتە ئەژمار. ئەو ڕاپۆرتە دەریخستووە کە لەنێوان ١٨٠ وڵاتدا ئێران لە بواری گەندەڵیی بەربڵاوی ماڵی لە پلەی ١٥٠دایە و هاوڕیزە لەگەڵ وڵاتانی وەکوو «ئۆگاندا، بەنگلادش، موزامبیک و ئانگولا». لەنێوان وڵاتانی دراوسێی ئێران و ناوچەکشدا، تەنیا بارودۆخی «عێراق، تورکەمەنستان، ئەفغانستان، سووریە و یەمەن» لە ڕێژیمی ئێران خراپترە.

**٧ی ڕێبەندان:** مامۆستایانی قوتابخانەکان بۆ جارێکی دیکە لە مانگی ڕێبەندان کۆبوونەوەی نارەزایەتی بەڕێوە دەبەن. لە درێژەی مانگرتنی سەراسەریی مامۆستایان سەبارەت بە بەڕێوەنەچوونی ‹›گەڵاڵەی پلەبەندی›› و ‹›یاسای هاوسەنگکردنی مووچەکان›› بڕیارە بۆ جارێکی دیکە مامۆستایان لە ڕێکەوتی ٩ و ١٠ی ڕێبەندان کۆبوونەوەی نارەزایەتی بەڕێوە بەرن. ئەو مانگرتنە لەسەر بانگهێشتی شورای هاوئاهەنگیی یەکیەتیی سێنفیی مامۆستایان بڕیارە لە کوردستان و ئێران بەڕێوە بچێت. ئەو شوێنانەی کە دیاری کراون مانگرتنی مامۆستایانی لێ بەڕێوە بچێت بریتین لە تاران لەبەردەم مەجلیسی ڕێژیم، لە ناوەندی پارێزگاکان، لەبەردەم ئیدارەی گشتیی پەروەردە و بارهێنان، لە شارەستانەکان لەبەردەم ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان. مامۆستایان بە دروشمی « مامۆستایان یەکگرتوو و سەرکەوتوون» بڕیاریان داوە هەتا ماف و داخوازییەکانیان دابین نەکرێت بە واز لە مانگرتن ناهێنن.

**٧ی ڕێبەندان:** ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق چەند کاناڵی تێلێڤیزیۆنیی ڕێژیمی ئێرانی هەک کرد. دوا نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٧ی ڕێبەندان ‹›شەبەکەی یەک و شەبەکەی قورئان»ـی دەنگوڕەنگی ڕێژیمی ئێران لەلایەن ڕێکخراوی موجاهیدنی خەلقی ئێران بۆ ماوەی ١٠ چرکە هەک کرا. دوای هەککرانی ئەو دوو کاناڵەی دەنگوڕەنگی ڕێژیمی ئێران بۆ ماوەی ١٠ چرکە وێنەی ‹›مەسعوود ڕەجەوی و مریەم ڕەجەوی›› لە ڕێبەرانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق کە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێرانە بڵاو بووە.
هەروەها لە ئەنجامی ئەو هەککرانە وێنەی ‹›عەلی خامنەیی›› ڕێبەری ڕێژیمی ئێران کە نیشانی باتڵەی لەسەر بووە وێڕای دروشمی نەمان بۆ خامنەیی بڵاو بووەتەوە.

**٧ی ڕێبەندان:** ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕاگەیاندن بەنیسبەت هێرشە سایبێرییەکانی ڕێژیمی ئێران
ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە درێژەی هێرشە سایبێرییەکانی خۆیدا دەستی بە دروستکردنی هەندێک لاپەڕەی جەعلی بە ناوی «کوردستان میدیا» کردووە و هەوڵی سیخوڕی بەسەر خەڵکدا دەدات. لە بەشێکی ئەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: بەپێی زانیاریەکان، ماڵپەڕێکی جەعلی بە ناوی کوردستان میدیا دروست کراوە و لە ئادرەسی ڕاستەقینەی کوردستان میدیا، ماڵپەڕی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەڵک وەرگیراوە بەڵام لە یەک پیتدا جیاوازیی هەیە. بەم شێوە خەڵکێک وادەزانن کە ئەم ئادرەسە هەمان ئادرەسی ڕاستەقینەی کوردستان میدیایە و لێیان تێک دەچێت.
بەپێی زانیارییەکان ئەم ماڵپەڕە جەعلیە لەلایەن گرووپە سایبێریەکانی سەر بە سپای پاسدارانەوە دروست کراوە و بۆ پیلانگێڕی و وەداوخستنی خەڵک لەم مێتۆدە مەترسیدارە کەڵک وەردەگرن. تکایە هەم لە ئادرەسی ماڵپەر و هەم لە ئیمەل و هەموو کاناڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دیقەتی تەواو لە هەموو پیتەکان و شێوازی نووسینیان بکەن.

**٨ی ڕێبەندان:** لە قوتابخانەکانی پیرانشار ئیزن بە قوتابییان نادرێت جامانە لە ملیان بکەن و بڕۆنە قوتابخانە. لە شاری پیرانشار ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٦ی ڕێبەندان لە قوتابخانەی «خامنەیی» نازمی ئەو قوتابخانەیە بە ناوی «هێرش» ئەو قوتابییانەی کە جامانەیان لە ملی دابووە ئیزنی نەداوە بڕۆنە سەر وانەکانی خوێندن. زیاتر لە ٥٠ قوتابی بوونە کە جامانەیان لە ملی دابووە و جامانەکانیان لەو قوتابییانە ئەستاندووە.

**١١ی ڕێبەندان:** مامۆستایان لە ٣٠٠ شاری ئێران و کوردستان مانیان گرت
ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی، مامۆستایانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ئێران بۆ دووەمین ڕۆژ نەچوونە قووتابخانەکان و مانیان گرت. مامۆستایان جەختیان کردووەتەوە کە تاکوو گەیشتن بە مافەکانیان لە مانگرتن بەردەوام دەبن.
هاوکات لەگەڵ دووەمین ڕۆژی مانگرتنی سەرتاسەریی مامۆستایان، بە وتەی «محەممەد حەبیبی» وتەبێژی ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانی ئێران، لە پتر لە ٣٠٠ شاری کوردستان و ئێران مانگرتنی مامۆستایان بەڕێوە چووە.

**١٣ی ڕێبەندان:** بەرنامەکانی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمی ئێران لە ماڵپەڕی ‹›تلوبیون›› هەک کران؛ گرووپی هەکێریی ‹›عەدالەتی عەلی›› باسی لەوە کردووە کە ماڵپەڕی ‹›تلوبیون››ـی کە تایبەت بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕاستەوخۆی بەرنامەکانی تێلێڤیزیونیی ڕێژیمی ئێران، هەک کردووە.

ئەو گرووپە پەیامێکی ڤیدیۆیی لەنێوان بەرنامەکان لەو ماڵپەڕە بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا ڕێژیمی ئێران بە ڕێژیمێکی گەندەڵ ناو لێ دەبات و دەڵێت لە هەوڵدایە پایەکانی ئەو ڕێژیمە وەلەرزە بخات.

**١٤ی ڕێبەندان:** کورتەفیلمی دەرهێنەرێکی کورد خەڵاتی فێستیڤاڵی «میترۆپۆلیس»ـی ئیتالیای بەدەست هێنا؛ کورتەفیلمی «ئارگۆن» لە دەرهێنانی دەرهێنەری کورد «شۆڕش وەکیلی» لە فێستیڤاڵی «میترۆپۆلیس»ی ئیتالیا خەڵاتی باشترین «کورتەفیلمی ترسناک»ـی لەو فێستیڤاڵەدا بەدەست هێنا. کورتەفیلمی « ئارگۆن» کە لەم دواییانەدا قۆناخەکانی کۆتایی خۆی بڕی و لە چەندین فێستیڤاڵی جۆربەجۆری نێودەوڵەتیدا بەشداریی کردووە، لە فێستیڤاڵی «میترۆپۆلیس»ی ئیتالیادا بووە براوەی خەڵاتی باشترین فیلمی ترسناک. کورتەفیلمی «ئارگۆن» یەکەمین کورتەفیلمی «ترسناک»ـە لە سینەمای کوردیدا. فیلمەکە لە ئاخاوتنی کوردی و لۆکەیشنی ناوچەیی کەڵکی وەرگرتووە. لە شاری «سنە» بەرهەم هاتووە و دەرهێنەر و ئەکتەرانی فیلمەکە هەموو کوردن.

**١٨ی ڕێبەندان:** هەڵۆکانی زاگرۆس هێرشان کردە سەر بنکەیەکی بڵاوکردنەوەی مادە سڕکەرەکان؛ وێبلاگی «هەڵۆکانی زاگرۆس» لە ڕاپۆرتێکدا بڵاویان کردووەتەوە بنکەیەکی سیخوڕی و خۆفرۆشی، کە وێڕای ئەوەش ببووە ناوەندێکی بڵاوکردنەوەو فرۆشی مادە سڕکەرەکان لەناوچەی میاندووئاو، هەڵکەوتوو لە سێڕای شیناوا-گامێشگۆلی، کەوتووەتە بەر هێرشی پۆلێک لە هەڵۆکانی زاگرۆس. لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە، «سەردار کەریمی» نیشتەجێی شیناوا ماوەیەکی درێژە بووەتە مۆرەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە ناوچەکە و لەگەڵ ئەوەیکە چەکدار کراوە، بەرپرسیار کراوە لە سیخوڕی بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا و ئەرکدار کراوە کە ئەوەندەی بۆی دەکرێ هەوڵی بڵاوکردنەوەی ماددەی سڕکەر و هاندەری گەندەڵیی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بێت.

**٢١ی ڕێبەندان:** ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی کتێبی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد»؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی کتێبی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد» ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە. لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: جیا لەوە پێوەندییەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە بڕگە جۆراجۆرەکاندا هەوراز و نشێوی بەخۆیەوە بینیوە و لە هەر بڕگەیەکی زەمەنیشدا هەر لایەک قسەی خۆی لەسەر کردووە و وەرددانەوەی لە ئێستادا لەگەڵ ئەم لاپەڕە نوێیەی کە لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە پێوەندیی دۆستانەی دوولایەندا هەڵدراوەتەوە، ناتەبایە. حیزبی دێموکرات لەو ماوە زەمەنییەدا کە بەهۆی بارودۆخی نەخوازراو و داسەپاوی سیاسیی بنکە و بارەگاکانی لە باشووری کوردستان بووە، بە هیچ جۆر دەستی لە کاروباری نێوخۆیی ئەو پارچە لە کوردستان وەرنەداوە و هەموو کات بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی خۆی لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کە پێوەندییان بە پرسە نەتەوایەتییەکانەوە هەبووە، جووڵاوەتەوە و هاندەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە بۆ بەهاناوەچوون یان پشتگیریکردنی باشووری کوردستان. ئاشتیخوازی و باوەڕمەندبوونی حیزبی دێموکرات بە چارەسەریی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا ئەوەندە ڕوونە کە نەک ناکرێت لەو پێوەندییەدا پاکانە بۆ ڕێژیمێکی ماف پێشێلکەر بکرێت، بەڵکوو بە ڕادەیەک بووە کە تۆمەتی سازشکاریی وەپاڵ دراوە.
لە کۆتاییدا باشترە لێکۆڵینەوە و وەردانەوەی ڕووداوە تاڵەکانی ڕابردوو بە مێژوونووسانی بێلایەن و واقیعبین بسپێرین و پێ لەسەر پێوەندییە دۆستانە و کوردخوازانەکانی دوو لایەن دابگرینەوە.

**٢٤ی ڕێبەندان:** لاوێکی کورد وەکوو مامۆستای گەورەترین ناوەندی پزیشکی لە ئامریکا وەرگیرا؛ دوکتور «سەید ڕزگار حوسێنی» لاوی زانای سەقزی و لە ئەندامانی ناوەندی لێکۆڵەرانی چالاک لە بواری پزیشکی موحاسباتی و بیوئەنفۆرماتیک وەکوو ئەندامی هەیئەتی زانستیی زانکۆی تێگزاس لە ئامریکا هەڵبژێردرا. ناوەندی زانستە دەرمانییەکانی زانکۆی «تێگزاس» لە شاری «هیوستوون» زانکۆیەکە کە لە بواری خزمەتگوزاری و لێکۆڵینەوەی زانستە پزیشکییەکان کار دەکات و یەکێک لە گەورەترین زانکۆکانی زانستی پزیشکی لە ئاستی هەموو ئامریکا دێتە ئەژمار. دوکتور «ڕزگار حوسێنی» خوێندکاری دوکتورای دەرچووی بواری «سیستێمز بیۆلۆژی» لە زانکۆی «زوریخ»ی سویسە کە لێکۆڵینەوەی دوکتورای باڵای خۆی لە ئەنستیتۆی بیوئەنفۆرماتیکی ئورووپا و ناوەندی «شێرپەنجەناسی»ـی زانکۆی «کەمبریج» لە وڵاتی «بریتانیا» تەواو کردووە.

**٢٥ی ڕێبەندان:** بنکەیەکی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ئێران لە شاری کرماشان ئاگری تێبەردرا؛ بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندان لە ناوچەی «ماهیدەشت»ـی شاری کرماشان، بنکەیەکی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ئێران ئاگری تێبەردرا. بەپێی سەرچاوەکان ئەو ڕووداوە لە ئەمبارێکی ڕاگرتنی مەوادی سووتەمەنی لە یەکێک لە بنکەکەکانی پشتیوانی سپا لە ناوچەی «ماهیدەشت»ـی شاری کرماشان ڕوویداوە و زەرەر و زیانێکی مادی زۆر بە بنکەکە گەیشتووە.

**٢٥ی ڕێبەندان:** هەواڵدەرییەکی سەر بە سپای پاسداران فایلی دەنگی نهێنیی گەندەڵییەکانی نێو سپای پشتڕاست کردەوە؛ هەواڵدەریی ‹›فارس›› سەر بە سپای پاسداران، ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی ڕێبەندان ڕاستبوونی فایلی دەنگیی دانیشتنی نهێنیی ‹›محەممەد عەلی جەعفەری›› فەرماندەی پێشووی سپای پاسدارانی پشتڕاست کردەوە. ئەو هەواڵدەرییە لە ڕاپۆرتێکدا وتوویەتی کە لە زاری سەرچاوە ئاگادارەکان ڕاستبوونی ئەو فایلە دەنگییە پشتڕاست دەکاتەوە و باسی لەوە کردووە: ‹›بەو جۆرەی کە لەو فایلەدا هاتووە سادق زۆلقەدرنیا جێگری ئابووریی سپا باس لە گەندەڵییەک لە گرووپی یاس دەکات کە فەرماندەیەکی پێشووی سپا بەرپرسی بووە››.

**٢٧ی ڕێبەندان:** ئێران لە بواری پێوەری ئازادیی ئابووری لە نێوان ١٧٧ وڵات پلەی ١٧٠ی هەیە
دامەزراوەی ئامریکایی «هێریتەیج›› لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا باسی لەوە کردووە کە پێوەری ئازادیی ئابووریی ئێران لە ساڵی ٢٠٢١ بەنیسبەت ساڵی پێشووتر ٤.٨ پلە دابەزیوە.
بەپێی ئەو ڕاپۆرتە کە ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی ڕێبەندان بڵاو ببووەتەوە، ئێران لەنێوان ١٧٧ وڵاتی جیهان لە بواری پێوەری ئازادیی ئابووری پلەی ١٧٠ی هەیە و لەو بوارەوە قانی ٤٢.٤ی هەیە.
ئێران لە دوای وڵاتانی کۆرەی باکوور، ڤێنێزۆئێلا، کۆبا، سودان، زیمباوە، بوروندی و ئێریترە خراپترین دۆخی ئازادیی ئابووری لە نێوان ١٧٧ وڵاتدا هەیە کە دامەزراوەی ‹›هێریتەیج›› دۆخی ئەوانی تاوتوێ کردووە.

**٢٨ی ڕێبەندان:** زانکۆی کوردستان ناوی لەنێوان ١٠٠ زانکۆی یەکەمی جیهاندا تۆمار کرا
بەپێی دوایین ڕاپۆرتی بڵاوکراوە لەلایەن ڕێکخراوی زانستیی تایمز ٢٠٢٢؛ زانکۆی زانستی پزیشکیی کوردستان لە بواری «باشی» پلەی ٦٧ی لە ئاستی ئێراندا بۆ خۆی مسۆگەر کرد و ناوی لەنێوان ١٠٠ زانکۆی «باشی» جیهاندا تۆمار کرا. لەو پلەبەندییەدا ٥٣٩ زانکۆ لە سەرتاسەری جیهاندا کە مێژینەیان لە ٥٠ ساڵ کەمترە بەشدارییان کردووە. پێشتریش زانکۆی کوردستان لە بواری «کاریگەریی باش» لە ساڵی ٢٠٢١دا پلەی ١٥ی لە ئاستی ئێراندا و پلەی ٨٠٠ـ ٦٠١ی لە ئاستی جیهاندا بۆ خۆی مسۆگەر کردبوو.

**٢٨ی ڕێبەندان:** ڕێژیم لەسەر دیوارەکانی شاری «سەقز» دژی حیزبی دێموکرات دروشمی نووسیوە؛ ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی، سپای پاسداران لە گەڕەکی «حەماڵئاوا»ی شاری «سەقز» دژی حیزبی دێموکرات دروشمی لەسەر دیوارەکانی ئەو گەڕەکە نووسیوە. دروشمەکانی دژی حیزبی دێموکرات بووە و تۆمەتی خستووەتە پاڵ حیزبی دێموکرات. پێشتریش لە شاری «نەغەدە» لەلایەن بەکرێگیروانی ڕێژیمەوە دەر و دیواری ماڵەکان بە مەبەستی خراپکردنی حیزب لەبەرچاوی بیروڕای گشتیی ڕەش و پیس کرابوو.

**١ی ڕەشەمە:** نارەزایەتیی مامۆستایان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و ئێران بەردەوامە
لە درێژەی نارەزایەتیی مامۆستایان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و ئێران لە چەند مانگی ڕابردوودا، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕێبەندان لە دەیان شاری ئێران و کوردستان نارەزایەتیی مامۆستایان بەڕێوە چوو. بەدواداچوون بۆ کێشەی مووچەی مانگانە و چەندین داواکاریی دیکە، لە هۆکارەکانی نارەزایەتی و مانگرتنی مامۆستایانن.لە پارێزگاکانی سنە، ئیلام، لوڕستان، تاران، یەزد، شیراز، ئەراک، مەشهەد، قەزوین و چەندین پارێزگای دیکە نارەزایەتیی مامۆستایان بەڕێوە چووە. مامۆستایانی کورد نەک لە نارەزایەتی لە شارەکانی کوردستان بەڵکوو لە شارەکانی دیکەی ئێرانیشدا بەشدارییان هەبووە.

**٣ی ڕەشەمە:** لە بواری حەقدەستی کرێکار ڕێژیمی ئێران بە پلەی ١٦٠ی جیهانی لە دوای عێراق، لیبی و بەنگلادشە
بەپێی ڕاپۆرتی «ئیلنا» ڕێژیمی ئێران بە حەقدەستی مانگانەی ٧٥ دۆلاری، لە پلەی ١٦٠ی جیهاندایە و «فەرامەرز تۆفیقی» سەرۆکی کۆمیتەی حەقدەستی کانوونی باڵای شورای ئیسلامیی کاری ئێران لەو پەیوەندییەدا وتوویەتی: «ئێران بە پلەی ١٦٠ کەوتووەتە دوای وڵاتی گامبیا و تەنانەت وڵاتی ئەفغانیستانیش بە پلەی ١٣٠».
«تۆفیقی» لە درێژەدا باس لەوەش کردووە کە وڵاتانی بورکینافاسۆ و بەنگلادش کە هەژارترین وڵاتن، لیبی کە وڵاتەکەی لە قەیراندا دەژی و تەنانەت عێراقی شەڕلێدراو لەچاو ئێران پلەکەیان لەسەرترە.

**٥ی ڕەشەمە:** ڕووسیە هێرشی کردە سەر ئۆکراین؛ ڕۆژی پێنجشەممە «ڤلادیمێر پوتین» سەرکۆماری ڕووسیە، فەرمانی هێرش بۆ سەر «ئۆکراین»ـی دەر کرد. دوای ئەوەیکە سەربەخۆییخوازانی هەر دوو هەرێمی «دۆنێتسک و لۆهانسک» لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین داوای یارمەتیی سەربازییان لە ڕووسیە کرد، هێرش کرایە سەر ئۆکراین. پوتین وتوویەتی، ئەو هێرشە بۆ بەرگرییە بەرانبەر هەڕەشەکان و ڕێگریکردن لە گەورەتربوونەوەی قەیرانەکە. لە دوای فەرمانی پوتین دەنگی چەندین تەقینەوە لە «کیێڤ»ی پێتەختی ئۆکراین بیستراوە.

**٩ی ڕەشەمە:** دوو خولی دەورەی کادری دەرەجە سێ کۆتایی پێهات
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی کار و چالاکییەکانیدا، کۆتاییهاتنی دوو خولی نوێی کادریی ڕاگەیاند کە تایبەت بوو بە پەروەردەی کادری دەرەجە سێ. گرینگیی پەروەردە و پێگەیاندنی کادر و هەروەها گرینگیی ئاشناکردنیان بە ڕوانگە و ڕەهەندەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەمان ئەو زەرووڕەتەیە کە دەخوازێ خولەکانی ڕاهێنان و پەروەردەکردنیان بە شێوەی ئەمڕۆیی بەردەوام بێت.
بە سەرنجدان بە قۆناغی نوێی خەباتەکەمان کە وەک خەباتێکی فرەڕەهەند دەناسرێتەوە، دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکرات بە گوێرەی بەرنامەی درێژخایەن و ئامانجداری خۆی، لە چوارچێوەی بواری پەروەردەییدا، خولێکی نوێی کادریی بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیاند.

**١٤ی ڕەشەمە:** پەیکەرەی پڕۆفیسۆر «فەرەیدوون درەخشانی» ناسراو بە ‹›کۆچەر بیرکار›› بیرمەندی ناوداری کورد، لەلایەن ‹›هادی زیائەدینی›› نیگارکێش و پەیکەرتاشی بەناوبانگی کوردستان دروست کرا. کۆچەر بیرکار یەکێک لە مامۆستایانی زانکۆی کەمبریج لە وڵاتی بریتانیایە کە توانی میداڵی «فیلدز» (بەناوبانگترین خەڵاتی جیهانی لە بەشی بیرکاری) بەدەست بێنێت. هەروەها «هادی زیائەدینی» یەکێک لە هونەرمەندە بە توانا و ناسراوەکانی کوردە کە لە چەندین بواری هونەری و بەتایبەت پەیکەرتاشیدا بەرهەمی ناوازەی خولقاندووە و پەیکەری زۆربەی کەسایەتییە ئەدەبی و بیرمەندە ناودارەکانی کوردی دروست کردووە.

**١٧ی ڕەشەمە:** مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە. دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە. ٨ی مارس بیرخەرەوەی ڕەوشی ئەو ژنانەیە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە سایەی تێکۆشانی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازدا بە مافەکانی خۆیان گەیشتوون، لەلایەکی دیکەشەوە بیرخەرەوەی ڕەوشی ئەو ژنانەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەفغانستاندا وەک کۆیلە سەیر دەکرێن. لەم ڕۆژەدا پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی جیهان بە تایبەت ژنانی چالاک و تێکۆشەری خەباتی یەکسانیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم. تێبکۆشین ژنان ئازاد بن تا کۆمەڵگەکەمان بەختەوەر بێت.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٧٦ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە ڕێوڕەسمێکی تایبەتی بەڕێوە برد. لەم ڕێوڕەسمەدا خەڵاتی ساڵانەی مینا خانم پێشکەش بە خاتوو «هاوڕێ ئیسماعیلی» ئەندامی لەمێژینەی یەکیەتیی ژنان کرا.

**٢٩ی ڕەشەمە:** لە چەندین گوندی شاری مەریوان هەڵمەتی دێتەکانی لەژێر دروشمی «نەورۆزانەمان ژینگەیەکی خاوێنە» بەڕێوە چوو. ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان لەسەر ڕێبازی شەهیدانی ژینگە و بۆ نیشاندانی ئەمەگ بۆ خاکی نیشتمان و خاوێنڕاگرتنی دەروبانی شار و گوندەکان، هەڵمەتێکی پاک و خاوێنییان لە چەندین گوند بەڕێوە برد.
لەو هەڵمەتەدا زۆربەی کۆڵان و شەقام و چەم و ڕووبارەکانی گوندەکانی دەوروبەری شاری مەریوان لە زبڵ و خاشاک پاک کراونەتەوە.

# ناسر فەتحی:

## میکانیزم و ئایدیۆلۆژیی زاڵ بەسەر ئاپاراتووسی زانکۆکان لە ئێراندا کە لە خزمەتدابوونی زانکۆ بۆ ئامانجی بازاڕ و موهەندیسی کۆمەڵگایە و لە هەمان کاتدا ئەم بابەتە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی بوونی ئەم دامەزراوانە لە ڕووی کوالێتی زانستی و نیوەڕۆکی بەرنامەکانیان هەمان دووپاتبوونەوەی دۆخی ژێردەستەیی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات دووبارە کردووەتەوە

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

١٢ای بانەمەڕ ساڵڕۆژی شەهیدبوونی «سمایل شەریفزادە» خوێندکاری بەهەڵوێستی کورد و ئەستێرەی درەوشاوەی مێژووی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە بە ڕۆژی خوێندکاری کورد ناودێر کراوە و هەموو ساڵێک بە ڕێزەوە یادی دەکرێتەوە. لەم وتووێژەدا بەبۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد لەگەڵ «ناسر فەتحی» ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، دۆخی خوێندکارانی کورد و زانکۆکانی ئێران و سیاسەتی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمی ئێران لەبەرامبەر زانکۆکان و چەند باسێکی دیکە خراوەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**ـ مێژووی بزاڤی خوێندکاری کورد بۆ کەی دەگەڕێتەوە و دەسپێکی ئەم بزاڤی خوێندکارییە چ کەسانێک بوون؟**

بزاڤی خوێندکاری لە کوردستان زۆرتر لەگەڵ بیرۆکەی خزمەتکردن بە شۆڕشی کوردستان و گۆڕینی دۆخی داسەپاو خۆی پێناسە کردووە. چەمکی خوێندکاری کورد لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و بەپێی هەلومەرجی مێژوویی تایبەت هاتووەتە ئاراوە و هەر بەو پێیە کارکرد و شێوازی تایبەتی بە شۆڕشی کوردستان بەخشیوە. بە بەستێنێکی سیاسی جیاواز و مێژووی تایبەتەوە ئەرکی مەعریفەتناسانە و ئەرکی سیاسی خوێندکاری کورد لە شوێن-کاتی کوردستان هێما و بایەخگەلێکی خوڵقاندووە کە هەر کات بۆ دەستپێکی دەگەڕێنەوە، لەگەڵ ئەخلاقی بەرپرسیارانە بەرەوڕوو دەبین. هەر ئەمەش وادەکات کە بزاڤی خوێندکاری کوردستان پێناسە و پێشچوونی تایبەت بە خۆی هەبێت بەڵام بەگشتی زانکۆ دامەزراوەیەکی مۆدێرنە کە هەوڵی فێرکاری و ڕوونکردن و ئاگاکردنەوەی تاکەکانی لەسەر شانە کە ژیانی کۆمەڵگایەک قایم و زیندوو ڕادەگرێت.

زانکۆ شوێنێکە کە زانایەتی لەوێ دەخوڵقێت و لە بەرامبەر بیرتەسکی و دۆگماتیزم و دواکەوتوویی ڕادەوەستێت. سەرەکیترین و بناغەییترین ئەرکی ئەم دامەزراوەیە ڕەوشنگەرییە، واتە بەتواناکردنی تاک و کەسەکان بۆ ژیانێکی واتامەند و بەرپرسیارانە.

هەر بۆیە بۆ باسکردن لە چەمکی خوێندکاری کورد پێویستیمان بە بینینێکی مێژوویی هەیە تاکوو دەرکێکی دروستتر لە ڕۆڵی خوێندکاران و فەزای زانکۆ لە نێو شۆڕشی کوردستان بەدەست بخەین؛ ئەگەر مەبەست لە خوێندکاری کورد لێرە تەنیا ڕۆژهەڵات نەبێت، بەپێی ئەو سەرچاوانە کە لەبەر دەستدان بۆ یەکەم جار لە سەرەتاکانی سەدەی بیست لە ئێستامبۆلی تورکیا کۆمەڵێک لە خوێندکارە کوردەکان هەوڵی دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی خوێندکارانەیان بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی هیوای کورد لە ساڵی ١٩١٢ زایینی لە زانکۆی ئەم شارە داوە، هەروەها دواتر لە ڕۆژاوا و وڵاتانی ئەورووپایی بە پێشانگایەتی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و ئەو خوێندکارە کوردانە ئەنجوومەنی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دادەمەزرێت کە پتر لە دوو دەیە چالاکی بەرچاویان دەبێت. هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیەی ٣٠ بە هیمەتی کەسانێک وەک سوارەی ئیلخانیزادە، عەزیز ژیان، شەهید ئیسماعیل شەریفزادە و هتد بە دامەزراندنی یەکیەتیی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی تاران یەکەم هەنگاوی ڕێکخراوەیی خوێندکارە کوردەکان لە ڕۆژهەڵات نرا. بە زاڵبوونی فەزای پۆلیسی لە زانکۆکان، خوێندکارە کوردەکان کەوتنە ژێر گوشاری هێزە ئەمنییەکانی ڕێژیم و کۆمەڵێک لە خوێندکارەکان وەک عەلی حەسەنیانی، عەزیز ژیان گیران و کۆمەڵێک تر لەو خوێندکارانە وەک شەهید شریفزادە و ئەمیری قازی، محەممەدئەمین سراجی چوونە باشووری کوردستان و دەستیان بە خەباتی چەکداری لە ڕیزی حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد؛ کە بە شۆڕشی ٤٦-٤٧ بەناوبانگە. ئەم ڕەوتی چالاکییەی خوێندکارانی کورد لە دەیەکانی تر بەردەوام بوو هەتا شۆڕشی ئێران سەرکەوت و دووبارە لە دەیەی ٧٠ بە شێوازێکی بەرچاوتر و چڕتر بینەری سەرهەڵدانی گۆڤار و ئەنجوومەنە خوێندکارییەکان لە زانکۆکانی ئێران و ڕۆژهەڵات دەبین ؛هەر بە یادکردنەوەی ڕۆژی کۆمەڵکوژی و شیمیابارانی هەڵەبجە، ڕێکخستنی بنکە فەرهەنگی و خوێندکارییەکان لە زانکۆکان هەتا چاپ و بڵاوکردنی گۆڤارە خوێندکارییەکان و یەکیەتییە خوێندکارییەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵات لەم قۆناخەی گەشەکردنی چالاکی خوێندکارییەکان چالاکی زانستی و تیۆریکی خوێندکارە کوردەکان پێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و خوێندکارانی کورد لەئاستی خوێندنی باڵا هەوڵی ئەوەیان دا کە بە شێوازی زانستی و مێتۆدۆلۆژیکی دۆخی باو و سەپاوی ژینگەی کۆمەڵایەتی کورد هەڵبسەنگێنن کە ئەم بەشە لە چالاکی خوێندکارە کوردەکان لە ساڵانی ڕابردوو بە یەکجاری پەرەی سەندووە و تا ئەو جێگایەی کە ژمارەی تێزە زانستییەکان لە سەر مەسەلەی کورد و ژیانی و جیهانی کورد بووەتە چرایەکیش بۆ چالاکان و سیاسەتمەدارانی کورد.

و

**ـ بزاڤە خوێندکارییەکان لە کوردستان و ئێران چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتووە و ئەزموونی بزاڤی خوێندکاری ئێران و ڕۆژهەڵات لە سەر دۆخی ئێستای زانکۆ و بزاڤی خوێندکاری چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

زانکۆ دامەزراوەیەکە بە کولتووری زانستی و ڕەخنەگرانەی تایبەت بە خۆی، کە ناتوانێت بە سادەیی چاو لە پرس و گرفتەکانی نێو کۆمەڵگا بکات و تێپەڕ بێت هەر بۆیە خوێندکار زەینێکی پاسیڤی نییە و لەبەرامبەر دەسەڵات ئەرکێکی مێژوویی بۆ خۆی پێناسە دەکات.

ئەرکی سیاسی سووژەی خوێندکار خۆڕاگری و بەرخۆدانە لە بەرامبەر دۆگماتیزم و قبووڵنەکردنی دۆخی زاڵ و خۆسەپێن. مەسەلەیەک کە حەز دەکەم لێرە ئاماژەی پێکەم ئەوەیە کە ئاپاراتۆسی زانکۆ لە ئێران ئایدیایەکی ئایدیۆلۆژیی تێئۆکراتی هەیە و لە ڕوویەکی تری کۆلۆنیالیستییە ئەم مەسەلەیە چ لە ڕووی کەمییەت و چ لە ڕووی کەیفیەت دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بیری عەقڵانییەتی ئامێرمەند بەسەر کارکردی زانکۆدا دەسەپێت و زانکۆ و بنکە زانستییەکان تەنیا ڕۆڵی مۆهەندیسی کۆمەڵگا لەم ئایدیایە بۆی دیاری دەکات. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم دۆخە کە وەڵامی بەشێکی پرسیارەکەتانە فەزای پۆلیسی و ئەمنییەتی لە نێو زانکۆکاندا دروست دەکات کە بە جۆرێک هەزینەی چالاکی خوێندکاری چ لە ڕووی سێنفی و چ لە ڕووی سیاسی بۆ خوێندکاران دەباتە سەرێ.

لە ئێران ڕێژیم زانستە مرۆییەکان کە بنچینەی پێشچوونی ئاوەزمەندی هەر کۆمەڵگایەکە لاواز کردووە و زانکۆ بۆ خزمەتکردنی ئایدیای خۆی بکار دێنێت بۆیە لە هەر دەیەکەوە ئێمە بینەری زیادبوونی ڕێژی خوێندکارانێکین کە لە زانستە سروشتییەکان بەشدار دەبن و ئەم مەسەلەیە دووپاتبوونەوەیەکی سەیروسەمەری بەخۆوە گرتووە کە میکانیزمی زانکۆی لە ئێران خستووەتە دۆخی لاوازییەوە. بزاڤی خوێندکاری دوای سەرکوتی لەمێژینە و داماڵینی حورمەت و پێگەی زانکۆ بەو شێوازە کە ئاماژەم پێکرد خەڵکی لە زانکۆ و زانست دوور خستووەتەوە و ڕەشبینی لە نێوانیاندا ساز کردووە؛ لەم شوێن-کاتە و بەستێنە سیاسی و هەلومەرجە مێژووییە کە بزاڤی خوێندکاری پێویستی بە سەرهەڵدانێکی بناغەییە بۆ ئەوەی بتوانێت میکانیزمی ئەم سیستمە ئایدیۆلۆژییە بوەستێنێت.

**ـ بوونی ئەو هەموو زانکۆی پەیام نوور و ئازادە لە شارەکانی ڕۆژهەڵات چ باندۆرێکی لەسەر بزاڤی خوێندکاری هەیە؟**

هەروا کە ئاماژەمان پێدا میکانیزم و ئایدیۆلۆژی زاڵ بەسەر ئاپاراتووسی زانکۆکان لە ئێراندا کە لەخزمەتدابوونی زانکۆ بۆ ئامانجی بازاڕ و موهەندیسی کۆمەڵگایە و لە هەمان کاتدا ئەم بابەتە سیاسەتی کۆلۆنیالیستیبوونی ئەم دامەزراوانە لە ڕووی کوالێتی زانستی و نیوەڕۆکی بەرنامەکانیانە هەمان دووپاتبوونەوەی دۆخی ژێردەستەیی لە شارەکانی ڕۆژهەڵات دووبارە کردووەتەوە. بزاڤی خوێندکاری لەم دۆخەدا لە قەیرانی «اشباح»بوونی زانکۆ و داماڵینی زانکۆ لە کولتووری زانستی چەقیوە.

دەرەنجام زانکۆ لە خزمەتی سیاسەتی بازاڕی ڕێژیمدایە و بایەخەکانی زانکۆ دەگۆڕێن بۆ مەدرەکگەرایی کە فەزایەکی تاقەتپڕووکێنی بۆ خوێندکار بەدی هێناوە کە ڕێگای لە چالاکیی خوێندکاران گرتووە.

لە وەها حاڵێکدا بزاڤی خوێندکاری کورد سەرلەنوێ دەبێت لەبەرامبەر دۆخی هەنووکەیی ڕەسالەتی مێژوویی خۆی، کە هەمان لۆژیکی ڕەخنەگرانەیە، هەوڵی گۆڕانکاری بدات. کارکردی خۆی لە فەزایەکی داخراو و ئاسنین بۆ فەزایەکی گشتیتر و پانتایی کۆمەڵگا بگوازێتەوە و لەم ڕێگەیەدا کە بزاڤی خوێندکاری دەبێتە پرسگر و دیاردەیەکی ڕزگاریخواز بە دارشتنەوەیەکی نوێ لە فیگۆری خوێندکاری و ئەرکی خوێندکاری پراکتیستی ڕەخنە خستنەسەری دەسەڵات و ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامبەر سیاسەتی ئەوان.

**ـ چ پەیوەندییەک لە نێوان خوێندکاران و شۆڕشی کوردی هەیە؟ خوێندکاران و زانکۆ چۆن دەتوانن یارمەتیدەری پێشمەرگە و پاڵپشتی شاخ بن؟**

بەپێی گۆڕانکاری ئەرک و کارکرد و گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەوری خوێندکارانیش گۆڕاوە، هەربۆیە ئەم مەسەلەیە بۆ خوێندکاری کوردیش لەئارادایە و دەبێت ئەم ڕاستییانە دەرک بکەین کە بەپێی توانا و کەرەستەکان لە وزە و هێزی مرۆیی کۆمەڵگای کوردی لە شۆڕشدا کەڵک وەربگرین. فیگۆر و ئایدیای هاوبەشی خوێندکاری کورد و خەباتی پێشمەرگانە لە سەر ئەساسی مافویستی و لە بەرامبەر ئەویتری خۆی داوای ئازادی و ماف دەکات و ئەم بابەتە جیاوازیی و ناتەبایی لە نێوان چەمکی خوێندکار و پێشمەرگەدا نییە. کاتێک باس لەسەر نەتەوە و شوناس، ئازادی و ڕزگاری، یەکسانی و دادپەروەری دەکەین باس لە داوای هاوبەش، ژین-جیهانی هاوبەش و لۆژیکی هاوبەش دەکەین لە مێژووی خەباتی گەلی کورد خوێندکاران لە مێعمارانی تێئۆریزەکردنی خەباتی پێشمەرگانە بوون و بەشێکی بەرچاوی ئەم خەباتەن. کاتێک دەگوترێت کوردستان سەنگەری ئازادییە لێرەیە کە قەڵەم بەدەستان، خاوەن فکران و هونەرمەندان دەبێت ڕۆڵی مێژوویی خۆیان بۆ پەرەسەندنی بیری ئازادی بە ئەخلاقی بەرپرسیارانە ئەنجام بدەن و پراکتیسی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات لەبەرامبەر سیاسەتی کۆلۆنیالیستی وەکوو ئەرکێکی سەرەکی خۆیان پێناسە بکەن. بزاڤی خوێندکاری لە کوردستان زۆرتر لەگەڵ بیرۆکەی خزمەتکردن بە شۆڕشی کوردستان و گۆڕینی دۆخی داسەپاوی گەلی کورد خۆی پێناسە کردووە.

**ـ ئێمە ئێستا مامۆستای زۆرمان لە زانکۆکانی ئێران و ڕۆژهەڵات هەیە، پەیوەندی ئەم مامۆستایانە لەگەڵ بزاڤی خوێندکاری چۆنە؟ ئایا پاڵپشتی خوێندکارانن؟**

ئێمە لەگەڵ هەڕەشە و هەر چەشنە سیاسەت سڕینەوەیەک لە زانکۆکاندا بەرەوڕووین، هەر شتێک کە ئایدیۆلۆژی سیستمی زاڵ و باڵادەست پەیڕەوی دەکات و هێمای زانکۆی سەردەمی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستییە بەشێوازێک تەگەرە لە بەردەم کاریگەری بەکەڵک وەرگرتن لە زانستە. گۆڕینی ئەرک و پێگەی زانکۆ، گۆڕانکارییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و بەجیهانیبوونە هەموو جومگەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتیمانی تەنیوە هەربۆیە پەیوەندی مامۆستا و خوێندکاریش لە بەستێنی وەها زانکۆیەکدا دەچێتە ژێر پرسیار.

ئەمە پرسێکی لەمێژینەیە کە خوێندکاران چاوەڕوانی لە مامۆستاکانیان هەیە لە بزاڤە خوێندکارییەکاندا پاڵپشتیان بن؛ لە میکانیزمی زانکۆدا نابێت مامۆستا و خوێندکار لە دوو دوورگەی دوور لە یەک بژین بێگومان گۆڕانکارییەکانی نێو زانکۆکانی ئێران و ڕۆژهەڵات کە لە سەرەوە باسمان لێکرد لەسەر ئەرک و ڕۆڵی مامۆستایانیش باندۆری ڕاستەوخۆی هەبووە؛ لە یادمە لە زانکۆی سنە چەند ساڵ پێش خوێندکارێک نامەیەکی ئاوەڵای بەنیسبەت ئەرکی مامۆستاکانیان نووسی کە ئەودەم باسی زۆری لێکرا هەربۆیە ناکرێت باس لە بزاڤی خوێندکاری بکەین بەڵام مامۆستایان پاڵپشتی خوێندکارانیان نەبن.

**ـ ئایا دەکرێت و باشتر نییە وەک ئەنجوومەنە ژینگەپارێزی، فەرهەنگییەکان لە ڕۆژهەڵات بنکەی زانستیی دابمەزرێن بۆ بڵاوکردنەوە و هێنانەئارای خوێندنەوە و ڕوانگە و شکاندنی ئینحساری زانستی لە ڕۆژهەڵات؟**

ئەمڕۆکە دامەزراندنی ناوەندە زانستییەکان یان ئەنجوومەنە فکری و گۆڤارە زانستییەکان بەتایبەت زانستە مرۆییەکان لەپاڵ زانکۆکاندا باوە هەرچەند ئەم ناوەندانەیش یاساوڕێسای تایبەت بە خۆیان هەیە، دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتیش هاوشێوەی ئەو ئەنجوومەنە زانستییانەمان هەبێت بۆ ئەوەی وردتر و بەشێوەی ڕێکخراوەیی لەسەر پرسە گرێدراوەکان بە ژینگەی کوردستان هێڵە فکری و نەریتە فیکرییەکان گەشە بکەن. ناوەندە زانستییەکان لەگەڵ ئەنجوومەنە فەرهەنگی و ژینگەپارێزییەکان و هتد.. لەڕووی ئەرکی مەعریفەتناسانە و ئەرکی سیاسی جیاوازییان هەیە، لە سەردەمی مۆدێرنیتە و دامەزراندنی زانکۆ، ئامانج و ئەرکی مێژوویی و میکانیزمی زانکۆ لە ناوەڕۆک و فۆرم جیاوازی بناغەیی هەبوو لەگەڵ هەر جۆرێکی تر لە پێکهاتەکانی تری نێو کۆمەڵگا. بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕە ئابووری - کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانکاری زانکۆکان دۆخی تایبەت هاتووەتە ئاراوە. زانست لە زانکۆکانی ئێران لە ژێر ڕکێفی ئۆلیگاریشی و ناوەندی چاپ و بڵاوکراوەکانی کتێب و تاقمێک ئیلیتە کە ناوەندە ئەکادیمیاکانیان بەلاڕێدا بردووە، ڕێژیم دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی لەسەر دانان و لابردنی ئەکادیمیسیینەکان دەکات؛ دابەزینی ئاستی زانست بۆ موهەندیسی کۆمەڵگا، دەرکردنی وتارگەلی زۆر کە بازاڕی فرۆشتنی وتاری «ئایئێسئای» زۆر کردووە.

هەموو ئەم لێکەوتانە و بوونی دەسەڵاتی داگیرکەر وای کردووە کە ئەکادیمیسیینە کوردەکانیش لە کێشە و گرفتەکانی بە دوور نەبن.





ئەمساڵ ٥٤ ساڵ بەسەر شەهیدکرانی پۆلێک لە خەباتکارانی ڕێگای ئازادی گەل و نیشتمان، شەهیدان مەلا ئاوارە، سمایل شەریفزادە، سلێمان موعینی، حوسێن ڕەحمان ڕابی، میرزا محەممەد ئەستی، عەلی عەولا کۆڵی و چەندین هاومەتەریزیان تێدەپەڕێ؛ لەم یادەدا چەند نموونە لە شێعرەکانی مامۆستا هێمن موکریانی کە بەشێکیان بۆ یادی ئەم ئازیزانە هۆنراوەتەوە، دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی لاپەڕەی ئەدەب و هونەر.



## شەو و شەیتان

ئەستێرە یەک یەک ڕاخوشین
ڕەش هەڵگەڕا ئاسمانی شین
هەورێک شۆڕابەی بەرداوە
دەڵێی لە قیریان وەرداوە
تاریکانە، شەوەزەنگە
وڵات بێ هەست و بێ دەنگە
گۆڕستانی خامۆشە شار
تێیدا نەماوە زیندەوار
نە ڕادەژێ گەڵای دارێک
نە دێ هەستی پێی ڕێبوارێک
هەرچی کۆڵان و شەقامە
دەڵێی کاولاشی بەسامە
دنیا دەریای بێ شەپۆلە
لاو داماوە، جێژوان چۆلە
پەردەی کۆشکان دادراوە
ڕۆچنەی کۆختانیش گیراوە
لە تالار و سەر سەرایان
بڕا تروووسکەی چرایان
شەمی سەرچاکیان لابردن
مردووش هێندەی دیکە مردن
دامرکا، بوو بە ژیلەمۆ
لە ناو ئاورگاندا پشکۆ
ژیان ڕووگرژە و مچ و مۆڕ
دێ بۆنی کفن و تات و گۆڕ
شەو زرینگاوە، ڕاشکا
شەیتان سامی لە خوا شکا
کەڵپی خوێناوی گڕ کردن
فریشتەی پشووبڕ کردن
خەم و خەفەت دادەبێژێ
شادی و ئازادی دەنێژێ
داسی مەرگ و نەمان دەسوێ
هەوەڵ گەوزی داوێتە کوێ؟
دێن و دەچن بە ئەسپایی
لە چوارچرا چەند تارمایی
خێوی شەو و خودای شەڕن
بێچووە شەیتانی بەدفەڕن
ئاخ، دیسان سێدارە چەقی
کوردی چۆ بن لەسەر هەقی
لەپڕ دەنگێکی نێرانە
نرکەی کوڕانە و شێرانە
پەردەی بێدەنگی دادڕاند
خەوالووی لە خەو ڕاپەڕاند
خەڵک هەمووی ئەو دەنگەی بیست
دەیگوت «پێشەوای» خۆشەویست:
کە من مردم کورد نامرێ
دەس لە خەبات هەڵناگرێ
هارووژا وەکوو پوورەی هەنگ
«مەهاباد» گۆڕخانەی بێ دەنگ
لە دەوروبەری چوارچرا
هەزاران سەر لە قوڕ نرا
کام نازداری شۆخ و جوانە
دای لە خم لکی کۆڵوانە
لە چاوی کیژی مل بەکوێن
بەخوڕ دەهات فرمێسکی خوێن
شۆڕەلاو هاتە کۆڕی شین
ئەویش سۆرانی کردن شین
پیرەپیاو بانگ دەکا ڕۆڵە
لەبیر نەکەن تۆڵە، تۆڵە
تێکڕا دەڵێن درشت و ورد:
کورد نەمرد، پێشەواش نەمرد
با تەرمیشی بفرێتە گڵ
چۆن یادی دەردەچێ لە دڵ؟

***

شادبە ئەی پێشەوای نەمر
هەتن ڕۆڵەی ئازا و خوێنگر
بۆ فیداکاری ئامادەن
ڕێگای ڕاستی تۆ بەرنادەن
پەڕکووری ڕق ئەستوورە کورد
لەسەر تۆڵەی تۆ سوورە کورد
کچ و کوڕ و ژن و پیاوی
دەکا خەباتی خوێناوی
تا مافی ڕەوای دەستێنێ
ئاواتی تۆ وەدی دێنێ

## کاروانی خەبات

زەردە پەڕی، سوور بوو ئاسۆ
خەریک بوو سێرە هەڵگیرێ
لەباتی قاسپە قاسپی کەو
دەهات قرمژنی شێست تیرێ
ئاوری بەردەدا لە بەندەن
گڕی خومپارە و بازووکا
کام گوڵ گەش بوو، کام گیا شلک
بەو بڵێسە هەڵدەپرووکا
داوەستا لەو خڕ و شیوە
دووکەڵ و بۆگەنی باروت
نەمامی ناسک و ساوا
بەدەسرێژ دەبوونە بزووت
دەیشێلا هەڵاڵە و سوێسن
ناڵچەی پۆتینی ژاندەرم
نێرکی بیزا و مەندۆکیتەڕ
دەپەڕین بەگوللەی گەرم
کێوی لە حەوت کێوان تەقین
هەڵۆ دای لە شەقەی باڵان
کەروێشک تەماڵی هەڵگرت
ڕێوی خوشی بۆ کەندالان
کۆترە شینکەی قەدی شاخی
لوور بوونەوە ناو ئەشکەوت
سوێسکە لە بن پنچک خزا
چۆلەکە لە جریوە کەوت
خۆی لە ڕەندۆڵان هەڵکێشا
لە ترسان مار بەپەلەپەل
لە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمانێ
دیاری دا تارمایی خەرتەل
هەر چوار تەنیشتی گیرابوو
لە سەنگەرێکدا بەتەنێ
ئەو لاوەی بەڵێنی دابوو
هەتا مردن چەک دانەنێ
پشوو سوار و گەروو وشک
گەرم ببوو چەکی دەستی
بەڵام هێشتا نەلەرزیبوو
دڵی پڕ لە هیوا و هەستی
هەرچەندە ئاڵقەی گەمارۆ
هەر وا دەهات تەنگتر دەبوو
ئەستێرەی هیوای دەدرەوشی
تا وەخت درەنگتر دەبوو
پەندی کوردانەیە و کۆنە
کە شەو قەڵاتی مێرانە
هەروا تاریکان پەیدابا
دڕی پێ دەدان شێرانە
ڕووناکبیرێکی تا ئێمڕۆ
دەچوو بەرەو ئاسۆگی ڕوون
ئێستا هیوای بە بوولێڵ بوو
بۆ لە گەمارۆ دەربازبوون
بڵێسەی دا لوولەی چەکێک
تێک هەڵگلا لاوچاکی کورد
ئەفسەر یەک بەخۆی قیژاندی
بە پیش بە پیش گلولە خورد
لەبن پەسیوان دەرپەڕین
هێزی ڕەش و ئەهریمەنی
دێرا بەخوێنی شەهیدێک
«کوردستان» مێرگ و چیمەنی
دیسان خوێنی قارەمانێک
نەخشاندی ڕێگای ڕزگاری
دیسان لاپەڕێکی ڕەشتر
کەوتە سەر مێژووی زۆرداری
دوا نیگای بریە لای ئاسۆ
بەمۆلەق ڕاوەستا چاوی
شنەبای شەو هات ئەستری
وەک پەنجەی جوانێک جواناوی
لەناو خوێندا دەتلێنەوە
لاوی بەزیپک و بەسبات
بەڵام هەروا دەچێتە پێش
بێ وچان کاروانی خەبات

## گاو و گەردوون

شەتەک درا لە دار درەنگانی شەو
لاوێک لەسەر ڕزگاربوونی وەتەنی
وێڕای تەقەی دەسرێژی دەستەی ئاگر
دێوەزمەی ڕەش دەیگوت و پێ دەکەنی:
جێژنی شایان گاو و گەردوونی دەوێ
خوێنی گەش و فرمێسکی ڕوونی دەوێ
هەڵوەری فرمێسکی دڵسۆزانی گەل
خوێنی شەهید ئاڵی کردەوە وڵات
بەڵام لەگەڵ شین و شەپۆڕ و گریان
بۆڵە بۆڵی دێوەزمەکە هەر دەهات:
جێژنی شایان گاو و گەردوونی دەوێ
خوێنی گەش و فرمێسکی ڕوونی دەوێ
گوللەی ستەم دابێژدابێژی دەکرد
سەری پڕ ئەوین و دڵی پڕ لە هەست
لە گۆڕستانی کۆنی پێرس پۆلیس
خوێن دەڕشاوە و دەیخوێند کوندی شوومی مەست:
جێژنی شایان گاو و گەردوونی دەوێ
خوێنی گەش و فرمێسکی ڕوونی دەوێ

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No :822 • 5 May 2022

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia


**«ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان. ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٤٠١ هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران .**

**ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.**

### دەستبەسەرکردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی سێشەممە ٦ی بانەمەڕ، پێنج چالاکی کورد بە ناوەکانی «حەسەن عێزەتی»، «نیشتمان ڕەحمەتی»، «سەعید محەممەدی»، «پەروین عەبدوڵڵاپوور» و «عومەر سلێمانی» خەڵکی شاری بانە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کران. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی کرێکاران، هێزە ئەمنییەتییەکان سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ٦ی بانەمەڕ، هێرشیان بردووەتە سەر ماڵی ئەو ٥ چالاکە کوردە و ئەوانیان بەبێ بەڵگەی یاسایی دەستبەسەر کردووە. /ڕۆژی سێشەممە ٦ی بانەمەڕ، دوو چالاکی کرێکاری بە ناوەکانی «ئەفشین ڕەحیمی» و «فاتێح مەجیدی»، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کران. هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی هێرشیان بردووەتە سەر ماڵی ئەو دوو هاووڵاتییە و هەوڵی دەستبەسەرکردنی ئەوانی دابوو./ ڕۆژی شەممە ١٠ی بانەمەڕ، عوسمان ئیسماعیلی، چالاکی کرێکاری خەڵکی سەقز، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرا. مەحموود ساڵحی، چالاکی کرێکاری لەو بارەیەوە ڕایگەیاندووە: «نزیک ١١ کەس لە مەئموورانی لیباس شەخسی هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی عوسمان ئیسماعیلی و وێڕای پشکنینی ماڵەکەی، هێندێک کەرەستەی شەخسیی ناوبراویان لەگەڵ خۆیان بردووە»./ ئەسکەندەر لوتفی، شەعبان محەممەدی و مەسعوود نیکخا، لە ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان - مەریوان، نیوەشەوی ڕابردوو، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کران. ئەو سێ چالاکە سێنفییە پاش دەستبەسەرکرانیان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون. دەستبەسەرکردنی ئەو سێ چالاکە سێنفییە لە کاتێکدا ڕووی داوە کە ئەمڕۆ یەکشەممە ١١ی بانەمەڕ کۆبوونەوەی سەرتاسەری مامۆستایان بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکانیان لە ئێران و کوردستان بەڕێوە دەچێت.

### بانگهێشتکردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئەمنییەتییەکان:

ڕۆژی چوارشەممە ٧ی بانەمەڕ، «غوڵامڕەزا شەریفە» مامۆستای خانەنشینکراو و لە چالاکانی فەرهەنگیانی سنە، بانگهێشتی ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کرا و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا. ئەو مامۆستایە لە ڕێگای پەیوەندیی تەلەفۆنییەوە بانگهێشتی ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە کراوە و ناوبراو لە پەیوەندی لەگەڵ کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی مامۆستایان، بە تۆمەتی دابینکردنی پلاکارت بە مەبەستی پشتیوانی لە زیندانییانی سێنفی و سیاسیی (شەعبان محەممەدی و ڕەسوڵ بوداقی)، بانگکردن و دەعوەتکردن لە مامۆستایان و بنەماڵەی قوتابییەکان لە سنە، داکۆکی لە مافی کرێکاران و کرێکارانی زیندانی و هەڵگرتنی بینێر، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لێپرسینەوەی لێ کرابوو. ڕۆژی هەینی ٩ی بانەمەڕ، ئارمین شەریفە، چالاکی کرێکاری بانگهێشتی ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کرا و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا. ئەو چالاکە کرێکارییە لە ڕێگای پەیوەندیی تەلەفۆنییەوە بانگهێشت و هێزە ئەمنییەتییەکان ناوبراویان لە پەیوەندی لەگەڵ کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بانگهێشت و هەڕەشەی لێ کرابوو.

دۆسیەی ٩ کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان (سەقز و زیویە) بە ناوەکانی «ئاوات ڕەزەوی، لەیلا عینایەتزادە، تاهیر حامیدی، تاهیر قادرزادە، ئامانج ئەمینی، عەزیز مەرزی، ئەحمەد قادری، خالید عەبدوڵڵاهی و سلێمان عەبدی» بۆ دادسەرای گشتی و ئینقلابی سەقز نێردرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، دۆسیەی ئەو ٩ چالاکەی سێنفیی مامۆستایانی قوتابخانە پاش بەشداریان لە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی مامۆستایان لە بەرامبەر ئیدارەی پەروەردەی پەروەردە و بارهێنانی سەقز بۆ دادسەرای گشتی و ئینقلابی ئەو شارە نێردراوە.

ڕۆژی یەکشەممە ١١ی بانەمەڕ، پاش بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیی مامۆستایان، حیراسەتی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی بانە ژمارەیەک لە چالاکانی سێنفیی مامۆستایانی قوتابخانەی بانگهێشت کرد. بە وتەی یەکێک لە مامۆستایانی شاری بانە، عەلیڕەزا موەحدی، بەرپرسی حیراسەتی پەروەردە و بارهێنانی بانە، لە پەیوەندییەکی تەلەفوونی لەگەڵ بەرپرسانی قوتابخانەکان، هەڕەشەی لەو مامۆستایانە کردووە کە لە کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکاندا بەشداریان کردبوو.

### مانگرتنی زیندانیان:

لە ڕۆژی سێشەممە ٦ی بانەمەڕ، سۆعدا خەدیرزادە خەڵکی پیرانشار کە دوو گیانە و دەستبەسەر کراوە لە بەندی «نسوان»ـی زیندانی ورمێ، مانی لە خواردن و دەوا و دەرمان گرتووە. یەکێک لە نزیکانی ئەو هاووڵاتییە بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاندووە: «سۆعدا خەدیرزادە بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بەهۆی نارۆونی چارەنووسی، دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردن و دەوا و دەرمان».

### بێسەروشوێنکردنی هاووڵاتییان:

سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵ، هێزە ئەمنییەتییەکان هاووڵاتییەکی کوردیان بە ناوی «کەیوان ڕۆستەمی» کوڕی عەلی ئەکبەر خەڵکی گوندی «مێراو» سەر بە شاری سنە دەستبەسەر کرد. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو هاووڵاتییە تەمەن ٢٧ ساڵەیە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، لە پەیوەندییەکی کورتی تەلەفۆنییدا بە بنەماڵەکەی ڕاگەیاندووە کە لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە دایە. بە وتەی ئەو سەرچاوەیە، بنەماڵەی ڕۆستەمی هەتا پێش لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە هیچ زانیارییەک لەسەر چارەنوس و تەندروستیی کوڕەکەیان نەبووە.

### تەقەکردن لە هاووڵاتییان:

ڕۆژی سێشەممە ٦ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «کەماڵ بایەزیدپوور» کوڕی خالید خەڵکی گوندی «دربکە»ی شاری پیرانشار، لە ئەنجامی تەقەی مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکان لە جادەی پیرانشار- مەهاباد پێکرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکان بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو، تەقەیان لە ماشینی ئەو هاووڵاتییە کوردە کردووە و لە ئاکامدا ئەو هاووڵاتییە لاقی بریندار کراوە. مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکان بە گومانی پێبوونی شتومەکی قاچاخ تەقەیان لە ماشینی ئەو هاووڵاتییە کوردە کردووە.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٦ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی «عوسمان وەیسی» تەمەن ٣٢ ساڵ کوڕی خواکەرەم و خەڵکی گوندی «گوڵچێر» و «کەیوان» ناسراو بە «کەیوان کەڵەوێنجەیی» خەڵکی شاری مەریوان، بە تەقەی هێزەکانی سپا بریندار کران. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە بەهۆی تەقەی هێزەکانی سپا لە نزیک گوندی «حەسەن ئاوڵە» تەقەیان لێ کراوە و بە سەختی بریندار بوون. ئەو سەرچاوە ئاگادارە هەروەها ئەوەشی خستەڕوو: «هێزەکانی سپا لە نزیک گوندی حەسەن ئاوڵە ویستبوویان دەست بەسەر کەرەستەی ئەو دوو هاووڵاتییەدا بگرن و پاش دەمەقاڵێ، بە چەکی تاپر، تەقە لە عوسمان وەیسی دەکەن و دواتر بە چەقۆ هێرشیان کردووەتەوە سەر کەیوان کەڵەوێنجەیی».

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی خاکەلێوە، «ئارش نووری» کۆڵبەرە برینداربووەکەی خەڵکی گوندی «کەلاشی لوولم» سەر بە شاری جوانڕۆ، بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە، لە نەخۆشخانەی تاڵقانیی کرماشان گیانی لەدەست دا. ئەو کۆڵبەرە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نەوسوود، سەری پێکرابوو./ ڕۆژی پێنجشەممە ١ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئەفشار دەربازی» کوڕی حاتەم خەڵکی گوندی «هێیە» سەر شاری شنۆ بەهۆی جەڵتەی دڵ لە سنووری ئەو شارە گیانی لەدەست دا. ئەو کۆڵبەرە کوردە لە ئەنجامی ڕاودوونانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری ئەو شارە تووشی جەڵتەی دڵ ببوو./ ڕۆژی پێنجشەممە ١ی بانەمەڕ، سێ کۆڵبەر خەڵکی شارەکانی جوانڕۆ و کامێران، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی و بەربوونەوە لە بەرزایی لە سنووری شووشمێ بریندار بوون. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی «محەممەد فەخری» خەڵکی شاری جوانڕۆ و «هوشەنگ کەریمی» خەڵکی شاری کامێران، بەهۆی ڕاودوونانی هێزە نیزامییەکان حکوومەتی لە بەرزایی بەربوونەوە و لاق ودەستیان شکاوە. ئەو سەرچاوەیە هەروەها ئەوەشی خستە ڕوو کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی «دانا ڕەحمەتی» خەڵکی جوانڕۆ، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکان، پێکرا./ ڕۆژی هەینی ٢ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «مەیسەم شەفیعی» خەڵکی گوندی «کۆزەران»ـی شاری کرماشان، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی لە سنووری نەوسوود بریندار بوو. ئەو کۆڵبەرە لەو ڕووداوە قولاپەی پێی شکا و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی ناوەندێکی دەرمانی کرا./ ڕۆژی شەممە ٣ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئیسماعیل سەبۆکڕوو» خەڵکی شاری ڕوانسەر، بە گوللەی ساچمەیی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری شووشمێ بریندار کرا. / ڕۆژی شەممە ٣ی بانەمەڕ، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە ژمارەیەک لە کۆڵبەران، کۆڵبەرێک بە ناوی «ئیحسان کەرەمی» خەڵکی شاری سەلاسیباوەجانی لە سنووری نەوسوود پێکرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە لەو ڕووداوەدا دەستی پێکراوە و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانی کراوە. هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو تەقەیان لەو کۆڵبەرە لەگەڵ ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی دیکە کردبوو.

کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «مەسعوود مەحموودی» ٣٢ ساڵە و کوڕی «سەعید»، خەڵکی گوندی «سێوەڕ»ی مەریوان، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نەوسوود بریندار بوو. هێزە نیزامییەکان بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو تەقەی ڕاستەوخۆیان لەو کۆڵبەرە کردووە. باسکی ڕاستی ناوبراو بەسەختی بریندار کراوە./ ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٨ی بانەمەڕ، دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی «ئومید یوونسی» و «موختار شامورادی» خەڵکی شاری سەلاسباوەجانی لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە گوللەی تاپر لە سنووری نەسوود پێکران.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ١٠ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سەفەر سوبحانی» کوڕی حەیدەر، خەڵکی گوندی «دووریسان»ـی شاری پاوە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا. ڕۆژی شەممە ١٠ی بانەمەڕ، دوو کۆڵبەری مێرمنداڵ بە ناوەکانی «فەرهان مینایی» تەمەن ١٥ ساڵ و «ڕامین باواجانی» تەمەن ١٦ ساڵ خەڵکی شاری سەلاسباوەجانی، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری نەوسوود بریندار کران. / سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ١٠ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «فەرشید قادریزادە» خەڵکی گوندی «دشە»ی شاری پاوە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری نەوسوود، بریندار کرا. هێزە نیزامییەکان بە گوللەی ساچمەیی تەقەیان لەو کۆڵبەرە کوردە کردووە. / ڕۆژی شەممە ١٠ی بانەمەڕ، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «موبین حامیدی» خەڵکی گوندی «دشە»ی پاوە و «فەلاح عەزیزی» خەڵکی شاری سەلاسباوەجانی بە تەقەی هێزە نیزامییەکان، بریندار کران. سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ١١ی بانەمەڕ، دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی «ئومید حەبیبی» تەمەن ٢٧ ساڵ و «زانکۆ خوسرەوی» تەمەن ١٩ ساڵ خەڵکی شاری ڕوانسەر، بەتەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری نەوسوود پێکران.

### بەڕێوەچوونی دادگا بۆ مەحکوومکردنی هاووڵاتییان بە زیندان:

مامۆستا «محەممەدمیرزا ڕەحمانی» کوڕی دەرویش محەممەدئەمین تەمەن ٤٨ ساڵ، «سیروان قوربانی» کوڕی مەحموود تەمەن ٣٨ ساڵ، «بورهان کەمانگەر» کوڕی عەلی تەمەن ٣٣ ساڵ و «حیشمەت (ئامانج) قوربانی» کوڕی ئەحمەد تەمەن ٣٧ ساڵ، چوار هاووڵاتیی ناڕازی بەنیسبەت لە سێدارەدانی حەیدەر قوربانی، لەلایەن لقی ١٠١ دادگای کەیفەریی ٢ی شاری کامێران، هەر کامەیان بە ٩١ ڕۆژ زیندانی بە هەژمارکردنی ماوەی دەستبەسەریی پێشوویان، مەحکووم کران. دادگا ئەو چوار هاووڵاتییە «کامێران»ییەی بە «پڕۆپاگەندە دژی نیزام لە بەرژەوەندیی یەکێک لە حیزبە کوردییەکان» تۆمەتبار و ئەو حوکمەش ڕۆژی شەممە ٢٧ی خاکەلێوە، بەو چوار هاووڵاتییە ڕاگەیەندراوە. / ڕۆژی چوارشەممە ٧ی بانەمەڕ، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «مێقداد حەسەن نژاد» کوڕی ساڵح، «زەمانە زیویە» کچی ئەحمەد و «محەممەد سەلیمی» کوڕی عەبدوڵڵا، لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی سەقز بە سەرۆکایەتی دادوەر «جەواد مستەفایی» سەرجەم بە ٢٧ مانگ زیندان مەحکووم کران و هاووڵاتییەکیش بە ناوی «کاوە ڕەشیدزادە» بێ تاوان ناسێندرا. دادگا ئەو چوار هاووڵاتییەی بە «تەبلیغ و ئەندامەتی لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران» تۆمەتبار کردووە.

### ئازادکرانی زیندانیان:

ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی خاکەلێوە، شەمزین محەممەدی زیندانیی سیاسی، خەڵکی گوندی «ئاڵیکەند»ی شاری بۆکان، پاش تەواوبوونی ماوەی زیندانییەکەی لە زیندانی ئەو شارە ئازاد کرا. ئەو هاووڵاتییە ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٠ ئیزنی مەرەخەسیی پێدرابوو و ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی ڕێبەندانی هەمان ساڵ پاش تەواوبوونی ماوەی مەرەخەسییەکەی گەڕایەوە بۆ زیندانی ئەو شارە./ ڕۆژی پێنجشەممە ١ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئارش منبەری» کوڕی حوسێن خەڵکی گوندی «نییەر» سەر بە شاری سنە، پاش ١٥٧ ڕۆژ لە دەستبەسەری بە دانانی بارمتە لە زیندانی ئەو شارە ئازاد کرا. ئەو هاووڵاتییە بە دانانی بارمتەی ٨٠٠ ملیۆن تمەنی هەتا کاتی دادگاییەکەی بە شێوەی کاتی لە زیندانی سنە ئازاد کراوە. ڕۆژی یەکشەممە ٤ی بانەمەڕ، «گوڵاڵە مورادی» هاووڵاتیی خەڵکی شاری پیرانشار، پاش ساڵێک و ٧ ڕۆژ دەستبەسەری بە شێوەی کاتی بە دانانی بارمتە لە زیندانی ورمێ ئازاد کرا. ئەو هاووڵاتییە بە دانانی بارمتەی ٤٠٠ ملیۆن تمەنی هەتا کاتی دادگاییەکەی بە شێوەی کاتی ئازاد کراوە./ ڕۆژی یەکشەممە ٤ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەک بە ناوی «لەیلا ئیبراهیم نادری» کچی عومەر خەڵکی گوندی «سۆغالوو»ی شاری پیرانشار بە دانانی بارمتە لە زیندانی ورمێ ئازاد کرا. ئەو ژنە بە دانانی بارمتەی ١ میلیارد تمەنی هەتا کاتی دادگاییەکەی بە شێوەی کاتی لە زیندانی ورمێ ئازاد کراوە. ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٧ی خاکەلێوە، لەیلا ئیبراهیم نادری بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر و بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی گرتنگەی ئیتلاعاتی سپا لە شاری پیرانشار کرابوو.

ڕۆژی پێنجشەممە ٨ی بانەمەڕ، فواد عینایەتی دوایین دەستبەسەرکراوی ڕێوڕەسمی نەورۆزی سنە، دوای ٣٧ ڕۆژ دەستبەسەری بە دانانی بارمتە، لە زیندانی ئەو شارە ئازاد کرا. ئەو هاووڵاتییە بە دانانی بارمتەی ٦٠٠ ملیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی هەتا کاتی دادگاییەکەی لە زیندانی سنە ئازاد کراوە. ڕۆژی دووشەممە ١ی خاکەلێوە، هێزە ئەمنییەتی و هێزەکانی دژە شۆڕش، هێرشیان کردە سەر ڕێوڕەسمی نەورۆز لە پارکی منداڵ (پارکی نەورۆز) و «فواد عینایەتی»یان دەستبەسەر کردبوو.

ڕۆژی شەممە ١٠ی بانەمەڕ، پەیام منبەری، هاووڵاتیی خەڵکی گوندی «نییەر» سەر بە سنە، پاش ١١١ ڕۆژی دەستبەسەری بە دانانی بارمتە لە زیندانی ئەو شارە ئازاد کرا. ئەو هاووڵاتییە بە دانانی بارمتە ٨٠٠ ملیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی لە زیندانی سنە ئازاد کراوە./ ڕۆژی یەکشەممە ١١ی بانەمەڕ، جەماڵ مروەتی هاووڵاتیی دەستبەسەرکراوی خەڵکی شاری بانە، پاش ١٧١ ڕۆژ لە دەستبەسەرکرانی کاتی بە دانانی بارمتە لە زیندانی سنە ئازاد کرا. ئەو هاووڵاتییە کوردە بە دانانی بارمتەی ٨٠٠ ملیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی هەتا کاتی دادگاییەکەی ئازاد کراوە./ ڕۆژی یەکشەممە ١١ی بانەمەڕ، شێرکۆ منبەری، زانیار منبەری و سیامەک ئارنگ، سێ هاووڵاتیی خەڵکی گوندی «نییەر» سەر بە شاری سنە، بە دانانی بارمتە لە زیندانی ئەو شارە، ئازاد کران. ئەو سێ هاووڵاتییە هەر کامەیان بە دانانی بارمتەی ٨٠٠ میلیۆن تەمەنی هەتا کاتیی دادگاییەکەیان لە زیندانی سنە، ئازاد کراون./ ڕۆژی یەکشەممە ١١ی بانەمەڕ، ڕەفیق پزیشکی و بێهزاد پزیشکی، دوو هاووڵاتیی دەستبەسەرکراوی خەڵکی شاری بانە، پاش ١٧١ ڕۆژ لە دەستبەسەری کاتیی بە دانانی بارمتە لە زیندانی سنە، ئازاد کران. ئەو دوو هاووڵاتییە هەر کامەیان بە دانانی بارمتەی ٨٠٠ ملیۆن تمەنی هەتا کاتیی دادگاییەکەیان بە شێوەی کاتیی ئازاد کراون./ ڕۆژی دووشەممە ١٢ی بانەمەڕ، سەلاح سورخی ئەندامی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان (سەقز و زیویە) بە دانانی بارمتە ئازاد کرا. ئەو چالاکەی سێنفیی مامۆستایان بە دانانی بارمتە هەتا کاتیی دادگاییەکەی بە شێوەی کاتیی ئازاد کراوە. ناوبراو ڕۆژی شەممە ١٠ی بانەمەڕ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کرابوو./ ڕۆژی دووشەممە ١٢ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ڕەحمەتوڵڵا ساڵحیان یازی بڵاغی» خەڵکی گوندی «یازی بڵاغی» سەر بە سەقز بە دانانی بارمتە لە زیندانی سنە ئازاد کرا. ئەو هاووڵاتییە کوردە بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی هەتا کاتی دادگاییەکەی ئازاد کراوە. ڕەحمەتوڵڵا ساڵحیان لە ماوەی دەستبەسەرکرانیدا لە «دەستپێڕاگەیشتن بە پارێزەر» و «چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵە» بێبەری کرابوو.

### مانگرتنی زیندانییان:

ئەسکەندەر لوتفی و مەسعوود نیکخا لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان ـ مەریوان لە کاتی دەستبەسەرکردنەوە دەستیان داوەتە مانگرتن. شورای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە سێنفییەکانی مامۆستایانی ئێران وێڕای پشڕاستکردنەوەی مانگرتنی «ئەسکەندەر لوتفی و مەسعوود نیکخا» ڕایگەیاندووە: «هیواداریـن ئەو ناوەندانەی ئەو دوو کەسەیان دەستبەسەر کردووە بە تێگەیشتن لەگەڵ ئەو بابەتە بجووڵێنەوە و ئەو دوو کەسە ئازاد بکەن».

### گیانلەدەستدانی گوماناوی هاووڵاتییان:

ڕۆژی یەکشەممە ٤ی بانەمەڕ، یەکێک لە پزیشکەکانی نەخۆشخانەی «تەوحید»ی سنە، بە ناوی «دوکتۆر محەممەد سادق واحیدی» بە شێوەی گوماناوی لە شوێنی کارەکەی گیانی لەدەست دا. ئەو پزیشکە لە بەشی ئورژانسی نەخۆشخانەی سنە بووە و پاش دوو ڕۆژ تەرمەکەی لە ژووری کارەکەی لەو نەخۆشخانەیە دۆزراوەتەوە.